هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە لە (دار الجماهیر)ەوە دەرئەچێ   تلفون : ـ٦٩٧٢١

نرخی ٢٠ فلسە   ژمارە (٣٥)   سالی دووەم   (٢)ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

لە هەفتەی ڕابردوودا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارەی دەرکرد . بڕیارێك لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە .

بەپێی ئەحکامی برگە (أ)ی مادەی ٤٢و برگە (هـ) لەمادە(٣٨)ی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکۆبونەوەی بەرواری ٢٨ـ٩ـ١٩٧١ بڕیاریدا بە :

یەکەم :

أ ـ لێبوردنی فریق و ڕکنی یەکەم صالح مهدی عماش لە ئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش .

ب ـ لێبوردنی لە پلەی جێگری سەرەك کۆمار .

ج ـ دانانی بەبالوێز لە دیوانی وەزارەتی دەرەوە .

دووەم :

أ ـ لێبوردنی فریق ڕکنی عبدالستار الشیخلی لەئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش .

ب ـ لێبوردنی لە پلەی وەزیری دەرەوە .

ج ـ دانانی بەنوێنەری هەمیشەی کوماری عیراق لە نەتەوە یەکگرتوەکان .

سێهەم :

لەگەڵ دەرچوونی ئەم بڕیارە جێبەجێ ئەکرێ .

احمد حسن بکر
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

سەرکردایەتی پارتی بەعس : ئەم پیلانە ئاراستەی بەیاننامەی ١١ ی ئاداری مێژوویی کراوە

شۆڕشی کورد لە پیلانی دوژمنان بەهێزترە

سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالستت لە بروسکەیەکی خێرادا کە بۆ پێشەوا مستەفا بارزانی ، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ناردوە، نارەزایی دەربڕیوەبەرامبەر ئەو پیلانەی کە ئێوارەی چوار شەممەی ڕابردوو گێڕرا بۆ لە ناوبردنی . ئەمەش تەواوی بروسکە کەیە :

لە سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالستەوە بۆ :

کاك مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان .

زۆر بەدڵ تەنگیەوە هەواڵی ئەو پیلانە نارەوایەمان پێگەیشت کەبو لەناوبردنتان گێڕرابوو ، کە تەنیا مەبەستی ئێوە نەبووە بەڵکو بن کوڵ کردنی بەیاننامەی ١١ی ئازارو ئەنجامەکانی . ئەو تەقەلا تاوانکارو نارەوایانەی لەدوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری مێژووییەوە تاکو ئیستا لە ئارادایە جا ئەوانەی ئاڕاستەی کەسانێك لە بزوتنەوەی کورددا یان کەسانێك لەحزبمانو دەزگای دەولەتدا ئەکرێت ، جمو جۆڵێکی ناپاکانەبوون ویستویانە باری ئاشتیانە بشالۆزێنن کە لە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری مێژووییەوە شاباڵی بەسەر وولاتدا کێشاوە .

ئەم پیلانانەش هەموی لەلایەن کەسانێکی داخ لە دڵو نۆکەرانی ئیمپریالیزمەوە ساز ئەکرێت بۆ بەربەست کردنی ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی سەرکەوتومان لەسای سێبەری شۆڕشی تەمووزی مەزندا . بەلام ویستو خواستی گەلەکەمان بەعەرەبو کوردیەوە زامنی گۆڕکردنی ئەم پیلانانەئەکەن . هیوادارین بە زوترین کات چۆنیەتیو تەواوی ڕووداوەکەمان پێبگەیەنن بۆ ئەوەی چیتان پێویستە یارمەتیتان بدەین .

سەرکردایەتی هەرێمایەتی
٣٠ـ٩ـ١٩٧١

وە بارەگای بارزانی بروسکەیەکی دەربارەی ڕوداوەکە ناردووە بۆ هەموو لقەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی ئەم هەواڵەی بیست پەیوەندی لەگەڵ هەندێ برایانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد .

لەلایەکی کەشەوە لەبارەگای بارزانی ڕاگەیانرابوو کە لە سەعات ٥ی ئێوارەی چوار شەممەی ڕابردوودا تاقمێك بەناوی سەردانەوە ویستویانە لەناوی بەرن . ئەم تاقمەش نزیکەی (٥٠) نارنجۆکی تەوقیت کراو هی تریان پێبووەو لە شوێنی چاوپێکەوتنو لەو نزیکەوەو لەناو ئوتومبیلەکاندا تەقیونەتەوە .

بروسکەکەی بارەگا سەلماندویەتی کە بارزانی ڕزگاری بووەو تەندروستیشی باشە ، بەلام سێ پێشمەرگە لە ڕووداوەکەدا شەهید بوونو (١٠)ی تریش بریندار بوون . وە هەندێ لە پیلانگێرەکانیش بەهۆی تەقینەوەی نارنجۆکەکانەوە کوژراونو ئەوانی تریش لەلایەن پاسەوانەکانەوە لەناوبراون . وەبروسکەکە وتویەتی :ـ

بۆ ماوەی سەعاتێك تەقەو تۆقی نارنجۆکو تەقەمەنییەکانی تر بەردەوام بووەو ئاگریشی بەرداوەتەوە .

ئا.د.ع

سەرەك بەکر پیشانگای بەغدا ئەکاتەوە

دوێنێ ئێوارە بەسەرپەرشتی سەرەك کۆمار احمد حسن البکر پیشانگای بەغدای دوەلی کرایەوە . وە سەرەك ، مرتضی سعید عبدالباقی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری ئابوری لەجیاتی خۆی نارد بۆ کردنەوەی ئەم پیشانگایە .

ئاهەنگی کردنەوەی پیشانگاکە لە هوڵی نەقابەی ئەندازیارانی عیراق گێرا ، بەئامادە بونی ژمارەیەك لە وەزیرانی ئابوریو بازرگانی وولاتانی عەرەبو وولاتە سوشیالستەکانو وەفدەکانی وولاتانی مێرنیشەکانی عەرەب .

ئەوەی شایەنی باسە لە پیشانگای ئەمساڵدا کە (٢١) ڕۆژ ئەخایێنێ ، (٢٠) وولاتی عەرەبو بێگانە بەشدار بوون کە سیانیان بۆ یەکەم جارە بەشدار ئەبن و بریتین لە: ئەفغانستانو هندو ئەسپانیا . وولاتەکانی تر ئەمانەن کۆماری میسری عەرەبی ، سوریا ، لوبنان ، کوێت ، نەمسا ، بلغاریا ، چیکوسلوفاکیا ، سیلان ، فەرەنسا ، ئەلمانیای دیمکراتی ، هەنگاریا ، کوریای دیمکراتی ، پولۆنیا ، پاکستان ، ڕۆمانیا ، یەکیتی سوڤیەت ، تورکیا .

دیسان (١٥٢) دەزگاو کۆمپانیای بێگانە بەشدار بوون لە (١٢) وولاتەوە کە بریتین لە فەرەنسا ، ژاپۆن ئەسپانیا ، سوید ، نروێج ، پورتگال ، هولندە ، دانمارك ، سویسرا ، بەریتانیا ، بەلجیکا ، ئرلندە .

لە عیراقیش (٥٠) کۆمپانیاو دەزگای کەرتی گشتیو (٤٦) کۆمپانیاو دەزگای کەرتی تایبەت بەشدار بوون .

هەروەها ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستین بۆ جاری یەکەم بەشدار بوە ، کە شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوەو پانایییەکەی (٢٤٢) مەتر چوار گۆشەیەو بەناوی لقی فەلەستینەوەیە .

بروسکەی (هاوکاری)

بۆ پێشەوا ـ بارزانی مستەفا ـ ی تێکۆشەر .

دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ـ هاوکاری ـ زۆر بە توندیەوە بێزاری خۆی دەرئەبڕێت بەرامبەر ئەو هەوڵە چەپەڵەی کۆنەپەرستو بەکرێگیراوو کاسەلیسان دایان بۆ لە ناو بردنتانو کپ کردنی دەنگی دلێرتان .

بۆ پێشەوە .. بەرەو بەتین کردنی خەباتو بەهێز کردنی شۆڕشی گەلی کوردمان .

بە دەستێکی ئاسنین لەو کۆنەپەرستو داخ لەدڵانە بدەن کە ژێرخستنی شۆڕشیان مەبەستە .

بژین بۆ کورد .. بژین بۆشۆڕش .

ـ هاوکاری ـ

کورتە هەواڵ

قوتابخانەی تایبەتی بۆ خوێندنی کوردی

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردن ، بڕیاری داوە دوو قوتابخانەی ئامادەییو یەکێکی تری ناوەندی لەکەرکوك بکرێنەوە بۆ خوێندنی کوردی .

بەمجۆرە ژمارەی قوتابخانەی ئامادەییو ناوەندی خوێندنی کوردی لە کەرکوك ئەگاتە دە قوتابخانە .

بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو ئیستا لەتوانای کردنەوەی شەش قوتابخانەی تری ئامادەیی ناوەندی کوردی ئەکوڵێتەوە کە لەوێ بکرێنەوە .

کردنەوەی ١٧ قوتابخانەی تری سەرەتایی بۆ خوێندنی کوردی لە کەرکووك

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی کەرکوك بڕیاری داوە کە (١٧) قوتابخانەی سەرەتایی تری تایبەت بەخوێندنی کوردی لە چەند شوێنێکی ناوچەکەدا بکاتەوە .

بەم جۆرە ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کوردیان تێیدا ئەخوێنرێو لە ١١ی ئازارەوە تاکو ئیستا کراونەتەوە بونەتە (١٩٦) قوتابخانە لە ناوچەکەدا .

ئا.د.ع

پەیامی هاوکاری

سەرکەوتووبێ شۆڕشی کورد

دەمێکە داخ لە دڵانو کۆنەپەرستانو دوژمنانی شۆڕشی گەلی کوردمان خەریکی کنەوپیلان گێرانن بۆ کپ کردنی دەنگی دێری شۆڕشوبزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوایەتیمان .. ئەویش لە ڕێگای هەوڵدانەوە بۆ کەرت کردنی شۆڕشو بزووتنەوەی نەتەوایەتیمانو دەست درێژی کردنە سەر تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوەیەو هەوڵدان بۆ لە ناو بردنیان ..

دووا هەوڵ .. کە هەرئەڵقەیەکە لە زنجیرەی تەقەللای دوژمنان بۆ سەر پێگرتنی ئەم مەبەستە گڵاوەیان ، ئەو هەوڵە بوو کە ئێوارەی ٢٩ی مانگی ڕابووردو دایان بۆ لە ناو بردنی پێشەوای بزووتنەوەی نەتەوایەتیو سەرکردەی شۆڕشی گەلی کوردمان ـ بارزانی مستەفا ـی تێکۆشەر .

دوژمنانو نۆکەرانی کۆنەپەرستان لایان وایە بەم کردارە چەپەڵو نەگریسانەیان بتوانن وزەی شۆڕشو بزووتنەوەی نەتەوەییمان پەك بخەنو لەو ڕێبازە لایبدەن کە چەندەها ساڵە گرتویەتە بەر بۆ وەدی هێنانی ئامانجو مافە نەتەوایەتییەکانی .

شۆڕشو ڕیزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەییمان گەلێك بە هێزو قایمترە لەهەوڵو تەقەللای کۆنەپەرستانو کاسەلێسانی دوژمن بە ڕزگاریو پێشکەوتنی گەلەکەمان ..

ڕۆڵە بە شەرەفەکانی گەلی کورد ، هەموو پێشکەوتوانو شۆڕشگێرانو تێکۆشەرە نەترسەکانی خاوەن بیری نوێو جەنگاوەرانی ڕێگەی سەرفرازی ئەمڕو لە هەموو ڕۆژێك زیاتر وە بەوپەڕی لە خۆبوردنو گیان فیداکارییەوە .. دەنگیان ئەخەنە پاڵ دەنگی زوڵاڵی شۆڕشو پەیمان ئەدەن سووتەمەنی ڕاستەقینەی شۆڕشو ڕێگای وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەل بن .

ئەو هەوڵە چەپەڵەی درا .. بەشێکە لەو هەوڵانەی دراو ئەدرێت بۆ سڕینەوەی مافە نەتەوایەتییەکانمان لە جێبەجێ کردنی حوکمی ئۆتۆنومیدا کە بە هەوڵو هیمەتی شۆڕشو پیاوانی دڵسۆز لە بەیاننامە مێژوویەکەی ١١ی ئاذاردا چەسپێنرا .

تەمەنی درێژ بۆ تێکۆشەری بەجەرگی ئەم چەرخەی نەتەوەکەمان ـ بارزانی مستەفا ـ

سەرکەوتنو بەرزێتی بۆ شۆڕشی گەلەکەمان . ڕیسواییو پێ شێل بوون بۆ کۆنەپەرستو کاسەلێسو دوژمنانی شۆڕشو گەل .

ئەواوکردنی کۆلیجی ئەندازیاری و چەند پرۆژەیەکی تر لە سلێمانی

هەفتەی ڕابوردوو دروست کردنی خانوی کۆلیجی ئەندازیاری دانیشگای سلێمانی کۆتایی هات کە ١٩٢ هەزارو ٨٣ دیناری تێچووە ، دیسان یانەی قوتابیانی دانیشگا کە ٤٥ هەزارو ٢١١ دیناری تێچووە تەواو بووە .

لەلایەکی کەوە بلاو کرایەوە کە هەفتەی ڕابوردوو دوکتۆر سیروان عبدالقادر بەڕێوەبەری گشتی دائیرەی مەبانیو خزمەت گوزاری لە وەزارەتی نەخشە لەگەڵ دوکتۆر محمد محمد صالح سەرەکی دانیشگای سلێمانی دا کۆبۆتەوەو لە پرۆژەکانی تری دانیشگای سلیمانی دوواون .

هەروەها بلاو کرایەوە کە بڕیار دراوە پارەی نەخوشخانە نوێکەی سلێمانی زیاد بکرێتو ببێت بە (٣٧) هەزار دینار .

هەفتەی ڕابوردوو ئیشو کاری ڕووناکی گەیاندن بۆ هەژدە گوندی ناوچەی سلێمانی لە مەرکەزی ناحیەی بازیان دەستی پێکردوە . دوای ئەوەی گەیاندنی هێزی کارەبا بۆ ئەو گواندانە تەواو بو کە شەست هەزار دیناری تێ چوو وە بە نۆ مانگ تەواو کرا .

شۆڕشگێڕەکان ڕێگای سنووری ڤێتنام و کەمبۆدیا داگیر ئەکەن

سەرچاوەیەکی سەربازی لەسایگونا دانی بەوەدا ناوە کەشۆڕشگێڕەکانی ڤێتنام دەستیان بەسەر ڕێگای سەرەکی سنووری نێوان ڤێتنامو کەمبۆدیادا گرتوەکە درێژای « ٣٠ » میلە .

سەرچاوەکە ئەوەشی درکاندوە دەسەلاتی شۆڕشگێڕەکان لەوشوێنەدا ترسێکی گەورەی هەیە بۆ سەر بنکە سەربازیەکانی حکومەتی بەکری گیراوی سایگون . بەتایبەتی ئەوانەی سەربازیان لێوە ئەنێرێت بۆ یارمەتی دانی حکومەتی بەکرێ گیراوی فنومپن .

لەلایەکی کەوە ، بلاوکرایەوە کە باری ناو شارەکانی ڤێتنامی خوارو بەتەواوی ئالۆز بووە ، ئەویش بەهۆی توند بونی بزووتنەوەی قوتابیانەوەو گوی نەدانیان بەفەرمانەکانی «نگوبن ڤان ثیو »ی بەکری گیراوو سەرۆکی حکومەتی سایگون ، ئاژانسی دەنگو باسی فەرەنسا ئەلێ شاری «دانانگ» بەتەواوی ئالۆزاوەو لەم دوایەدا زیاتر لە (٣٠٠) قوتابی پەلاماری هێزیکی پولیسیان داوەو بەردەبارانیان کردون .

ـ ئاژانسەکان ـ

چین یارمەتیی ڤێتنام ئەدات لە رووی سەربازیو ئابووری یەوە

بەپێی ئەو پەیمانە نوێیەی هەفتەی ڕابوردوو لە نێوان پەکینو هانۆیدا مۆرکراوەچینیمیللی یارمەتی سەربازیوئابوری زیاتر ئەدات بە کۆماری ڤێتنامیدیموکراتی .

ئاژانسی دەنگوباسی چینی نوێ بلاوی کردەوە کە ڕێکەوتنەکە دوای ئەو سەردانە بوە کە وەفدێکی ڕەسمی چینی میللی بە سەرۆکایەتی (لی سیت نیان) جێگری سەرەك وەزیران کردویەتی بۆ هانوی و گفتوگوی لەگەڵ لێپرسراوەکانی ڤێتنامی دیموکراتی دا کردبو .

وەفدێکی بازرگانی چین لەپاریس

هەفتەی ڕابوردوو وەفدێکی بازرگانی کۆماری چینی میللی بەسەرۆکایەتی « بای سیانگ کو» وەزیری بازرگانی دەرەوەی چین گەیشتە پاریس ، ناوبراو بە ڕۆژنامە نووسەکانی ووتبو ئەم سەردانە ئەبێتە هوی بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نیوان هەردوو وولاتمان بەتایبەتی لەرووی ئابوریەوە

شوان لای ئاهەنگەکانی جەژنی نیشتمانی چینی میللی ئەکانەوە

هەفتەی ڕابوردوو سەرەكوەزیرانی چینی میللی « شوان لای » زنجیرەیەك نومایشی میللی بەبۆنەی جەژنی بیستو دووهەمی دامەزراندنی کۆماریچینی میللەوەکردەوە ، هەروەهاسەرپەرشتی نومایشێکی وەرزشی چینی ـ ئەلبانی کرد ، کە لە پانایەکی گەورە تەپەکین گێڕرا .

لەم نومایشەدا : (یان وین یوان) کە یەکێکە لە خاوەن بیرەکانی شۆڕشی ڕۆشنبیری و(لی شین ین) جێگری سەرەك وەزیران و (بیە شین ینگ)ئەندامی مکتبی سیاسی بەشداربوون . وە پێشەوەی پانایەکەبە وێنەیەکی گەورەی سەرەك « ماوتسی تونگ » و دروشمی (ئەی گەلانی سەر زەمین یەکگرنو ئیمپریالیزمی ئەمریکاو سەگە بەکرێ گیراوەکانیان ببەزێنن) ڕازابووەوە .

نومایشەکە بە هاوار کردن بە ژیانی سەرەك « ماوتسی تونگ » و « ئەنور خواجە » سەرەکی ئەلبانیاو هاوار بە سەرکەوتنی گەلانو ڕوخاندنی ئیمپریالزمی ئەمریکا دوایی هات .

پکین ـ ئاژانسەکان

ئەستێرەی دەستکردی نوێی سۆڤیەت

هەفتەی ڕابوردوو یەکیتیسوڤیەت دوو ئەستێرەی دەستکردی نوێی هەڵداوە ، یەکێکیان بەرەو مانگو ئەوی تریان بەدەوری زەمیندا ئەسورێتەوە .

ئاژانسی تاس بلاوی کردەوە کە « ئیستگەی ئوتوماتیکی لۆنای ژمارە ١٩» کە لەرویشتنا بەرەو مانگ بەردراوە ئەرکی لێکۆلینەوەی بۆشایی دەوری مانگ بەجێ ئەهێنێ، ئاژانسەکە ووتویە : هەموو ئامێرەکانی ئەم ئەستێرەیە بە باشی ئیش ئەکەنو پەیوەندی لەگەڵ سەر زەمیندا بەردەوامە .

ئەو ئەستێرەیەش بەدەوری زەمیندا ئەسووڕێتەوە لەجۆری «کۆزموس»ە کە ژمارە (١٤١)ی پێوەیە .

کوشتنی بالویزی یوگسلاڤیا لە ئیران

ئاژانسی دەنگو باسی « تانیوك »ی یوگسلاڤی بلاوی کردە وە کە « دوکتۆر رادینوی ئوڤالیتس » بالویزی یوگسلاڤیا لە هند ، بەهوی وەرگەڕانی ئوتوموبیلکەیەوە لە ئیران مردوە ناوبراو لە ڕێگای چونیا بووبۆ شوێنی ئیشو کاری ، ئەم ڕووداوەی بەسەرهاتوە .

ژمارە (٣٥)
(٢)ی تشرینی یەكەمی ١٩٧١

● مالتا : دورگەیەكە لە كۆمەڵە دورگەكانی دەریای سپی ناوەڕاست ، ئەكەوێتە نیوان دورگەی سقلیەو ژووروی ئەفریقاوە . لە ساڵی ١٨٠٠ی زایینا ئینگلیز چۆتە ناوەیەوەو بنكەیەكی ستراتیژیی تێیدا دامەزراندوە وە دەورێكی گرنگی هەبووە لە جەنگی جیهانی دووەمدا .

لەساڵی ١٩٦٤دا سەربەخۆیی وەرگرتوەو چووەتە ناو كۆمۆن ویلثەوە . ژمارەی دانشتوانی (٣١٩٫٠٠٠) كەسەو پایتەختەكەشی (ڤالیتا) یە .

خۆ ئەگەر بورگ ئولیڤر نەیسەلماندبایە كە بەریتانیا رێككەوتنە بەرگرییەكەی شكاندوە ئەوا دوم منتوف نەیئەتوانی پاكانە بۆ ئەوە هەڵوێستەی بكات . وەبۆماوەی چەند هەفتەیەكیش و لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٨ چەند جارێك دەست كرا بەراوێژ كردن بۆ دەست نیشان كردنی كاتی كشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا بەڵام نەگەیشتنە ئەنجامێك

داخوازی یەكانی مالتا لە نیوان بەریتانیاو پەیمانی ئەتلەنتیك دا

دوای ١٣ ساڵ دووری لە حوكمەوە حزبی كرێكارانی مالتا لە ١٣ی مانگی حوزەیرانی رابردوودا توانی بەهۆی هەڵبژاردنەوە بێتە سەر حوكم .

ئەو هەراو هۆریایەی لەگەڵ هەڵبژاردنەكەدا هاتەكایەوە تارماییەكی چڕی دا بەسەر مەرجەكانی مستەر دوم منتوفی سەروكی مالتادا دەربارەی پەیوەندی نوێی مالتا لەگەڵ بەریتانیا . واش پێویست بووە هەردوو لا ئەم هاوینە راوێژ بكەن بەڵام هەروەكو ئەنجامێكی مەنتیقی پەرەسەندنی سەربەخۆیی مالتاو هەڵوێستی توندی مەنتوف و لەكەڵ نەهاتنە خوارەوەی ناكاوی بریتانیا ئەم راوێژەش نەكرا . ئەوەی راستی بێ سێ هۆی گرنگ هەبوو لەم مەسەلەیەداو پێویستە لە یەكتری جیابكرێنەوە هەرچەندەش بە یەكیشەوە بەستراونەتەوە :

● رێككەوتنە بەرگرییەكەی نیوان بەریتانیاو مالتا كە لەساڵی ١٩٦٤دا موركراوە بەبێ رێككەوتنی هەردوو لا ناتوانرێ بەهیچ جۆرێك دەسكاری بكرێ . ئەوەی ئاشكرایشە لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٧ كاتێ وەزارەتەكەی هارۆڵد وڵسن دووچاری گیرو گرفتی ئابوری هات لە ئەنجامی مەسرەفاتی كاروباری دەرەوەیدا بریاری دا كە ژمارەیەك لە پاپۆرە جەنگیی و دوو تیپ و بەشی زۆری لەهێزەكانی ئاسمانی لە دوورگەكە بكێشێتەوە ئەمەش وای ئەگەیاند كە نزیكەی (٦٥٠٠) كرێكاری مالتا لە بنكەكانی مالتا ئیشیان ئەكرد لەكار بكەون .

وە بەریتانیاش نزیكەی ١٢٫٥ ملیون پاون ئسترلینی گەڕاپەوە بۆ خەزێنەكەی . دەربارەی ئەم واقعەش حكومەتی مالتا بە دەستەوسانی نەوەستاو سەرۆكی ئەو وەختەش بورگ ئولیڤر كە لە هەڵبژاردنەكەی ئەم دواییەدا سەر نەكەوت لە ٢٧ی كانونی دووەمی ١٩٦٧دا لە ئەنجومەنی نوینەراندا وتبوی :

« حكومەتی بریتانیا بەو بریارە یەك قۆڵیەی كە خۆی دەری كردوە برگەكانی رێككەوتنە بەرگرییەكەی شكاندوە بەتایبەتی كە هێزەكانی لە مالتا ئەكێشێتەوە . هەرچی چۆنێك بێ ئەو بەڵگانەی حكومەتی بەریتانیا پاكانەی بریارو كردارەكانی پێوە ئەكات كە گوایە بەرگری لەمالتا ئەكات .... هەرچۆنێك بێ ئەم قسانە بەتەنها كافی نیە بۆ جێبەجێ كردنی پەیمانەكە ... بەڵكو ئەبێ بەبێ كەمتەرخەمی و بەزین پێدانمان یارمەتیمان بدات ... ئاچوغی جێگای هێزەكانی بریتانیا تەنها بەدوانو قسە پڕ ناكرێتەوە كە ئەڵێ :- بریتانیا ئەتوانیو ئەیەوێ لە دوورەوە بەرگری لە مالتا بكات . جا بۆیە ئێمە سەر لەنوێ ئەیسەلمێنین كە بەریتانیا ئەو پەیمانەی شكاند » .

وە لە ئەنجامی ئەمەدا مستەر بورگ داوای لە لەندەن كرد كە (بەزووترین كات دەست هەڵگرێ لەو ماف و ئیمتیازاتانەی **لە دوورگەكە دراویە تێتێ**) بەڵام بریتانیا ئەو داواكاریەی دایەدواوەو بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە :

ئەگەر بێتو مالتا ئەم رێككەوتنە بەرگرییە هەڵوەشێنێتەوە ئەوا پەیرەوی پەیوەندكاریە دەوڵەتیەكان ناكات و ئەنجامی ئەمەش پڕ مەترسی ئەبێت .

لە ٣٠ی مانگی حوزەیرانی رابردوودا وەزارەتی دوم منتوف كۆبۆوەو بەیاننامەیەكی دەركردبوو تێیدا وتبوی :- ئەبێ باری هێزەكانی بەریتانیا لە مالتا دەسكاری بكرێ بەجۆرێ زامنی سەربەخۆیی دوورگەكە بكات .

تارادەیەكیش مالتا وەڵامی قسەكەی بەریتانیای نەدابۆوە كە گوایە رێككەوتنەكە هەر لە ئارادایە .

● هۆی دووەمیش رێككەوتنە داراییەكەیە كە بە هیچ جۆرێك لە رێككەوتنە بەرگرییەكەی جیانا كرێتەوەو لەساڵی ١٩٦٤دا بەسترا ، بەپێی ئەو پەیمانەش بەریتانیا بریاری دابوو كە تاوەكو ساڵی ١٩٧٤ (٥٠) ملیون پاون ئسترلینی بدات بە مالتا بەرامبەر ئەو رێگا ئاسان كردنەی كە لە دوورگەكەدا دراویەتێ ئەم پارەیەش سێ بەشی بەشێوەی یارمەتی و بەشەكەی تری بەشێوەی قەرز بوە . بەڵام وڵسن ویستی ئەم رێككەوتنە هەڵگێڕێتەوە بە جۆرێ كە سێ بەشەكەی قەرزبێت و بەشەكەی تری یارمەتی . وە لە ئەنجامدا هەردوو لا كەوتنەوە راوێژ كردن و لە كۆتاییدا واتە لە تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٧٠ هەردوو لا رێككەوتنەوەو بەم پێیە بەریتانیا بریاری دا كە (٢٫١١) ملیۆن پاون ئسترلینی بدات بە مالتا لە جیاتی ساڵانی ١٩٦٩ - ١٩٧٠ بەڵام سەر لەنوێ راوێژی تر دەستی پێ كردەوە دەربارەی چۆنیەتی دابەش كردنی یارمەتی و قەرزەكان بۆ مالتا بۆ سێ ساڵەكەی دوایی .... منتوفیش لەم ڕووەوە داوای لە لەندەن كرد كە یارمەتیە داراییەكانی بۆ مالتا زیاد بكات ، بیكات بە (٨٫١١) ملیون پاون ئسترلینی بە بەڵگەی ئەوەی بریتانیا لەكاتی دانی ئەو یارمەتیانەدا حسابی بۆ زیاد بوونی نرخی كۆی پارەی ئەم دە ساڵانەدا نەكردوە كە نرخە دراوی بەریتانیا زۆر لە نرخە ئەسڵیەكەی كەم بۆتەوە بەریتانیاش لە وەڵامی ئەم قسەیەدا بەزمانی وەفدە راوێژكارەكەی لە ئەنجومەنی (عموم)دا لە ١ی گەلاوێژی رابردوودا وتبوی :- **ئەو رێگا ئاسان كردنەی كە دراوە بە بەریتانیا لە دوورگەكەدا بەقەدەر ئەو یارمەتیانە نیە كە حكومەتەكەی ئەیدات بە مالتا . ئیستاش دوورگەكە بەو شوێن و نرخە ستراتیژیەی جارانی نەماوە .**

ئەمە لەلایەك ، لەلایەكی كەشەوە بابزانین پەیوەندی مالتا لەگەڵ پەیمانی ژووروی ئەتلەنتیك چۆنە . لە سێی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ پەرلەمانی مالتاو ئەنجومەنی پەیمانی ناوبراو بەیاننامەیەكیان مۆر كردو تێیدا نیشانیاندا بوكە : بنكە گرنگەكانی پەیمانی ئەتلەنتیك ئەو یاسایانە پەیرەو ئەكات كە پێش سەربەخۆیی مالتا بەكار ئەهێنران .

لەكاتی خۆشیدا وەرنەگیرانی مالتا لە پەیمانی ئەتلەنتیكدا بەهۆی رازی نەبوونی ئیسكیندناڤیاوە بو . پەیوەندیشی لەگەڵ پەیمانەكەداو لە ساڵانی سەرەتاوە شێواو نادیار بوو وەلەم رووەوە ئەدمیرال روسیلی لورنزینی سەرەك سوپا سالاری دەریایی ئیتالیا لە چاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەی (تمبو) وتبوی :

پێویستە دان بەوەدا بنێم كە لەو ماوەیەی لە دوورگەی مالتا بووم كە نۆ ساڵی رەبەق بوو زۆر جار دووچاری تەنگ و چەڵەمە ئەهاتم چونكە زانیبووم كە حكومەتی مالتا هیچ شتێك نازانێ دەربارەی جموجۆڵی بەردەوامی هێزێكی سوپایی كە وەكو میوانێك وایە لە دەوڵەتێكدا كە سەربەخۆییەكی تەواوی هەیە !!

بێ گومان ئەم پێ لێنانەش زیاتر هەڵوێستی مالتای پتەوتر كرد دژی پەیمانی ئەتلەنتیك كە مافی ئەوەی نەبوو لە دوورگەكەدا كاروباری خۆی هەڵسوڕێنێ و تەنها مافێكی وەقتی درابوویە ، وەواشی پێویست ئەكرد كە دوورگەو پەیمانی ئەتلەنتیك رێك بكەون .

بەڵام شتێ لەم رووەوە رووی نەدا چونكە پەیمانی ئەتلەنتیك دواكاری بوون بە ئەندامی دورگەكەی دایە دواوەو بگرە بەوەش رازی نەبوو كە مالتا بە شێوەی (مراقب)یش وەربگیرێ ئیستاش ماوە بەسەر چووو پەیمانی ١٩٦٤یش خرایە پشت گوێو حكومەتی منتوف خۆیشی نایەوێ جارێكی تر راوێژ لەگەڵ پەیمانی ناوبراودا بكات بەڵكو ئەیەوێ راوێژ لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بكات هەریەكە بە جیا .

وەواش دیارە كە پاپۆرە جەنگیەكەی ئەمریكایی زیاتر تەماع ئەخاتە بەر مالتا لە پاپۆرە جەنگیەكانی دەوڵەتانی تری ئەندام لە پەیمانی ئەتلەنتیكدا .

**لە رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسەوە وەرگیراوە
هاوكاری**

كتێبی هاوكاری

سەرەتایەك لە فەلسەفەو رێبازەكانی

حمید عزیز

● فیساگۆریزم ●

رێبازێكی فەلسەفەو ئایین و ئەخلاق و ئەندازیارییەو دامەزرانی ئەگەڕێتەوە بۆ فیساگۆراس كە لە ساڵی ٥٧٢ی پێش زایین لە دایك بوە ، واش زانراوە كە لەسەد ساڵ زیاتر ژیاوە ، زووربەی ژیانی لە شاری (ساموس) بردۆتە سەر چەند گەشتێكی بە میسرو هندستان و وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی كۆندا كردوە .

لەدواییدا گەڕاوەتەوە شارەكەی و تاقمێكی دامەزراندووە ئەو تیپەش ژن و پیاوی تێیدا بەشدار بووەو رێڕەوو سیستەمێكی تایبەتیان هەبووە دەربارەی ژیان و گوزەران و سروشت و ئادەمیزادو ئاییندا . وەتوانیویانە لە شارەكانی تری روماو یونان لایەنگیر پەیدابكەن و دەست بخەنە كاروباری سیاسیەوە بە رادەیەك بزوتنەوەیەكیان بەرپا كرد دژی رژێمی فەرمان رەواو حكومەتیش بەرەنگاریان بوو هێرشی كردە سەر بارەگاكەیان و هەرچی تێدابوو سوتاندی و بەتەنها ماموستا (فیساگۆراس) رزگاری بوو لەگەڵ دوو قوتابیدا . وەزووربەی ئەو شتانەی نووسەرانی ئەوسەردەمە سەبارەت بەو رێبازە نوسراوە گومانی لێ ئەكرێت چونكە :

بەرەیەك فەرمانی لەناوبردنی بەسەردا بدرێت و لە بارەگاكەیدا بسوتێنرێ و سەد تومەتی بدرێتە پاڵ ئەبێ ئەوانەی ئەو كاتە شتیان لەسەر نوسیبێ تاچەند لەراستیەوە نزیك بێت . وە بەرهەمەكانی خۆشیان هەمووی سوتاوەو چەند قسەیەك نەبێ كە دەماو دەم گەیشتۆتە ئەفلاتون و ئەرستۆو ئەوانیش باسیان كردوەو هەندێ شتی واشیان داوەتە پاڵ كە عەقل نایجرێ ئەو رێبازەش ئەندامانی واتێگەلاو بوون قسەی ماموستا لە قسەی قوتابی جیا ناكرێتەوەو نازانرێ خاوەنەكەی كێ بووە بەڵكو هەر ئەوترێ فیساگۆریەكان وائەڵێن .

فیساگوریەكان دەورێكی گرنگیان گێڕاوە لە زیمرەو ئەندازیارو زانست و مۆسیقاو ئایین و فەلسەفەو پزیشكیدا .. رێڕەوێكی ئایینی تایبەتیان هەبووەو جل و بەرگی تایبەتیان بۆ لەبەر كردوەو كۆڕی تایبەتیان بۆ بەستوەو چەند مەرجێكیش هەبووە پێویست بووە رەچاو بكرێت وەكو :- نەخواردنی پاقلە ، ئەوشتەی كە كەوت نابێ هەڵبگیرێتەوە ، دەست لە كەلەشێری سپی نەدرێ ، لە روناكیدا تەماشای ئاوێنە نەكرێ ...

گرنگیەكی زۆریان بە مۆسیقیاداوەو لەكاتی (طقوسی) ئایینیدا جورە موسیقایەكیان بەكارهێناوە بەبیانوی ئەوەی گوایە چۆن وەرزش ئەبێتە هۆی لەش ساغی ئەوا مۆسیقاش گیان پاك و بێگەرد ئەكات و لەمادیات بەرزی ئەكاتەوە(١) لە سەرێكی كەوە گیان (عنصر) ێكی خاوێن و نەمرەو لەش بەندیخانەیەتی ، گیان بە مردنی خاوەنەكەی ئەچێتە بەر گیانلەبەرێكی كە جاچ ئادەمیزادیان ئاژەڵ بێت ... ژیانیش قۆناغێكی گران و ستەمە ئەوەی بیەوێ بە باشی و سەركەوتویی بیباتە سەر پیویستە چەند پەیرەوێك هەیە بیكات جگە لەوانەی لە سەرەوە باسمان كرد وەكو مەشقێكی تایبەتی(٢) و روژی چەند جارێك بێدەنگ بێت و بەچاوی دڵ و دەرونەوە هەست سەیری خۆی بكات و بزانی لایەنی باشی و خراپی چیە ! وازانراویشە كە ناوبراو خاوەنی تیورێكی بەناوبانگەو بەناوی خۆیەوە ناو ئەبرێ ئەویش :

لە سێ گوشەدا دوو گۆشەكە لەسەر دوو (ضلع)ی بەرامبەر بەگۆشەیەكی ٩٠ دەرەجەبن بەقەدەر چوار گۆشەیەكن لەسەر (ضلع)ی سێ هەم دروست كراوە(٣) ئەویش وەتەری سێ گۆشەكەیە .

١ - الدكتور جعفر آل یاسین : فلاسفە یونانیون ص ١٤٨ .
٢ - الدكتور محمد علی ابوریان : تاریخ الفكر الفلسفی ج ١ ص ٦٣ .
٣ - براتراند رسل : تاریخ الفلسفە الغربیە - ترجمە الدكتور زكی نجیب محمودج ١ ص ٧١ .

ماویەتی

« ماو » هێرش ئەباتە سەر دەسەڵاتی ئەمریكا لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا

ئەگەر « تایوان » لە نەتەوە یەكگرتووەكان دەر نەكرێت ، چین ئامادە نی یە ببێتە ئەندامی ئەو رێكخراوەیە

چینی میللی ، سەرلەنوێ سەلماندویەتی كە بوون بە ئەندام لە نەتەوە یەكگرتوەكان رەد ئەكاتەوە ئەگەر بێتو تایوان – فەرمۆزا »ی تیا دەر نەكرێت .

ئەم هەواڵە لە ئاژانسی دەنگو باسی چینی نوێدا بڵاو كرایەوە لە كاتێكدا رۆژنامەی « گەل »ی چینی كە لە پەكین دەرئەچێت ووتارێكی نووسیوە ، كە بیروڕای پێشەوای چین «ماوتسی تونگ »ی بەرامبەر نەتەوە یەكگرتوەكان دەربڕیوە لەگەڵ بەرپەرچ دانەوەی ئەو هەوڵەی بە مەبەستی ئەوە ئەدرێت كە « دوو چین » لەو رێكخراوە جیهانیەدا بێت .

هەڵوێستێ كە شایەنی گۆڕان نیە :

ئاژانسەكە ووتویە : هەڵوێستی حكومەتی چین ئاشكرایە ، بۆ ئەمەش ئیشارەتی بۆ بەیاننامەكەی وەزارەتی دەرەوەی چینی میللی كردوە كە لە دەی ئابی رابوردوا بڵاوی كردەوەو تیایدا ئەڵێ : جێ گیربوونی هەر سیاسەتێ كارێكی وابكات دوو چین هەبێت ، یان هەر بریارێكی تری بەو شێوەیە وائەكات چینی میللی هیچ پەیوەندیەكی بە نەتەوە یەكگرتوەكانەوە نەبێت و ئەندامیەتی لەو رێكخراوەدا ئەداتە دواوە .

ئاژانسەكە ووتویە : تەنیا مەسەلەیەك بەلای ئێمەوە راستە

ئەوەیش ئەوەیە نوێنەری نارەوای حكومەتی « شینگ كای شیك » لە ئەنجومەنی ئاسایش و هەموو دەزگاكانی تری نەتەوە یەكگرتوەكان دەربكرێ و نوێنەری كۆماری چینی میللی جێگای بگرێتەوە .

باوەڕی سەرەك « ماو »

سەرەك « ماو » ووتویە : ئەو بارە تێك چوەی وای كردوە ئەمریكا دەسەڵاتی بەسەر بەشی زۆری وولاتانی نەتەوە یەكگرتوەكاندا هەبێت ، بێجگە لە دەسەڵاتی بەسەر زۆر بەشی جیهاندا ، بارێكی وەختیەو نامێنێ .

ئینجا رۆژنامەی « گەل » ئەڵێ : تەنیا یادداشتێكی ماقول و موناسب هەبێت ئەوەی « ئەلبانیا » یە كە لەگەڵ نۆزدە وولاتی تردا پێشكەشی كردوەو داوا ئەكات بە گێڕانەوەی مافی رەوای چینی میللی و دەركردنی نوێنەری « تایوان » لە نەتەوە یەكگرتوەكان .

دیسان رۆژنامەكە ووتویە : هەموو ئەو رێگایانەی وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لە رێكخراوی دەوڵەتاندا دژی چینی میللی بەكاریان دێنێ ، ئەنجامیان سەرنەكەوتنە .

دوو بریاری ناپەسەند

بەڵام ئاژانسی دەنگو باسی چینی نوێ ، ئەو دوو بریارەی وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا داوێنی بە كۆمەڵی گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان باسی كردوون بە دوو بریاری ناپەسەندو ئەگونجاو لەڕووی سیاسی و یاساییەوە ، چونكە بەمەبەستی بوونی « دوو چین » لە نەتەوە یەكگرتوەكان دارێژراون .

ئاشت بوونەوەیەكی بچووك بۆ ئاشت بوونەوەیەكی گەورە

- ١ -

لە گێژی پرۆژەو پیلانی ئیمپریالیزما ، لە نیوان ساتوسەوای هەندێ دەوڵەتی عەرەب و دەوڵەتانی رۆژئاوادا ، لەدوای چەند پەلامارێكی دڕندانەی كۆنەپەرستانی عەرەب بۆ سەر پێشمەرگەكانی فەلەستین بەتایبەتی و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی عەرەب بەگشتی جارێكی تر مەسەلەی پێك هێنانەوەی رژێمی مەلیك حسەین و رێكخراوەكانی پێشمەرگەی فەلەستین ئیستگەو لاپەڕەی رۆژنامەكان و دەزگاكانی تری پروپاگەندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە خۆیەوە خەریك كردوە .

ئەوانەی خۆش بینن بەرامبەر گفت و گۆی نیوان مەلیك حسەین و هەندێ رێكخراوانی پێشمەرگەی فەلەستین چاوەڕوانی ئەوە ئەكەن كە ئەو گفت و گۆیە بگاتە ئەنجام بە جۆرێك كە كۆتایی بە شەڕو هەرای نیوان ئەم دوو هێزە بهێنێت . وا دەرئەكەوێت كە چاویان لە نرخی ئەم ئاشتی یە نی یەو گوێ نادەنە ئەنجامەكەی ئەگینا دوای تاقی كردنەوەیەكی تفت و تاڵ هیچ بڕوایەكیان بە مەلیك حسەینی نۆكەری ئیمپریالیزم و دۆستی ئیسرائیل نە ئەما . بێ گومان مەلیك حسەین بە ئاشتیەك رازی ئەبێت كە مەبەستی خۆی تیا مسۆگەر بكات ، نیازو مەبەستی ئەویش لە دوو خاڵدا خۆی ئەنوێنێ . یەكەمیان : دەستەمۆ كردنی بەشێك لە رێكخراوەكانی پێشمەرگەی فەلەستین وە چاندنی تۆوی ناكۆكی و دووبەرەكی لە نیوان ئەم بەشەو بەشە دەستە چەپەكانیداو وەكو بەرەی میللی و بەرەی میللی دیموكراتی ..

دووەم خاڵ ئەوەیە : ئەم رێكخراوانە لەكاتێكا بجولێنەوەو لە سنوورێكدا چالاكی بنوێنن كە بگونجێ لەگەڵ پرۆژەكانی مەلیك حسەینا .

ئینجا كە ئەمە نرخی رێككەوتن بێت ئەبێ ئیتر كەڵكی ئەو رێكخراوە چەكدارانەی فەلەستین چی بێ بۆ رزگار كردنی خاك و گەلی فەلەستین ؟! ئایا كەس هەیە بڕوای بەوە بكات ؟

بروانە ل ٧

فەرهەنگی سیاسی

بورژوازیەت

Bourgeoisie

وەرگێڕ : ح . ع

چینی سەرمایەدارانن واتە خاوەنانی وەسائلی بەرهەمهێنان – كارگە ، كومپانیا ، هێڵی ئاسنین ... – وەژیان و سامانیان لە رێگای دەست بەسەرداگرتنی كارەوە بەهۆی كرێوە دێت . بورژوازیەت بەپێی بەكارهێنانی سەرمایەكانیانەوە ئەكرێن بەم بەشانەوە : سەرمایەدارە پیشەسازیەكان ، بازرگانە خاوەن بانقەكان و بورژوازیەكانی لادێ – كولاك – ، سەرچاوەی دەخلی بورژوازیەكان – فائض قیمە – یە . بورژوازیەت وەكو چینێك لە ناو جەرگەی كۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا سەری هەڵداو بە درێژایی چەند سەدەیەك تێكۆشا تاوەكو دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری وەدەست بهێنێ . وەلەدوای سەركەوتنی شۆڕشەكانی بورژوازی بوو بە چینێكی خاوەن دەسەڵات لە كۆمەڵگای سەرمایەداریدا . لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداری دا بورژوازیەت لە هێزێكی پێشكەوتن خوازەوە ئەبێ بە هێزێكی كۆنەپەرست و ئەبێ بە كۆسپ و تەگەرە لە رێگای پەرەسەندنی كۆمەڵدا . لە كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سەرمایەداری پێی نایە دوا قۆناغیەوە ئەویش قۆناغی ئیمپریالیزم و لەو قۆناغەشدا بەتەواوی ناكۆكیەكانی كۆمەڵ دەركەوت و بە ئاشكرایی كۆنەپەرستایەتی و گیاكەڵایەتی بورژوازیەت دەركەوت . لە كۆمەڵی سەرمایەداری ئەم سەردەمەماندا دەستەیەك لە مونوپۆلەكان دەستیان بەسەر باری ئابوری و سیاسیدا گرتوو وەسائلی بەرهەم هێنانیان خستۆتە ژێر چنگی خۆیانەوە . لەوڵاتە ژێر دەستەكانیشدا وەلەكاتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا بورژوازی نشتمانی تارادەیەك ئامادەیە كە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نشتمانیدا بەشداری بكات ئەویش بەهۆی ئەو ئازاردانەی بورژوازی مام ناوەندی لەوڵاتانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریكای لاتیندا دوچاری دێت .

بروانە : ل - ٧

لەشكری كۆماری ئیرلەندە داوای فراوانكردنی بزووتنەوەی توندوتیژی ئەكات

سێ سەربازی بەریتانیا بریندار كراوە .

لە كاتێكیشدا كۆبونەوەی سەرۆكانی ئیرلەندەی باكوورو باشوور لەگەڵ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا كوتایی هات ، بەیاننامەیەكیان بڵاو كردەوە تیایا داوایان كردوە بەوەستاندنی كاروباری توندو تیژ ، بەڵام فراوان بوونی ئەو توندو تیژیە ئەوە ئەخاتە روو كە لەشكری نهێنی كۆماری ئیرلەندە باكوور ئامادە نیە بۆ وەستاندنی بزوتنەوەی توندو تیژی دژی هێزەكانی بەریتانیا .

سەربازەكانی لەشكری نهێنی كۆماری ئیرلەندە پەلامارەكانیان بۆسەر سەربازەكانی سوپای بەریتانیا فراوان كردوە .

ئاژانسی دەنگو باسی ئەسوشیتدپریس ئەڵێ لە پیرێوە تەقینەوەی بۆمباو شەری نێوان ئەو سەربازانە گەلێ شوێنی ئیرلەندەی باكووری گرتۆتەوە .

دیسان بڵاو كرایەوە كە پیاوەكانی لەشكری نهێنی بنكەیەكی سەربازی بەریتانیایان بومباباران كردوەو تەقەشیان لە سەربازەكانی بەریتانیا كردوە كە لە بەلفاست پایتەختی ئیرلەندەی باكوورن و لە ئەنجامدا

دویتر . ئا . د . ع

Institut kurde de paris

ئەدەب و ژیان

سەرەتایەك لە : کۆمەڵایەتی و یاخی بوون و شۆڕش

کەماڵ میراودەلی

پێشەکی :

لە سەردەمی ئەمـرۆماندالە هەموو جیهانا گەلێ ووشەوناو وەکو شۆڕش ، یاخی‌بوون ئازادی ، چەپگەری ٠٠ هتـدلە نێو لاوانا باو بوون‌و بوونە وێردی سەر زاریـان ٠٠ لەئەدەبی کوردیشمانا وشـەی« یاخی‌بوون » تا ڕاددەیەکـی زۆر بڵاوبۆتەوە بەبێ ئـەوەی‌مەبەستی ئەو وشەیە بـەلای خوێندەوارانەوە ڕوون بـێ‌ئەبعادەکانی ئاشکرا بـن ٠٠لەبەر ئەوە من بە پـێی‌بیرکردنەوەو لێکدانەوەی خۆم‌حەزم‌کرد نەختێ ڕۆشنایی بخەمە سـەر سرووشتی‌یاخی بونوپەیوەندی بـەغەریزەی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤا٠٠ بەڵام لە سەرەتاوە دەمەوێ‌ڕوونی بکەمەوە کە ئەو وشانەی لەسەرەوە ناومـان بـردن‌هەموویان «نیسبین »و واتایەکی‌ڕووت‌و پەتیان نیە ٠٠ بەڵکو بەستراون بە بۆتە ـ اطار ـی‌ئەو کات‌و شوێنەی تێیـدا دەردەکەون‌و سرووشت‌و چۆنیەـتی ئەو دەرکەوتنە جاهەر ئـەومرۆڤێك نیشتمان‌پەروەرە بـەوسرووشت‌و چۆنیەتیە بەستراوەبەکات‌و شوێنەوەیە کـە ڕێگامان بۆ خۆش دەکا کە بـەپێوانە ناسراوەکانی ئـەمـرۆئەو دیاردانە هەڵسەنگێنین‌وڕاددەی پێشـکەوتوویی‌وکۆنەپەرستیان بزانین ٠٠ بۆ وێنە هەتاکو نیشـتمان‌پەروەریش بیرێکی دوولایـەـ مزدوجە ـ زۆر جار هەیـەمرۆڤێك نیشتمان‌پەروەرە بەوواتایەی کە دوژمنی دوژمـنانی گەل‌و نیشتمانەکەیەتی ٠٠ وەلە هەمان کاتیشا ـ نانیشتمان‌پەروەرە ـ چونکە چۆنیـەتی‌مومارەسە کردنی نیشـتمان‌پەروەرایەتیەکەی‌و جـۆری بیرکردنەوەیو ئەو ئامانجـە کەسیە تایبەتیانەی بۆیـان تێ‌ئەکۆشێ دەیکەن بـە دژی جەماوەرو چەوسـێنەرەوەی زەحمەتکێشان وە لە قازانـج گەلێ‌زیاتر زیان بە بزووتنەوەی نیشتمانی دەگەیەنێ‌و لە ئەنجاما لەگەڵ ئەو دوژمنەی دوژمنایەتی لەگەڵا دەکا لە مەبەستا یـەك دەگرنەوەو دەبن بە دۆست !!

●

ببین یا نەبین : ئەوەیـە پرسیارەکە ؟

شکسپیر کێشەی مرۆڤایەتی زۆر بە زیرەکی لەم پرسیارەدا گەڵاڵە کردووە ٠ چۆن ببین‌و لە پێناوی چیا نەبین ؟ بوونەکە خۆی بەسەر مرۆڤا سەپێندراوە واتـە دەسپێشـخەری یا « موبادەرەی » لێ وەرگیراوە، وە بەم جۆرە تا ڕاددەیەکـی زۆر دوور ئازادی لێ سەندراوە وە بەشێکی زۆری ڕێـگای ژیانی ئادەمیزاد دیسـانەوە لەلایەن دایك‌و باوك‌و کۆمەڵ‌و یاساکانیەوە ڕەنگ‌ڕێژ دەکرێ‌و ئەگەر بێت‌و ڕۆژێ لـە ڕۆژان چاوی وەعی‌و تێگەیشتن بکاتەوە ئەوا لە بەردەم پرسـیاری بوون‌و نەبوون لەلایەکـەوەو ناکۆکیـەکانی کۆمـەڵ‌و ڕۆژگارەکەی ، لەلایەکی ترەوە سەر سام دەوەستێ‌و ناچار دەبێ بە شوێن وەڵامێکا بگەڕێ کە قنیاتی پێ بێنێ بـە پێچەوانەی ئەو وەڵامە سازە ناسازانەی لە بەردەمیا هەن ٠٠ دەبینین ئادەمیزاد نۆ مانـگ لـە زگی دایکیا دەژیـا ٠٠ وە کە بۆ یەکەم جار بـەدەم گریانەوە چاوی ژیانی دەکاتەوە ٠٠ تولفێکی بێ دەسـەڵات‌و بێ ویستە کە بە تەواوەتی دیلی پێویستی بەخێو کـردن‌و پەروەردە کردنە ٠٠ گیـان لەبەرانی دیکە ـ حەیوانـات لەم لایەنەوە لـە مـرۆڤ بەختدارترن ٠٠ ئـەوان زۆربەیان تەنها مانگێـك یا کەمێ زیاتر پێویستیان بـە دایکیانە ئەوسا بۆ خۆیـان ئازاد دەبن‌و دەتوانن بەرهەڵستی ژیان بە هەموو سـەختی‌و تەختیەکەوە بکەن ٠٠ جـگە لەوەش ئەوان بەنـدی داوای ـ کۆمەڵایەتی ـ نین‌و ئەگـەر تەنهاش بن دەتوانن بـە ئاسانی هەڵکەن ٠٠ بـەڵام مرۆڤ بەلای کـەمەوە ٨ـ١٢ ساڵ بەخێوکردن‌و پەروەردە ـ کردنی دەوێ تا بتوانێ ـ زۆر بە زەحمەت ـ ڕێگای خۆی لە ژیانا بکاتـەوە ٠٠ ئـەم پەروەردە کردنەش زوربـەی بریتی‌یە لە درۆو چاوبەستەکێ‌و هەڵخەڵەتاندن ٠٠ کە هـەر لە هەوەڵی بوونی منـاڵەوە دەست پێ‌دەکا ٠٠

زۆر جار کە منـاڵ دەگرێ‌و دایکی لە ماڵ نابێ بە یەکێکی تر شیری ئەدەنێ‌و چاوی دەگرن هەتا وا بزانێ دایکێتی ٠٠ یا ئەگـەر لەبەر ئازارێـك ، برسێتی‌یەك ، ومڕس بوونێـك لە بەندو کۆتی دەسرازە بگرێ، ئەوا بە دەنکێـك نوقـڵ ، لایلایەیەك ، هەندێ گاڵتـەی ساختە ژێری دەکەنەوەو کوڵی گریانەکەی پێ قووت دەدەنەوە بە بێ ئەوەی ئازارە ڕاستەکەی چارەسەر بکەن ٠٠ یا ـ کە تەمەنی زیاتر دەبێ ـ گـەلێ حەل لەکاتی گریانیا شتومەکێك یا پێویستیەکی کەسێکی کـەی دەدەنە دەست‌و دەڵێن ئەوە هی تۆیە وە لە دواییا هەر بە فێڵ لێی‌دەستێننەوە !

بە کورتی ئەگەر بێت‌و بـە ووردی لەم ڕواڵەتانە سـەرنج بدەین دەبینین ئادەمیزاد لـە سەردەمی منالیا لە شیری دایکی زیاتر درۆی دەرخوارد دەدرێ٠٠ وە لەگەڵ تەمـەن هەڵچوون‌و زیادکردنی توانای تێگەیشتنی، سرووشت‌و چۆنیەتی ئەو درۆو هەڵخەڵـەتاندنەش دەگۆڕێ‌و بەرگێکی جیاوازی دەکرێ بـە بەردا ٠٠ وە ئەو درۆیانە لـە چوارچێـوەی ماڵ دەردەچن‌و کۆمەڵ‌و وولات‌و تەنانەت هەموو جیهانیش دەگرنـەوە ٠٠ بڕوا ناکەم کەسێ هەبێ گـەلێ نموونە لەو درۆیانـە نەزانێ ـ خۆماڵی‌و جیهانی ـ کە بریتین لە دوو فاقیزم‌و چاوبەستەکێ‌و بوونی بۆشایی‌یەکی زۆر فراوان لـە نێوان قسـەو کردارو هەڵوێست‌و هەنگاوو تیورو پراتیکا ٠٠٠ کێ هـەیە بۆی دەرنەکەوتبێ چەندان تاوان بە ناوی‌سوشیالیزم‌و ئازادی‌و مافی ئادەمیزادو ، پێشـکەوتنی مرۆڤایەتیەوە ٠٠ هتد دەکرێن لە هەموو جیهانا ، وە چەندان کەسی پاکی مرۆڤپەروەر پەیتا پەیتا دەبنە قوربانی ئەو تاوانانە ٠٠ بەڵام لەگەڵ ئەمەشا کـەم کەس هەیە کە لە سەرەتاوە لەم چلۆنایەتی‌یە یاخی‌بن ٠٠ چونکە ئەو درۆو بەهانانە زۆر جـار هێندە باو دەبن کە شـێوەی یاسا وەردەگرن لە ناو کۆمەڵا ٠٠٠ وە غەریزەی کۆمەڵایەتیش لەلایەکی کەوە زۆر بە تونـدی مرۆڤ بـە کۆمەڵەکـەیەوە دەبەستێتەوە ٠٠٠ هەر وەکـو ووتەیەکی فرەزانراوە: ئادەمیزاد ـ بە شێوەیەکی سرووشتی ـ بە گیان لەبەرێکی کۆمەڵایـەتی ئافەریدە بووە ٠٠ وە پێویستی بەخێوکردن‌و پـەروەردە کردن‌و دابین‌کـردنی ژیانیش ئـەو ـ کۆمەڵایەتی‌یە ـ گـەرم‌ترو خەست‌تر دەکا ٠٠٠ لە بـەر ئەوە مرۆڤ بە هیچ جۆرێـك ناتوانێ کـەس نەویست ـ لا منتمی ـ بێ چونکە جگە لەوەی کـە خواردن‌و خواردنـەوەو بەرگ‌و کاڵای بە هاوکـاری کۆمەڵ بۆ مسـۆگەر دەبێ ، کۆمەڵویستی ـ انتماء ـ تاقە ڕێگایەکە بە هۆیـەوە دەتوانێ بەختەوەری وەدەست بێنێ ٠٠ نموونە بۆ ئەمە زۆرە ٠٠ منال هەر لەسەرەتای‌ژیانیەوە دەیەوێ بەڵکو پێ‌دادەگرێ کە خۆی لە کۆمەڵا دەربخـاو بوونی خۆی تێدا بسەلمێنێ ٠٠ کـە شتێکی جوانی هەبێ دەبێ پیشـانی کەسانی کەی بداو تەنیا ئـەو کاتە بەختەوەر دەبێ کـە ئەو کەسانە بە قەدرەوە سـەیری شتەکەی دەکەن ٠٠ ئەگەر بـە هێزبێ‌و بتوانێ ئیشێك بکـا دەبێ لە پێش چاوی خەڵکی کە بیکاو سەرنجیان ڕابکێشێ ٠٠ ئەگینا ئەو تواناو لێ‌هاتوویی‌یەی ـ خۆی لە خۆیدا ـ بێ‌نرخـەو ئامانجێکی نیە ٠٠٠ ئەم‌خولیایە بە درێژی ژیان لەگەڵ مرۆڤـا دەمێنێتەوە ٠٠ گەنجێك کـە هۆدەیەکی خۆش ، یا ئەلبومێکی وێنەی جوانی هەبێ ٠٠ هەموو دەمێ بە تەنگەوەیە کە برادەرە ـ کانی بباتە ماڵەوەو هۆدەکـەی ببینن‌و ئەلبومی وێنەکانی‌سەیر بکەن ٠٠ چونکە ئەو کاتـە بەختەوەر دەبێ‌کە بە شێوەیەکی ـ بە ئاگـا ـ شعوری ، یا بێ‌ئاگا ، لا شعوری ، هەست دەکا کە لە ڕێگەی ئەو هۆدەو ئەلبومەوە توانیویەتی وەکـو ئادەمیزادێکی خاوەن جێ‌پێ لـە کۆمەڵا بوونی خۆی بسەلمێنێ ٠٠ وە هەتا ئەو کەسانەی کـە گۆشەگیرو چـۆڵ پەرستیشن ناتوانن پەیوەندی ژیان لەگەڵ کۆمەڵا بپسێنن ٠٠ گوێ گرتن لـە ڕادیۆ ، کتێب‌و ڕۆژنامـە خوێندنەوە، هەتا ئەو خەیاڵانەی دەیان کەن بریتین لـە کردە ـ عملیـە ـ یەکی مەوزوعی کۆمەڵایەتی ٠٠

جا لێرەوە دەتوانین بزانـین کە هەر کۆمەڵە هەندێ بایەخ ـ قیم ـ دروست دەکـا بام خراپیش بن ٠٠ وە هـەندێکی کە گەرچی باشیش بن پشت‌گوێ دەخا ٠٠ وە هەر ئـەو بایەخانەن کە لە ناو خەڵکیدا خۆ دەنوێنن‌و ئەوانەی کە لێیان یاخـی‌دەبـن گـەلێ‌کەمن تەنانەت غەریزەی کۆمەڵایـەتی گەلێ جار مرۆڤ هاندەدا کـە لە کاری خەراپەو هیچ‌و پووچدا بە پێچەوانـەی باوەڕی خۆی بەشـداری بکا ٠٠ برادەرێکم زۆر هێرشی دەکردە سـەر « موسارەعەو» دەیگوت یاریەکی نامرۆڤانەیەو قەت سەیری ناکەم ٠٠کەچی‌کە فلیمێکی موسارەعە لە تەلەفزیون نیشان‌دراو بینی بە سەدان کەس لـە دەوری گردبوونەوەو هاواری بۆ دەکەن ٠٠ زۆری پێ‌نەچوو ئەم (لەرزو تایە) گەیشتە هاوڕێکەشـم‌و دەستی کرد بە چەپڵە لێـدان‌و فیتوو کێشان ٠٠ ئەم تەئسیری کۆمەڵایەتی‌یە کە دەتوانین ناوی بنێـین ـ موگناتیسـێتی کۆمەڵایەتی ـ یا وەکو دەڵێن ٠ لەگەڵ گاران کەفتن ٠ ـ السیر مع القطیع ـ تا ڕاددەیەکی زۆر ڕێرەوی کەسـان‌و هەڵوێستیان لە ژیانا دیاری دەکا ٠٠ هـەر ئەمەشە وا لە سـەربازانی سووپا ، یا ئەندامانی لـە شکرێك دەکا کە ـ هەرچـەن چین‌و ، هەڵوێست‌و خولیاشیان جیاوازبێ ـ سـەر بۆ یەك پەیرەوێ شۆڕکەن‌و زۆر جار بە پێچەوانەی ویست‌و ئارەزوویان ڕووی لوولەی تفەنگیان بکەنـە سنگی کەسانی کە ٠

باشە مرۆڤ کـەنگێ یاخی دەبێ ؟ کاتێك کە دەکاتە پلەیەك لە هوشیاری « وەعی » کـە باری بەراوەژووی کۆمـەڵ‌و هەڵەکانی‌و یاسا پڕو پووچەکانی تێ‌دەگاو ناتوانێ لەگەڵیـا بگونجێ‌و هەڵکا ٠٠ وە لە هەمان کاتیشا ناتوانێ بێ‌کۆمـەڵ بگونجێ‌و هەڵکا ٠٠٠ چـاری ئیجابی بۆ ئەم بارە یاخی‌بوونە لە پێناوی گۆڕینی باری‌چەوت‌و چەوێڵی کۆمـەڵ بۆ بارێکی باشترو نوێ ٠٠(١) یاخی‌بوون بریتی‌یە لە : نا ٠٠ نا بۆ هەموو یاسایەك ، بایەخێك ، نەریت‌و ڕێرەوێکی کۆنی چـەوت ٠٠ جیابوونەوەیە لەو کاروانەی کە بە ڕێگایەکی هەڵـەو هەڵدێرا دەڕوا ٠٠ بەڵام پێویسـتە یاخی‌بوون لە ناو مناڵدانیـا تۆوی شۆڕش هەڵگـرێ ٠٠ شۆڕش واتە بەڵێ ٠٠٠ بـەڵێ بۆ هەموو یاسایـەکی باش ، هەموو شتێکی چاك ، هـەموو بیرێکی بە کەڵك بام کۆنیش بێ ٠٠ وە هەروەها خەباتە لەسەر ڕێگایەکی نوێ ـ کە لەگـەڵ واقیع‌و کات‌و شوێنا بگونجێ ـ بۆ دروست کردنی کۆمەڵێکی نوێ کـە هـەموو جۆرە چەوسانەوەو ئازارو درۆیـەکی تێدا بنەبڕ بکرێ ٠٠ بـەڵام ئەگـەر « نا »ی یاخی‌بوون هاوشانی « بەڵێ »ی شۆڕش نەڕۆیشت‌و تەنها ڕەت‌کردنەوەی هەموو شتێکی کۆن بوو بێ ئەوەی هەوڵبدا بۆ دۆزینەوەی جێگر ـ بەدیل ـ یێکی باشتر٠٠ ئەوا ئەو کاتە سەر لێ‌شێواوی دەگەیەنێ‌و خاوەنەکەی دەخاتە ناو دەریای بێ‌سنووری گوم بوونەوە بە جۆرێك کە هەرگیز ناتوانێ خۆی بدۆزێتەوە ٠٠

جگـە لەمەش یاخی‌بووان‌و نوێ خوازان پێویستە تیورو پراتیك لە لایان لێك جیـا نەکرێتەوەو کردەوەکانیـان ئاوێنەی ووتەکانیان بێ وە بـە پێچەوانە ٠٠٠ ئەگینا سەر نە نوێ ئادەمیزاد تووشی دەبێتەوە بە تووشی داستانەکـە ٠٠ داستانی تراژیدیای بێ‌کۆتایی مرۆڤایەتی ٠

ڕواڵەتی هەڵبەستی نوێی

ئەحمەد تاتانە

لەم دوایی‌یەدا چەند کەسێك کەوتبووە هات وهاوار وبەناوی نوێ‌خوازی‌یەوە دەستیان بـە قسـەی زلزل کردبوو ٠٠

ئێمەی لاوانی وێژەدۆست ، گەشەیەکی تازەمان کەوتـە دڵەوە ، بەهیوای ئەوەوە کـە ڕێبازێکی تازە لە وێـژەی کوردیدا سەرهەڵبدا ٠ کەچی ماوەیەکی دوور بەسەر ئـەو دەنـگەدەنگ ومقـۆ مقۆیـەدا تـێ‌پـەڕی بێ‌ئەوەی شـتێکی نـوێ لە بڵاوکراوەکانی ئەو کۆمەڵانەدا بەدی بکەین ، ئەگەرچی تاقمێك لەو تاقمانە توانیبێتیان چەند کەسێك لەدەوروبەری خۆیانـد کۆبکەنەوە وخۆیان وکەمایەتی‌ـ یەك بەوە هەڵخەڵەتێنن‌کە گوایە پێشـەوایەتی تـازەکردنەوە وداهێنان دەکەن ودامەزرێنەری ڕێبازێکی تازەن لە وێژەدا ٠

لەوانەیە هەندێك بپرسـن وبڵێن : چۆن ئەمان شـتی تازەیان نەداوە بەدەسـتەوە وهیچیان نەکردووە ؟!

بەر لەهەموو شتێك ، ئەبـێ ئەوە بزانین کە بوێـژی بەهرەمەند وتوانا مەرج نی‌یـە دامەزرێنـەری ڕێبـاز ورووانگەیەکی گشتیی نـوێ بێت ٠ چونکە ڕێبازی تایبەتی، ئەبێ بناغەیەکی پتـەوو ڕێرەوێکی دیاری کـراوی ئاشـکرای هەبێ ، ئەمەش بلیمەتێکی پێ‌دەوێ ٠

گۆڕان لەوێژەدا ـ وەکـوو ئاشـکرایە ـ لە دوو لادا ڕوودەدات ، لـەڕواڵـەت ولەناوەرۆکدا ٠ لێرەدا دەمەوێ تەنیا باسی ڕواڵەتی هەڵبەستی نوێ بکەم ٠

من لەو بڕوایەدا نیم کـە گەنجانی نوێ‌خوازی ئەمڕۆمان ـ هیچ یەکێکیان ـ توانیبێتیان لە ڕواڵـەتی هەڵبەستیانـدا گۆڕانێکی ئەوتۆ بێننەکایەوە ٠

بزووتنەوەی گۆڕینـی هەڵبەستی کوردی لە مامۆستا نووری شێخ ساڵح‌و مامۆستا گۆران وبرادەرانیانەوە دەستی پێ‌کرد ٠ ئەوەبوو کێشـی‌پەنجەیان زیندووکردەوە وئەم ڕێگایەیان گرت وبە کێشـی‌پەنجەی ڕێك گەلێ هەڵبەست هۆنرایەوە ورستەکانیـان لـەووشەی بێگانە ڕزگار کـرد ٠

دوابەدوای ئەوەوە ـ ئـەوەی‌پێش ئەم ئەوەی ئێستایە کـە داوای نوێ‌خوازی دەکـات ـیاخی‌بوونێك هاتە کـۆڕەوە

لەپاش ئەوەی کەهەمـەوودێڕەکانی هۆنـراوە لەڕووی کێشەوە وەك یەك بوو هەندێك لە بوێژان دەستیان بەتێکدانی ئەم یاسایە کردو کێشی دێڕەهۆنراویان تێکدا ، بـەڵام پەیوەندی‌یەکی گشتی‌ی کێشی تێدا هەر مایەوە ٠ هەنـدێ دێڕ چوار بڕگەیی بوو،هەندێکی‌تر دووئەوەندە ، وەیاسـێ ئەوەندەی ئەوبوو ٠٠ ئەمەش‌ئەوە ئەگەیەنێ کە ئـەو هەڵبەستە کوردیانەی کـە بەئازاد ناو ئەبرێن کێشیکی تایبەتیی گشتیی پەنجەیی‌یان‌هەیە ، کە ئەوەش چـوار بڕگەیی‌یە ٠٠ ئالەم جـۆرەهەڵبەستانە مامۆستا ـ کامەران مۆکری ـ لەساڵی ـ ١٩٥٧ . دا لە لاپەڕە ـ١٧ـ ی دیوانی ـ دیاری ـ دا ـ ئـەی‌کچەشوان ـ ی بڵاوکـردەوە کە لەسەرەتاکەیدا ئەڵێ :

ئەی کچە شوان
هەڵاڵەیی
ئەی کەنیـرەی کـەژی کوێستان
بەشێنەیی
نەرم‌ونیان
بەئاوازی شمشاڵەکەت
بەلەرەی لێوەئاڵەکـەت ٠٠هتد ٠

لەبیرەوەری کۆچی دوایـی‌یازدەهەمینی پیرەمێـردی نەمریشدا عەبدوڵڵا گـۆران‌ـ یادی پیرەمێردی بوێـژی دانا ، کە ئەمە چەند دێڕێـکەلەسەرەتایەوە :

ئەم بەهارە
لەسەرگردی مامەیارە
بۆ یانزە جار ،
نوێ گوڵاڵەی سـووری‌بەهار
خوێنی ڕژایە سەر گـیای‌**سەوز**
خوێن پەنگی خواردەوە ،وەك‌حەوز ٠٠

لێرەدا مەبەستم ئەوە نی‌یـە بڵێم کێ ئەم جۆرە هۆنراوەیەی بۆ یەکەم جار داهێنا ، بـەڵام‌ویستم تەنیا ئەوە ڕوون‌بکەمەوە کە ئەم جۆرە هەڵبەسـتەدەمێکە کەوتووەتە ناو وێـژەی کوردی‌یەوە ٠

مایەوە کۆمەڵە نووسـراوی‌سیهەم ٠٠ ئەوەش ئەو پارچە نووسراوانەن کە بەڕسـتەی‌کورت‌کورتی لەکێش وسەروا ڕزگاربووەوە نووسراونەتەوە ٠لەم دوایی‌یەدا ـ لەتیـف هەڵمەت ـ بۆ یەکەم جار بەوجـۆرەی نووسـیبووەوە وبەهەڵبەستی تازەی داهێنراوی‌داناپـوو ٠ بۆ نموونـە لە دیوانی ـ خواو شـارە بچکۆلەکەمان ـ دا ولە لاپـەڕە ـ٤٣ـدا ـ ووشەسووتاوەکان‌ـ ئەبینین ، تێیدا ئەڵێ :

کپی‌و خامۆشی خۆڵەمێشێکی نەبینراوە
لە دەلاقەی زامەکانەوە
هەناسەی ژیان لە ڕێگاکانا ئەدزێ
باوێشکی تاریکایی شەختەیەکی تەزیبووزبرە
ئەیەوێ ئەژنـۆی مێـژوو بشکێنێ
باڵی ئەم دارەشورانە دامەوە شێنن ٠٠ هتد ٠

هەر لەپاش ئـەوەشـەوە ـ شێرکۆ بێ‌کەس ـ بـەو جۆرەی نووسیبوو لەژێر ناوی ـ پەخشانی نوێ ـ دا بڵاوی کردبووەوە ، بەلای منەوە یا بۆ ئەوە پەردەی پەخشانی نوێی بەسەر ئەو نووسـراوەدا دادابوو ، بۆ ئەوەی خەڵـکەکە نەڵێـن لاسایی ـ لەتیف هەڵمەت ـ ی کردووە ، وەیـا بۆ ئەوەی بەخەڵك بگەیەنێ کە ئەویش ئەتوانێ شتی وا بنووسێ ، بەڵام ئەوە پەخشانە٠ ئەمەش چەند دێڕێـك نە ـ لەزەردەپەڕی دووئێوارەدا ـ کەی ، کـە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ـ ١١ ـی ساڵی دووەمدا بڵاوکراوەتەوە :

لەزەردەپەڕی ئێوارەیەکی ، هەزارو نۆسەدو شەست وپێنجا:

کە خەمی ناکۆکیمان ٠٠ لەئە شکەوتی دەربەندەکەدا ٠٠
دەسکەنە ئەکرد ٠٠ تا ٠٠ ئەبوو ٠٠
بەشاخی خەرمانێکی ڕەش و ٠٠ کێوەکانی ،
بەردەممانی ٠٠ دائەپۆشی !
لەو ئێوارەیەدا ـ تەتەرێکی کەڕوڵاڵ !٠٠
کە لەناو تەمو دووکەڵی ٠٠ شارەوە ٠٠ هاتبوو
گەیشتە لامان ٠٠ هتـد

ئەم نووسینانە ، پەخشـانی نوێ بێ یا هەڵبەسـتی سەربەستی نوێ بێ ، هەردوو کۆمەڵە کە هەر شـێوازی ـ بەرەو ڕووناکی ـ یەکـەی

بڕوانە ل ـ ٧ ـ

دوو پارچە هۆنراوە

سامی شۆڕش

١ ـ من ٠٠ ئـەوڕۆژە ٠٠
ئەڵێم : هانێ خۆشـەویستی
بە ئاگری ماچێـکی‌هار ،
دڵی برسیم ٠٠ تێر ٠٠بکرۆژە ٠٠
کاتێ ٠٠ ڕقی ئەم ئاسۆیە بێ هەتاوە
لە چاوی چەپکە مێلاقەی‌شاخەکانا ٠٠
بارووت ڕوا ٠ ٠،
٠ کەمەربەندی بەهارێکی‌سوور ٠٠ گەشاوە
لە کەمەری ساڵنامەی سەر عەرشی خوا ٠٠!
کاتێ ٠٠ پەنجەی ـ هـوشی منە ـ
قژی ئەو منداڵە کـوردە٠٠ شانە ئەکات
کە ئاسۆری مێژووێکی‌لە گەردنە ٠٠،
پێشی ئەڵێ : ڕۆڵـە ٠٠لامان
خۆر ٠٠ لە کەلی تفەنگێـکی سوورا ٠٠ هەڵات !
تا ٠٠ ئەو ڕۆژە ٠٠
برینی عەزرەتی تەمەن ٠٠ ئەمخواتەوە ٠٠،
تا ٠٠ ئەو ڕۆژە ٠٠
بێشکەی ژانی ٠٠ ئێجگار ٠٠ تینوو ٠٠
بۆ قومێ ئاو ٠٠ ئەمهێنێت‌و ئەمباتەوە ٠٠

◉ ◉ ◉

٢ ـ
٠٠ لە پاش ئەوەی خولکەی سەعات ٠٠،
مێژووی ئێشی زەردەشتی‌بۆ گێڕامەوە ٠٠ ،
لەپاش ئەوەی لە ڕووباری ئارەقەی یاخی‌بوونما ٠٠ توامەوە ،
لە پاش ئەوەی لەگەشتێکی ناوگریانی چەوساوەکان ٠٠
گەڕامەوە ،
زانیم ٠٠ زانیم ٠،
چاوی تفەنگ ئاسمانێکی‌بێ سنوورە ٠٠
کوردستانیش ٠٠
کاتێ گڕی نەورۆزی ساڵ٠٠ قووتی ئەدات ٠٠
گوللەیەکی قەوان سوورە ٠٠

سێ ئاوازی خۆشەویستی

عبدالسلام محمد
کەرکووک : ١٩٧١

١ ـ زەنگی شەو
خۆشەویستم
ئەمەوێ ڕەخنەی ناوزەنگی سێبەرەکان
بە زنجیری سووری تۆڵەوە ببەستم !!٠٠
گشت ئەو گوڵە وەریوانەی
لە من ئەچن ٠٠ لە تـۆئەچن ، کۆکەمەوە
لەگەڵ ڕوخساری سووتاوی دیوارەکان
بۆ بەهاریان ببەمەوە !!٠
خۆشەویستم ٠٠
هاتووم تیشکی یاخی‌بوونم‌بکەمە چاوەکانتەوە
ئاگرێـکی دەم وەك ڕووبـار
بەردەمە لێوەکانتەوە !!٠

٢ ـ شیلەی ژاڵا
چەن حەز ئەکەم ـ تیمساحێك ـ بم
لەگەڵ هەوری شێوەنی‌دەریا سوورەکان
بەناو چاوتا بێم‌و بچم !!
بە بڵێسەی خامەی نەبینراوی لێو
نیشتیمانێك
کوردستانێك ، بنەخشێنم‌لە تاسەی کێو !!
چەن حەز ئەکەم
ئەو چەترانەی کـە ناهێـڵن
سوخمەی بۆنی کەژاوەکان ، هەڵوەشێنم
کە ڕێ نادەن
گوڵەکانی باخچەکـەمان‌سەر دەربێنن
وەك هەورازی
تابلۆی زستانی شارەکەم٠٠ بسووتێنم !! ٠٠

٣ ـ کاروانی موژدە
کە شەونمی زیندانەکەم
دەس بە پۆڵای بەربەیانی‌مەرگا ئەگرێ
خەم ئەباری ٠٠ لە دووەڕزی وولاتەکەم !!
کە هۆنراوە
لەگەڵ ملی بەهاری ئاژاوەی شەوا
بە پەت ئەخرێ دەم !!
زەنگی بڕوات بۆ لـێ ئە
ئەو کاتەی کۆرپەی نـاوبێشکە ئەتوێتەوە
قژی سەنگەر
گۆرانی تاڵی سەرسامی ئەڵێتەوە
چریکەی بوون
شەوبۆی نەهەنگ،ئەکاتەسێدارەی وون‌بوون !!٠٠
لەو کاتەوە خۆشـەم ئەوێ‌ی
کە لە ناو کەشتی ئارامی‌ووشەکانما
مەلەت ئەکرد ٠٠
کە کرنۆشت
بۆ ئەهریمەنی گوڵزاری‌خەندە ئەبرد !
لەو کاتەوە خۆشـەم ئەوێ‌ی
کە لەگەڵ کاروانی تووڕەی ژانەکانا ڕیز کرابووی
کە تۆش وەك من
بە گوێسوانەی مزگەوتەوە هەڵواسرابووی !! ٠٠

یادداشتی یەکێتیی ماموستایانی کوردستان لقی سلێمانی دەربارەی خوێندنی زمانی کوردی

بو :-
وەزارەتی کاروباری ژوورو
مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی ماموستایانی کوردستان
بەڕێوەبەرێتی گشتیی خوێندنی کوردی .
یەکێتیی نووسەرانی کورد .
کۆمەڵی ڕۆشنبیریی کورد .
ڕۆژنامەی هاوکاری .
پاش سڵاوو ڕێزمان ..

لە ئەنجامی وتنەوەی کتێبی (خوێندنی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی) لەلایەن چەند ماموستایەکی کوردییەوە ، بۆمان دەرکەوتووە کە کتێبی ناوبراو پڕە لە هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس جگە لە هەڵەی فێرکردنی زمانی کوردی لەلایەن قوتابیانی عەرەبەوە کە لەو کتێبەدا پەیرەوی تیادابەدی ناکرێ پاش داواکردنی ئەو ماموستایانە لقی یەکێتیمان بە پێویستی زانی کە لیژنەیەك پێك بهێنێ لە چەند ماموستایەکی شارەزا لە زمانی کوردیداو لە ئەنجامدا ئەم یادداشتەیان پێشکەش کردو ئێمە لەگەڵ پاڵپشتی ناوەرۆکی یادداشتەکەدا تکاتان لێ ئەکەین کە بە پێی بکرێت ، ناکتێبێکی وا چاپ بکرێ کە کەڵك و سوودێکی ئەوتۆی لێ ببینرێ لەگەڵ ئەو پێشنیازانەدا بگونجێ کە داوا کراوە لە یادداشتەکەدا .. ئیتر سوپاس .

دکتور کمال خۆشناو
جێگری سەرۆکی یەکێتیی ماموستایانی کوردستانی عیراق
لقی سلێمانی

وێنەیەکی بۆ :
هەموو لقەکانی یەکێتیی ماموستایانی کوردستان .
هەموو لقەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد .

دوای ئەو گیروگرفتەی هاتە ڕێی ماموستایانی زمانی کوردی لە قوتابخانە عەرەبییەکاندا سەربارەت بە ووتنەوەی ئەو کتێبەی کە بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی دانراوە ، وە دوای ئەو چەند تێبینییەی کە هەندێك لەو ماموستایانە نووسییان دەربارەی کتێبەکەو لە ڕۆژنامەی ژیندا بڵاوکرایەوە ، یەکێتیی ماموستایانی کوردستان - لقی سلێمانی بە پێویستی سەرشانی خۆی زانی کە بە تەواوی بچێتە بنج و بناوانی گیروگرفتەکە تا شیاوی و نەشیاوی پەرتووکەکەی بۆ دەرکەوێت ، لەبەر ئەوە داوای لە چەند ماموستایەکی کوردی زان کرد کە ئامادە بن بۆ کۆبوونەوەو لێدوان لە هۆڵی قوتابخانەی پێشکەوتنی سەرەتایی کوڕان وە دوای چەند کۆبوونەوەیەك و لێکۆڵینەوە گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە ئەویش ئەوەیە :-

لەبەر ئەوەی پەرتووکەکە بە کەڵکی ئەو مەبەستانە نایەت کە بۆی دانراوە بۆیە پێشنیاز ئەوەیە کە پەرتووکەکە لابرێت وە یەکێکی تری ڕێك و پێك دابنرێت ، چونکە :-

١ - لە بارەی چاپ کردنەوە ناڕێکەو ووشەکانی زۆر نە یەکەوە نزیکن کە قوتابی عەرەب سەری لێ ئەشێوێ .

٢ - باسەکان بە پێی ڕێزمان نەنووسراوانەتەوە ، جگە لەوەش بابەتەکانی ئەوەندە سادەن کە بۆ مندال ئەشێ نەك بۆ قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، لە بابەتەکانیدا باسێکی کورد وە یا پەیوەندی کوردو عەرەبی تیا نییە .

٣ - بۆ مەبەستێکی وا پێویستە سوود لەو پەرتووکانە وەربگیرێت کە بە زمانی بێگانە دانراون بۆ فێربوونی کەسانی گەورە کە تازە ئەو زمانە فێر ئەبن (وەکو :- ئینگلیزی ،فەرەنسی فارسی .. هتد) .

٤ - سەرەتایەك بنووسرێ دەربارەی جیاوازی زمانی قسەکردن و زمانی نووسین هەروەك جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم دووانەدا لە زمانی عەرەبیی و زمانەکانی تر .

بە شێوەیەکی گشتی پەرتووکەکە پلەیەکی زۆر نزمی هەیە وە زۆربەی باس و نووسینەکانی بێ کەڵك و ساکارن و بۆ قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەست نادەن هەر چەندە هەندێك وانەی کەمی تیایە ، کە باس و نووسینەکەی باشە بەڵام ئەوەندەی هەڵەی ڕێنووسی تێدایە کە باشییەکەی شاردووەتەوە . بۆ نموونە لە باسی بازاڕدا کە ئەڵێ مریشك و کەڵەشێر .. هتد ئەفرۆشرێت لە پرسیارەکانا ئەڵێت .. (ئایا کەڵەشێر نێرە یان مێ) کە شتی وا لە قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ناپرسرێت . جگە لەوەش ووشەی عەرەبی زۆری تیایە کە قوتابیی عەرەب ئەخاتە ناو گێژی پرسیارەوە (ئایا کوردی لقێك نییە لە زمانی عەرەبی .. ؟) .

لەم ڕووەوە ئەتوانین بابەت و باسی پەرتووکەکە لە چوارچێوەی ئەمانەی خوارەوە بە کورتی باس بکەین :

١ - لە بارەی ڕێنووسییەوە .
٢ - بابەت و باسەکان .
٣ - بەکارهێنانی ووشەی بێگانە .
٤ - مەشقەکان .
٥ - وێنەو نیگارەکان .
٦ - بەکارهێنانی زۆر شێوەی زمانی کوردی .

١ - ڕێنووس - املاء - :-

پەرتووکێك کە دائەنرێت بۆ فێربوونی زمانێك بە تایبەتی کە لە لایەن میرییشەوە بڕیاری لەسەر ئەدرێت کە لە قوتابخانە بخوێنرێت پێویستە لە بارەی ڕێنووسەوە زۆر تەواو بێ و هەڵەی چاپی نەبێ، نابێت هەڵەی تێدا بێت . بەڵام ئەم پەرتووکە بە پێچەوانەی ئەمەوەیە ، تەنانەت یەك ووشە بە چەند جۆر نووسراوە . وە ئەگەر لە هەموو هەڵەکان بدوێین زۆری پێ ئەوێ ، ئێمە تەنیا هەندێك نموونە ئەخەینە بەرچاو وەکو کورد ئەڵێ (مشتێك نموونەی خەرواریکە)

أ - لە بابەت (و) کە بە شێوەی (بۆر)ی عەرەبی ئەخوێنرێتەوەو (وو) کە واوی درێژە .

لە هەندێك شوێن کە ئەبێ ووشەکە بەواوی درێژ بنووسرێت یەك (و) بەکار هێنراوەو لە هەندێك ووشەی تردا بە پێچەوانەوە . وەکو دانیشتون ، سوورەیا) لە وانەی چوارەمدا لاپەرە (٢٢) . لە وانەی نۆیەم لاپەرە (٥١) ووشەی (مەحموود) لە پەخشانەکەدا چوار جار بەکار هێراوەو هەر جارێکیان ڕاست نووسراوە واتە بە دوو (و) ئیتر ئەوانی تر بە یەك(و).

جا لێرەدا ئەگەر یەکەم ڕاستە ئەوا با ئەوانی تریش وەك ئە، بنووسرێن ، وە ئەگەر دووەمیش ڕاستە با وەك دووەم بنووسرێت ، ئەگینا بۆ سەر لە قوتابی شێواندن بە تایبەتی کە ئەوەی زمانەکە ئەخوێنێ بێگانەیە .

ب - ئەگەر ووشەیەك بە پیتی بزوێن کوتایی هات وەکو (چەقۆ ، قوتابی ، زانا) کاتێك کە ئامرازی پێناسینی ئەخرێتە سەر ، یان کۆی ئەکەینەوە واتە نیشانەی (ان)ی ئەخەینە سە یاخود ئامێز (ئیشارە)ی تاکی ئەخەینە پێشییانەوە گۆڕین بە سەرناوەکەدا دێت بۆ نموونە (ئەمە ، ئەوە زانایە) (ئەم چەقۆیە تیژە) (ئەو قوتابییە - قوتابییانە - زیرەکە ، زیرەکن) . بەڵام لێرەدا هەرچی ووشەی قوتابی هاتووە بە هەڵە بەکار هێنراوە جگە لە دوو سێ ووشەی نەبێ کە بە ڕاستی بەکارییان هێناوون وەکو ووشەی کوردی لە ڕستەی یەکەمی لاپەرە (٣٤)دا کە ئەڵێ (ئەم ووشە کوردییانە بکە بە عەرەبی) . لەوانەی (١٨)دا لاپەرە (١١٧) ئەم دوو ڕستەیەیان بەکار هێناوە :-

١ - سەعات چەند بڕۆین ؟
٢ - سەعات شەش ئەڕۆین .

لە هەردوو بارەکەدا (بڕۆین) یان (ئەڕۆین) کرداری ڕانەبوردون ، بەڵام بۆ جاری یەکەم بە دوو (ی)و جاری دووەم بە یەك (ی) بنووسرێ ئەگەر دەستوورێکی هەیە ، ئەبوایە ڕوون بکرێتەوە، ئەگینا هەر لە کۆڵ خۆکردنەوەیەو چی تر نییە ، ئەگینا کردارەکان ڕانەبوردوون یەکەم (اخباری) دووەم (الزامی) . لە کوردیدا ئامرازی نەشوناس ئەمانەن : (یەك ، یك ، ی) سێیەمیان کورت کراوەتەوە ، ئێستا لە نووسیندا کەم بەکار ئەهێنرێت و ئەگەڕێتەوە سەر (أصلەکەی) خۆی کە (یك)ە . بەڵام ئەمان هاتوون شتێکی سەیرتریان پەیدا کردوە ، ئەویش کە (یێك)ە ، جگە لەوە (ك)ە کەیان لە هەندێ شوێن لابردوە کردوویانە بە (یێ) . نموونەی یەکەم وەکو (نیوەڕۆیێك ، شقارتەیێك ، ووشەیێك باخچەیێك) ، نموونەی دووەمیش (پسولەیێ) .

ج - لەلاپەرە (٥٤) دێری حەوتەمدا ، کە سێ پیتی بزوێن بە یەکەوە هاتوون لە ووشەیەکدا ، کە ئەمەش هەڵەیە ، لە کوردیدا دوو بزوێنی وەکو یەك لە تەنیشت یەکدا نایەن ، ئینجا کە بوو بە سێ ئەوا هەر باسی ناکرێت . ئیتر لەم بابەتە زۆری تری تێدایە ، گەر هەموویان باس بکەین ، ئەوا ئەبێ لە پەرتووکەکە زیاتر لاپەرە کەڵەکە بکەین .

د - ووشەی شەممە بەکارهێنراوە ، بەڵام بە یەك (م) کە ئەمەش کورت کراوەی (شەمە)یەو واتای شەممە نادات بە دەستەوە .

٢ - بابەت و باسەکان :-

بەشێوەیەکی گشتی بابەت و باسەکان کرچ و کاڵ و ناتەواون وە ئەگەر لەگەڵ پەرتووکێکی تردا بەراوردی بکەین کە بۆ هەمان بابەت دانرابێت ئەمەی خۆمان لە پلەیەکی زۆر نزمدایە . لێرەدا بۆ ڕاستی قسەکەمان لە چەند وانەیەکیان ئەکۆڵینەوە :

وانەی یەکەم بریتییە لە پیتە بزوێنەکان کە هەر یەکەیان خستووەتە ووشەیەکەوەو وێنەیەکییان لە لاوە بۆ کراوە (لە دواییدا باسی ئەو وێنەو بابەتانەش ئەکەین) بۆ نموونە ووشەی (کیژ)یان هێناوە کە پیتی (ژ)ش یەکێکە لەو پیتانەی کە لە زمانی کوردیدا هەیە لە عەرەبیدا نییەو هێشتا قوتابی نەی خوێندووە بەڵکو لە وانەی دووەمدا ئەی خوێنێت . وە هەروەها بۆ پیتی (و) ووشەی (کوڕ)یان هێناوەتەوە کە قوتابی فێری (ڕ) نەبووە بەڵکو لە وانەی هەشتەمدا ئەی خوێنێت ئیتر نازانم چۆن دانەرە بەڕێزەکان ئەم دوو ووشەیەیان هێناوەتەوە بۆ بەکار هێنانی (ی ، و) ئەمە لە لایەن لادان لە دەستوورو چۆنێتیی ووتنەوەی پیتەکان لە ووشەو ڕستەدا ، لە بارەی بابەت و باسەکانیشەوە هەر باس ناکرێت کە چەند کەم و کوڕی و ناتەواوی تێدایە ، هەر لەوانەی یەکەمدا کە حەوت ووشەیان بۆ پیتە بزوێنەکان هێناوەتەوە بۆ هەر ووشەیەك وێنەیەکیش کێشراوە ، ئەم حەوت ووشەیە سێ لاپەڕەو نیوی گرتۆتەوە ، واتە هەر دوو ووشە لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان کراوە ، ئیتر نازانین ئایا لەبەر ئەمە بووە کە پەرتووکەکە بە قەبارەی زل دەرچێ و بە نرختر بێ یان هەر وایان بە باش زانیوە . ئەمەش هەر وەنەبێ بە تەنیا وانەی یەکەم بەم جۆرە بێ بەڵکو وانەی (دووەم ، سێیەم چوارەم ... هتد)یش وێنەکان لە نووسینەکانیان داگیرکردووە لە هەموو پەرتووکەکەدا دوو سێ وانەی تێدایە کە بە کەڵکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بێت ، یەکێکیان وانەی دووەم کە ئەویش بێچگە لەوەی دوو هەڵەی چاپی تێدایە دوو هەڵەی ڕێنووسیی تری تێدایە کە لە جیاتی (پێنج شەممە) (پێنج شەمە) لە جیاتی (هەڤاڵ) (هاڤاڵ) یان بەکار هێناوە . وەهەروەها لەمەشقی (٥و٧)یش وەکو لە باسی مەشقەکاندا لێیان ئەدوێین لەنرخی وانەکە کەم ئەکەنەوە ئەگینا پارچە پەخشانەکەی کە لەم وانەیەدا نووسراوە بابەت و باسێکی جوانەو بە شێوەی گفتوگۆ هێنراوەتەوە ، وە ئەگەر هەموو باس و بابەتەکان وا بو نایە پەرتووکەکە پلەیەکی بەرزی ئەبوو و ئێمەش تووشی ئەم ئەرك و خۆ ماندووکردنە نەئەبووین .

ماوێتی

بەیتی تەلەفزیۆنی کەرکوك وئێزگەی کوردی وەدوونامەی کراوە !

ووتویانە (زۆر گۆتن ، لەزگ سۆتن) ... لەو ڕۆژەی کە مقۆمقۆ کەوتە نێو خەڵکی کوردستانەوە .. گوایە ئەمانیش بەهۆی (تەلەفزیۆنی کەرکوك)ەوە ، پێئەنێتە قۆناغێکی گەشەداری کۆمەلایەتییەوە ، لەدواگرێکانی چەرخی بیستەم چەرخی لوناخود وتەکنەلۆژیا وکەللەسەرگۆڕین وشیعری ماتماتیك .. هەزاران‌دەستت لەدوعاخوانی بوو، بەڵکو ئێ ئەمە خوایە ، کوردیش ببێتە خاوەن (تەلەفزیۆنی خۆی) ، بەڵکو بە ڕێی ئەم‌دەزگا ئیعلامییە زەلامەوە ، زۆر شت ... لە هونەر وکەلەپووروبیرەوەری وسامانی نەتەوایەتی وشیعر وبیر وزانستت وهەزارەها بەهرە وداهێنان وسەلیقە وتوانستی کوردی بخاتە بەردەست وپێخۆری نەوەی چاونەترسی ئەمڕۆی بکات وپەیامی پیرۆزی (کوردایەتی) پێ بگەیەنێتە مەنزڵگا وئادەمیزادی کوردی پێ سەرفیراز کات ..!!

کەچی ئەم هەموو خۆزگەوئەگەر وخەونەی بەپێچەوانەوە وەرچەرخا وئەم جارەش(بەختەکەی) چاکی بۆ نەهێنا ودیارە (ئەگەر با بێ ئەگەر بۆران ، هەر لەزستان کەم ئەبێتەوە) ! وهێشتا بارەکەی کورد هەر (چل مەنە) کەیە چش .. با کورد هەرلەژانەسەرا بێ وهەر زەقەی چاوی بێ .. نەك ، ئەمە ، بەڵکو مەسەلەی تەلەفزیۆنی کەرکوك - هێنەکەی مووسڵ هەر باس مەکەن - بووە بە (بەهێی بلە)و وەك (بنێشتەخۆشەی) لێ هاتوە وهەر نابڕێتەوە .. ئێمە ڕامان وایە، ئەم خەڵك وخوایەی کەوتۆنەتە دادەداد ویەخەدادڕین لەدەستت تەلەفزیۆنی کەرکووك (حەقی خۆیانە) وزۆریش(حەق) وئێمە پشتگیرییان ئەکەین .. هەر بۆیەش ئەم (دوونامەیەی) کە لەکوردستانەوە پێمان گەیشتوە بەپوختی ئەخەینە بەرچاوی لێپرسراوانی میری نیشتمانی وکاربەدەستانی دەزگای گشتی ئێزگەو تەلەفزیۆن ، بۆ ئەوەی بەکارامەیی‌یەوە هانای دەنگی ئەم (دوو نامەیە) کەڕەنگی دەنگی ملیۆنەها کورد ئەرێژی چارەسازێك بۆ ئەم گیروگرفتە ئاڵۆزکاوە بدۆزنەوە وخەڵکەکە لەخۆیان ڕازی کەن ..! بێ گومان ئەم دوونامە سادەو ڕەوان وقوولەی ئەم لاپەڕەیە کە لە دەربارەی تەلەفزیۆن وئێزگەی بەشی کوردییەوە ئەدوێ (مشتێکە لەخەرواریك)وباشترین یادداشتنامەیەکە بخرێتە بەردەست لێپرسراوان وکۆمەلانی خەڵك کە ئەبێ (هەموو حەقیقەتێك - بێ پێچ وپەنا - بخرێتە بەردەستیان) . هیوادارین ئەم داخوازییە نیشتمانییە ، بە زووترین کات جێی خۆی لەدڵی لێپرسراوانی ئەم دوو دەزگا ئیعلامییە کاریگەرە بکاتەوە.. تەنیا ئاوڕێکیش لە هەستو شعووری ئەم خەڵکی کوردستانە بدرێت ..!

(هاوکاری)

نامەی یەکەم لەکاک محمد رفیق پێنجوینی)یەوە

لێرەدا داواکاری یەکەم دەست پێ ئەکات کە ئەوەش باسی تەلەفزیۆنی کەرکووکە سەدەها جار لەسەری نوسراوە چی بنووسم ؟ . هەرچی بنووسم کەمە لەکەم وکوری ئەم ئێزگەیە ، بەراستی ماوەیەك ئەبێ ، وای لێ هاتوە هەربۆ ئەوە باشە نەیکەیتەوە وابزانی هەر نەبوە ..! جاران چەند بەرنامەیەکی کوردی هەبوو ، لەسایەی خواوە ! ئەویش نەما .. بۆچی ئێزگە بۆکێ دانراوە ؟. زۆر باشە ئەی لەکوردستانا نیە وپتر لەملیونێك شارنشینی کورد نایبینێ ؟ زۆر شەو سرودی عەرەبی تیایە ، چەندخۆش ئەبوو ئەگەر چەند سرودێکی کوردی وەك (ئەی ڕەقیب) و ئەوانی تر بۆ گوێگرانی کورد دابنرایە ؟! جاران چەند چیرۆکێکی تەمسیلی کوردی تیابوو ، ئەویش خۆتان خۆش .. چەند خۆش ئەبوو ئەگەر بهاتایە چەند بەرنامەیەکی وەك (حول العالم) ببوایە یاخود لێکۆڵینەوەی کوردی بوایە لەهەموو بارەی ژیانمانەوە ، چەند جێی شانازییە ئەگەر منداڵانی کوردیش بە چیرۆکە کۆنەکانی کورد شوێن پێی باوباپیرانی خۆیان بدیایە .. کەی ئەو ڕۆژەی دێ یارمەتی هونەرمەندی کورد بدرێت ودەس بەباڵییەوە بگیرێت بۆ جێبەجێ کردنی پەیامی پیرۆزی هونەری کوردیمان . بەکورتی بیبرینەوە پرۆگرامی ئێزگەکەمان ئاوایە :

(لەکات ژمێری (٦) **ئێوارەوە ، تا کاتژمێری** (١٢٫٥) شەو ئیش ئەکات ، یانی (٦) سەعات ونیو لەئیش کردنایە ، تۆ بڵێی (٦)سەعات بەشە کوردییەکە ئەم (٦) سەعاتە تەنها (٣) گۆرانی کوردی کە (٢٥) دەقیقە ناخایەنێ ، لەگەڵ دەنگوباس ئەویش کە (٢٠) دەقیقە نابێ. بەڵێ (٤٥) دەقیقە بۆ هەرسێ شاری کوردستان (کەرکوك وهەولێر وسلێمانی) .. بەڵێ (٤٥) دەقیقە .. ئەی (٥) سەعاتەکەی تر بۆکێیە ؟ ئەمەیان هەر خوا ئەیزانێ ..! خۆ پرۆگرامی بەشی بەیانیانی هەینی و جەژنەکان ، تا ئێستا پرسیار بکەن بزانن (١) یەك بەڵێ یەك - سەیرنیە - دەقیقە کوردی بوە ، بەڵام خوا قبول ناکا لەشەوی مناسەباتە کوردییەکاندا ، پرۆگرامی کوردی زیاد ئەکا وخۆی لە (٢) سەعات ئەدات .. کاربەدەستە گەورەکان ، دڵسۆزان ، چارەی نەخۆشی ئێزگەی کەرکوك بکەن ، بەشکەم نەمرێت .. هەر چەندیش مردن لەڕێگای هەمووماناییە ؟!

نامەی دووەم لەکاک (زاهر محمد)ەوە دەربارەی ئێزگەی ڕادیوی کوردی

لەباسی پێشوماندا بەڵێنمان دابو کە بەشی دووەمی ئەم باسەتان پێشکەش بکەین .. وە ئێستا خۆم بەبەختیار ئەزانم کە لەم بەشە لەگەڵ خوێنەدوارە خۆشەویستەکان پێك بگەینەوە .. وەلەهەمان کاتدا داواشیان لێ ئەکەم کە ئەم بەشە بەووردی سەرنج بدەن لەبەر گرنگی باسەکە .. وەهەروەهاداوا لەهونەرمەندانی کورد ئەکەم بەتایبەتی کە بیروڕاو پشتگیری خۆیان دەربڕن .. وەئەگەر پێشنیارو شتێکی تری تازە بابەت لەم ڕووەوە بەدی ئەکەن بڵاوی بکەنەوە یا بۆمان بنێرن .. لەم بەشەمان باسی هۆی دواکەوتنی هونەری ئەکەین وە ئەو کەندو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە ڕێی هونەرمەندانی کورد . وەپەیوەندیی و کارکردنی ئێزگەو تەلەفزیون تا چ ڕادەیێك لەم ڕووەوە :-

بێ گومان شتێکی ئاشکرایە کە وەختی خۆی ئێزگەی کوردی لەبەغدا کە دامەزراوە لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کوردان نەبوە وبۆ خزمەتی هونەری کوردی نەبوە . بەڵکە شتێك بوە بۆ بەرژەوەندیی و دیعایەی حکومەتە کۆنەپەرستیەکانی پێشو پێش هەمو شتێك وەبۆ چاونوساندنی هەندێ لەکوردە ساوێلکەکان تا ڕادەیێك . ئەگینا ئێزگەییك بێ و بەکوردی بدوێ و بۆکورد بێ بۆ لەشارێکی گەورەی کوردستانا نەبێ ..؟ ئێمە تەماشا بکەین بە نیسبەت هونەرمەندێکی کورد . گۆرانی بێژ بڵێین ئەگەر بیەوێ بەرهەمێکی نوێی خۆی تۆمار بکا . خۆ ئەگەر لەشارێکی دووری کوردستانا بێ ئەبێ زەحمەتی وماندووبوونی ڕێگای دوورودرێژی بەغدا بچێژێ ، کە ئەگاتە ئەویش چەند ڕۆژێك دوای ئەخەن ، بەبیانوی (سرە) . یاخود چەند هەفتەیەك دوائەکەوێ تا نۆبەتی دێ ، ئەو وەختەش چەند کەسێك گوێ لەگۆرانی‌یەکەی ئەگرن وبەئارەزوی خۆیان چاکی وخراپی بۆ بریار ئەدەن .

جا ئەو وەختە ئەبێ شیعرەکەش بگۆڕێتە سەر زمانی عەرەبی ئەگەرهات ووشەیەکی‌یان لەم شیعرە بەدڵ نەبوو ، بریاری بۆ دەردەچێ بە (نەء) !! . هەر چەندە گۆرانییەکەش باش بێت .

با ئەمەشیان قەیدی نەبێ ، ئەگەر هات و لیژنەیەکی باش و تێگەیشتوو بێ ، بۆ ئەوەی کامە بەرهەمی باشە ئەوە تۆمار بکرێ ، ئەگەر ئەوە مەبەس بێت .. بەڵام بەداخەوە وانیە ، چونکە من ئەم چەند ڕوداوە بۆ خوێندەواران ئەگێڕمەوە با ئەوان حوکمی بەسەرا بدەن :

ساڵێك لەمەوبەر ، گۆرانی‌یەکم دابوە گۆرانی بێژێك بۆ تۆمارکردنی لەئێزگەدا ، دوای (کوێرن !) وئەوانە ڕۆژێ گوێ گرتنی لەئاوازکە بە(باشە) بریاری درابوو ، دوای ئەوە لەسەر شیعرەکە قەدەغەکرا ، چونکە شیعرەکە ئەڵێ :

(کوردستانی خۆش ، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلە
گاهی منی بێگومان)

کە لە شیعری (دڵدار)ی نەمرە .

چۆن ئەبێ بڵێین (قیبلەگاه) موسڵمانان تەنها یەك قیبلەیان هەیە !!. لەسەر ئەم ووشەیە ، جارێکی تر گۆرانییەك سەری پەڕی .. ووتیان تەنها ووشەیەك بگۆڕن .. ئێمە قبوڵمان نەکرد ، چونکە چۆن شیعری (دڵدار)ی نەمر دەست لێ بدرێ وبگۆردرێ ..!؟

جا ئێستا بڵێین بەرهەمەکە تۆمارکرا بەڵام. ئەزانن هونەرمەند ئەو کاتە چەند پارە وەرئەگرێ ؟. شتێکی زۆرکەم بە نیسبەت ئەو ماندوبون وهاتوچۆیەو هونەرە وە کابرا چەندەها ئەوەندەی سەرف کردوە لەو ماوەیە تابۆی تۆمارکراوە . جا لێرە مرۆڤ هەر چەند جارێك ئەتوانێ مامەڵەی وا بکا کەڵێی تووشی زەرەروزیان ببێ . وە هیچی تر بەدوایا ناچێتەوە با لەپێناوی خزمەت وهونەری کوردیشا بێت . ئەمە لەوەختێکا کە لەزۆر وولاتانی جیهان هونەر بۆتە هۆیەکی زۆرباش بۆ ژیان وگوزەرانی کەسان وەهونەرمەندی وا هەیە کە لەهەرەدەوڵەمەندەکانی جیهان ئەژمێردرێن .

ئێستا بێینە سەرخاڵێکی تری زۆر گرنگ لەدواکەوتنی هونەری کوردی .. ئەگەر گوێ بگرین لەگۆرانی و موسیقاکانی ئێزگەو تەلەفزیونی کوردی عیراق هەموی ئەبینین شێوەو (طابعێکی) عەرەبی ئەبەخشن . وەگشتیان زۆر دوورن لەشێوەی کوردی .. ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە کەهەندێ لەهونەرمەندانمان ڕۆشنبیری هونەری (الثقافە الفنیە) عەرەبی کاری تێ کردوون لەکاتی خوێندنا یاخود جێ نشینیانا لەناوچەییکی عەرەبی . « وەبێ گومان هەمو میللەتو گەلیکی سەر ئەم زەمینە چۆن زمان و ژێژو مێژوەکی تایبەتی خۆی هەیە ئاواش هونەری تایبەتی خۆی هەیە کە شێوەییکی تایبەتی خۆی هەیە لەهی گەلانی تری جیائەکاتەوە وبەئاشکرا دیارە) هەریەکێکمان گوێ لەگۆرانییەکی فارسی یاتورکی یاهەر میلەتێکی تر بێت ئەگەر ووشەکانیشی تێ نەگا بەشێوەکەی ئەزانێ هی چ میللەتێکە » جا ئێستا ئەگەر گۆرانییەکی کاکڵەکوردی بەبەیتە ئێزگە ئایا وەکو ئەتەوێ یاوەکو خۆی دەردەچێ لەکاتی تۆمارکردنا ؟؟ نەخێر کە گوێ لەمۆسیقاکەی ئەگری بەهیچ جۆرێ ناتوانی جیای بکەیتەوە لەمۆسیقاو ئاوازێکی عەرەبی . ئەمەش ، هۆیەکەی ئەوەیە کە زۆربەی یاخود هەموو موسیقارەکانی ئێزگە عەرەبن و لەچەند جێگایەك و (کابرێ) یەك ئیش ئەکەن ، کە دێنە ئێزگە بۆ ئەم ماوەکورتە هەر گۆرانییەکی کوردی بێت کە طابعێکی کوردی تەواوی هەبێت ناتوانن حەقی خۆی بدەنێ وئەوان هەر لەشێوەو طابعی خۆیان لێی ئەدەن .. (چونکە وەك ئێمە کە موسیقارین ئەزانین شێوەگۆڕین زەحمەتە وبەهەموکەس ناکرێ .. هەروەك چۆن موسیقارێکی عەرەب ، ناتوانی طابعی تورکی یاخود فارسی یا هیندی دەربێنێ ، ئاواش ئەوان لەوانەیە ناتوانن شێوەو طابعی یەکتری دەربهێنن - بەتەواوی)

کە ووتمان بۆ ئەم ماوەکورتەش ، مەبەسمان ئەوەیە کە دەوامی تیپی موسیقای ئێزگە ڕۆژێ لەسێ سەعات تێپەر ناکات ، وئەم ماوەیەش زۆر جار هەیە کە نیو سەعات تێئەپەڕێ ، تا هەموویان ئامادە ئەبن وزیاتریش لەنیو سەعات بەقسە و (دۆزان) کردنی ئالەتەکانیان خەریك ئەبن ونیو سەعاتیش دەوام ئەمێنێ، ئێزگە بەجێ دێڵن.. جا چی مایەوە؟ هەر بەشی تۆمارکردنی گۆرانییەکی زۆر بچووك وئاسان . جا ئێستا بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردیمان ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەس نیشان ئەکەم کە جێبەجێ کردنیان بێشك ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی هونەرەکەمان .

یەکەم :-

دامەزراندنی تیپێکی موسیقا لە هونەرمەندە کوردە چاوساغەکان لەسەر شێوەی نوێ وزانستی لەسەر نۆتەی موسیقای ڕۆژئاوایی ئیش بکەن « هەروەکو تیپی موسیقای سلێمانی وتیپی باواجی کۆیە ئێستا لەسەری ئەڕوا . » وە سەر بە ئیستگەی کوردی بێت وە دەوامیشی بەیانیان وئێواران بێت وەئەندامەکانی هیچ ئیشیکی‌تر نەکەن وە بەدڵسۆزی بێنە کۆڕی پێش‌خستنی‌هونەری کوردیمان . وەهەروەها تیپێکی تر لەهەمان شێوە بۆ (نواندن). وەهەروەهاش دیسان بۆ تەلەفزیونی کرکوك لە هەر دووتیپ ...

دوەم :-

کردنەوەی ئامۆژگەی هونەر (معهد فنون) لە کوردستان وەدامەزراندن و هینانی‌ماموستای ئازاو بەکار چ لەدەرەوەو چ لە هونەرمەندانی وولاتی خۆمان .

سێیەم :-

هاندانی هونەرمەندان چ لەلایەن میریەوە وە چ لەلایەن هاو وولاتیە خۆشەویستەکانەوە وەفراوان کردنی ڕێگاو دەزگاکانی ئێستگەو تەلەفزیون وشانۆکان بۆ ئیش‌کردنیان . وە پشتگیری جەماوەرانی گەل هێزێکی‌کاریگەرە بۆ سەرکەوتن وپێش‌خستنی هونەری کوردیمان ...

ئیتر لێرە کۆتایی بەباسە-کەمان دێنین تا بەشێکی تر . ومەبەسمان پێش‌خستنی هونەری گەلە خۆشەویستەکەمانە ...

Institut kurde de Paris

بەرهەمێن زاراڤێ مە

گە ئەم چاڤەکی بکوڤارو رۆژنامێن کوردیدا بگێرین ، دێ چەند پارچە گوتارو نڤیسین و تێکبەستێن کێم بزارێ کرمانجی بینین . دیارە گەلە بناس هەبوون ، بەری بەیاننامەا ١١ ئادارا پیروز بوینە کوسپ درێکا پێشکەفتنا تورێ کرمانجیدا . وەلێ نوکە هەرچەندە ئەڤ بزاڤە نەگەهشتیە وێ رێزا پێدڤی . بەلێ پا گەلە باشترو بزەڤرترە .

یامن دڤێ ئەز رون بکەم ، ئەوە کو دڤێ رەوشەنبیرێن لایێ مە چ بکەن ، نەخاسمە تورڤان و نڤیسەڤان ، داجارەکێ بو ڤێ کێماسیاهە ببینن و تورو زارێ کرمانجی بگەهیننە رێزا پێدڤێ د قوناغێدا ژ دیروکا مللەتێ مەیێ کوردە .

دیارە بێنگاڤا ئێکێ ئەوە ، زاراڤێ خو باش بزانین ، بزانین بخوێنین و بزانین بنڤیسین ، ئەڤ زانینە ، دێ هاریکاریا مە کەت ، ئەوا ئەم دزانین بلاڤ

کانی بەرهەمی نقیسەڤانێن کرمانج ؟

مصدق توفی

ئەڤێن مافێ هندێ هەبیت خولقادا تورێ کوردی بدەن . هەکە ئەم ڤێ نەکەین ... وەکی کورددبێن ... دێ خو لبازێن کیڤیا هاڤێژین و ... ئەم ناگەهینەچو تشتەکی .

بالمنڤە ئەڤە بێدڤی بودەستپێکرنەکا سەرکەفتی ، وەلێ ئەڤا مەگوتی ، کوسپا بتنێ نینە درێکا نڤیسەڤانێ کورد نەخاسمە ئێ بزارێ کرمانجی دنڤیسیت ، بەلکی ژلایەکی دیڤە ، گەلەکێن هەین پێشکەفتنا تورێ کوردی بزارێ ئەڤ قوناغا بری بەلێ دخوراناببینن بۆ رۆژنامەو گوڤارو بکەین ، ژلایەکێ دیڤە دڤێ ئەم گەلە خو بخاندنا بەرهەمێن دی ئێن کوردی بوەستینین و زاراڤێن کوردی باش بزانین و بزانین کا سورانی ئان بزاری لوری گەهشتیە چ پەیسەکێ دگەل ڤێ چەندێ دڤێ ئەم بەرهەمێن تورڤانێن عەرەبو جیهانێ بکویری و ببەرفرهەیی ڤە بخوینین ، بچاکی رەنگێن ئەدەبی بناسین . سەرڤان هەمیارا دڤێ ئەم بچینە دناڤ کویراتی و دلێ کوردەواریێداو زمانی ژوێرێ وەرگرین و پەهلەوانێن نڤیسنێن خو ژوێرێ هەلبژێرین . بڤێ چەندێ دێ هێینە رێزا وان غەزەتا بنڤیسن ، ئان شەرم دکەن و ناوێرن، ئان ژخو ناگرن و دکەپ بلندن . لنك من وەرە ئەڤ هەردوو جوجینە دراست نینن ، هەروەسا کێماتیا رۆژنامێن کوردی ، ونەبونا پویتە پێدانەکا باش ژلایێ میریڤە ، کوسپەکا دی یە درێکا پێشکەفتنا زارێ مە ، ئەڤە ژبلی هندی کو هندەکێن هەین بچاڤەکێ سڤك بەرێ خودکەنە وێ خەباتا نڤیسەڤان و تورڤانێ کورد دکەت ژبو بلندکرن و پێشخستنا زمانێ خو .

بەرامبەر ڤێ چەندێ بالمنڤە ئەم گوهـ نەدەین ڤان کوسپ و ئاستەنگ و زێگرا ، بەلکی پێدڤێ ئەم پترو چەلەکتر خو باڤێینە ناڤ ڤادا پیرۆزدا ژبو پێشخستنا تورو زمانێ کوردی .

بالمنڤە ، هەرکەسەکێ بێفەبهێت ڤێ چەندێ بکەت و سەرهندێ را نەکەت ، بەرامبەر مللەتێ کورد یێ قەرداره و دڤێ ئەم هەمی دەستێن خو ژێ بشوین .

ساوەسارێ

شەبەك باجوران سارلی کوردن ئان نە ؟

صدیقە علی ئامیدی

وەکی ئاشکرایە لەدەوروپشتێت (میسل)ێ هندەك ئویجاخ و تیرە (طائفە) یێت هەین دبێژنێ (شەبەك - باجوران - سارلی) ، یێت مشەختبووین ژکوردستانا ئیرانێ ، هەلبەت ئەڤ تیرە کوردن ، ئەو بخوژی دبێژن : ئەم کوردین!! دهەمی بەرپەرێن دیروکێ دا چو مێژوڤانو دیروك زانا نەنڤیسیە ئەڤ تیرە کوردنینن !!

بەلێ ئەڤە هەیامەکە هندەك دەنگێن لەووتیو بێنانو نەمەك یێن بلند دبن ، هندەك ژڤان دەنگان دبێژن شەبەك تورکومانن !! هندەکێن دی دبێژن : عەرەبن !! بالمنڤە نەیا دویرە پادشاهێ ئیرانێ ژی بێژیت : فارسن !! چونکو ژ کوردستانا ئیرانێ یێن هاتین کوردستانا عیراقێ !!

ژبەر ڤێ چەندێ و بو هندێ راستیەکا مێژوویی - دیروکی - ئاشکراکەمو بەرزە نەبیتو بوهندێ بنیاتو قنێتا ڤانا خویابیت بۆ هەمی کەسەکی . نەخاسمە بووان دەنگێن هەرمی دەنگی دوژمنێن مللەتێ مەیێ کورد ، ئەز ڤان چەند بیرو باوەرێن مێژوڤانو نڤیسەڤانان لسەر بنیاتو نقشێ (عنصر) شەبەکان دئێخمە بەرچاڤێن خوێندەڤانێن هێژا ، هیڤی دکەم بدلێ وان بیتو هەکە تشتەکی ئان بەلگەکی (برهان) بزانن لسەر ڤێ چەندێ بو بەرپەرێن رۆژناما (هاوکاری)یێ بنێرن ژبو خزمەتا مللەتیو خزمەتا راستیێ .

١ - (ابو زید السندی) دبێژیت:

(من کتێبا (الشبك من فرق الفلاە فی العراق) ئەوا (أحمد حامد الصراف) ئەندامێ جڤاتا زانستیا عەرەبی ، دانای ل (دمشق)ێ خوێند ، گەلەك بەلگەو نیشانە دەستمن کەفتن کو شەبەکو هەمی ئەوێت دگەلدا پشکدارن دباوەریێدا ژ (ئێلا - ئیجاخا (سارلیا ، باجورانا) ، ئەڤێن ل گوندێن دەوروپشتێت میسل ئاکنجی - مستقر - بووین بێگومان کوردن باب لباب .

هەروەسا سەیدایێ (سندی) دبێژیت : (بەگێن مێژوویی دەست من کەفتن کو شەبەك سارلیو باجوران ژنقشێ کوردانن ، بەلێ مێژووا زۆرداریو دەستهەلاتداریا بێداد رێکا پێشکەفتنو کەشەکرنێ لەگەلە مللەتو نەتەوادا یاگرتیو یا بوویە بناسا گەلە نەخوشیو ئێشاو بناسا پاشکەفتنو نەزانینێ ،هەروەسا خیانەتا زروڤێت سیاسیو ئابوری ناڤێن وان مللەتا لسەر نەخشێ جیهانێ (خارطە العالم) نەهێلانە ئەڤ ئەگەرە وێن بووینە بناسا گومان پەیداکرنێ لسەر نقشو بنیاتێن وان مللەتو نەتەوا .

(٢) سەیدا دکتور (داوود الجلبی) د پەیاما - رسالە - خودا بو خودانێ کتێبا (الشبك) دبێژیت :

(من ئێك ژ خەلکێ میسلێ دیت ، ئەڤ کابرایە گەلە ئاگاداری ژیانو گوندو کارونقشێ شەبەکانەو ئەوان پاش دناسیتو جهێ باوەریێ یەو ژ (سەیدێت عەلەوی)یە ، ئەڤ کابرایە دبێژیت :

(شەبەك یێن هاتین ژژێریا ئیرانێو دبێژن مە مروڤێن هەین لوێرێ ، بەلێ نزانن کەنگی مشەخت بووینەو هەروەسا نزانن ئەگەرا هاتنا میسل چ بوو ؟ ئەزمانێ وا تێکەلە ژ کوردیو فارسیو هندەك عەرەبیو تورکی) .

٣ - پرتا ئێکی ژ کتێبا مێژوویی (السلوك لمعرفە دول الملوك) ژ دانانا (مقریزی) بەرپەرێ - ٥٣ - دبێژیت :

(کورد ئێلن ، ژوان ئێلا : کوران - بنوکوران - هندیان ، شنبوی ، شاهنجان ، سرمجی ، یزدلی ، ... تاکو دبێژیت : مروانی ، جلالی ، شەنبکیە ، شبك ، جوبی) .. ئەڤەو دبێژیت ... شەبەك ژ ئێلێن مەزنێن کوردانە .

٤ - (شهاب الدین احمد ابن یحی) ئەوێ هاتیە ناسین بناڤێ (ابن فضل اللە العمری) دکتێبا خودا (مسالك الابصار فی ممالك الامصار) کەرێ - فصل - سێدا دبێژیت : الشوك - شبك ، ئەو وەکی (شوانکارا) بێگومان کورردێن پاکن .

٥ - دگوڤارا (المشرق)دا ژمارە (٣٩٥) ئەوا ژ (بێریت)ێ دەردکەڤیت ،دکوژیێ ئاخفتنێدا لسەر (ئێزدیا) دبێژیت :

(شەبەك نقشێ کوردانە ، نەهاتیە زانین بووا ئولەکێ تایبەتی بیت ، ئەڤە دبەلاڤن لگەلە گوندا ، ژوان گوندا (عەلیرەش ، نیجە ، خزنە ، تاللور ... هتد)و گەلە گوندێن دیژی لدەوروپشتێن چیایێ (شنگارێ) ، هندەك ژوان لئێرانێ بلاڤن . هەروەسا دڤێ گوڤارێدا ، هژمارا (٥ - ١٩٠٢ بەرپەرێ (٥٧٧ - ٥٨٢) دبێژیت :

(ئەڤ هەرسێ باسکە - طائفە - سالی ، باجوران ، شەبەك ئولو بیروباوەرێن وان ئێك نینە ، بەلێ هاڤلی - پەیوەندیەکا - بتنێ وان دگەهینت هەڤ ، ئەو ژی ئەوە نقشێ وان هەمیا ، نقشێ کوردیە ، هندەك فارسژی یێن دگەلوان تێکهەل بووین .

٦ - پرۆفیسور (مینورسکی) رۆژهەلاتناسێ بناڤودەنگ دگوتارا خودا ، ئەوا ل (دائرە المعارف الاسلامیە)دا هاتیە بلاڤکرن دبێژیت :

(شەبەك باسکەکە ژ موسلمانا ، بنیات کوردن ، د ویلایەتا میسلدا ئاکنجی بووینە) هەروەسا پرۆفیسور دبێژیت :

(وان مرۆڤایەتیا دگەل دراوسێیێت - جیران - خو (ئێزدیا) یا هەی ، بەهرا پتر دچنە سەر مەزارێن وان) .

٧ - سەیدا (ئەمین زەکی) دکتێبا خودا (خلاصە تاریخ الکرد و کردستان) دبەرپەرێ (٢٨)دا دبێژیت :

(دلیوا میسلدا باسکەکێ دیژی یێ هەی بناڤێ - سارلی، باجوران ، شەبەك - ئەڤ باسکە بهەرسێ کەراڤە کوردن) .

٨ - راپورتا (عصبە الامم) بەرپەرێ (٦٠) دبێژیت :

(ئەزمانێ ڤی باسکێ - سارلی، باجوران ، شەبەك - کوردیە) .

خوێندەڤانێن هێژا ئەڤە چەند نیشانەو بەلگەیەك بوون لسەر هندێ کو ئەڤ باسکو تیرەو ئیجاخە کوردن باب لباب، بێگومان دوژمنێن مللەتێ مەیێ کورد هەر دێ بزاڤێ کەن نافێ مللەتێ مە بەرزەکەن ، وەلێ مە باوەریەکا موکمو کویر وا هەی کو چو دوژمنەك نکاریت چو مللەتا بن بر کەت، نەخاسمە هەکە کورێن وی مللەتی دهوشیار بنو دوژمنێن خو ئو دوستێن خو باش بناسن ، دیروکا مللەتێ خوو خەباتا وی ، یا بیروز ، ژبو سەربەستیێ ، چاك بزانن . هیڤیدارم هەمی دلسوزێن مللەتی هەردەمو گاف بخەبتن ژبو بلندکرنا ئالا سەربەستیا راست .

عانەك باڤێ درەوەکی

عبدالرحمن علی

مروڤەکێ دەولەمەند شولکەرەکێ کرێ گرتی هەبو ، ئەڤ دەولەمەندە گەلەکێ (درەوین) بو یێ مەدحو چەند وی مروڤی (درەوەك) د کر ، دا خولامێ وی رابیتە سەر پیاو دا بێژیت (وەسانینە ئان ئەڤە (درەوە) . ئەو مروڤ دا گەلەك عاجز بیت ، دا شەرم کەت ، و دا رەنگی وی صور بیت) ژ کەربێ ، د گەل وێ چەندێ ئەو مروڤ نەدشیا خو ،دا هەر (دەرەوەکێ) کەت ژ یا دی کومباخ تر ، رۆژەکێ گوتە خولامێ خو : تو بوچی قەسا من دکەیە (درەو) ، و من دەردێنخی (درەوین) ؟ خولامی گوتێ : ئەز نە شێمە خو !! وی مروڤی گوتێ : هەر جارەکا تو پێحەس یای کو من درەوك) کر ، تو بهەژمێرە کا دێ بنە چەند دێ ئێڤاری (هند) عانا دەمە تە بەلێ تو سەخەرکی من نە بە یە ڤە لنك مێڤانا .. خولامی گوتێ : باشە ، بەلێ د بن لێقێت خو ڤە گوت :

چ کەسێ خرابیەکا مەزن بکەت .. دڤێت ب ستاندنا عانەکێ بتنێ ژێ رازی نە بن) .

رۆژەکێ هندەك مێڤان لنك وی مروڤی درینشتی بون وی ژی گوت : رۆژەکێ ژ رۆژێت زڤستانا درێژ (کتکەکێ) خو هاڤێتە سەر بانێ هەیێ نێزیك ، هێژ نەگەهشتیە (کێفلانێ) ژ سەرما دا کتك لنیڤەکارێ هشك بو ر راوەستا ، ل (هەوا) ، بێهنا خولامی چك بو هەر زوی رابو سەر خو ، چاڤێت وی مروڤی مانە زل لێ کادێ چ بێژیت ئینا خولامی گوت : چ خودێ قەبیل د کەت ئەڤە ژی بعانەکی بیت ..!!

دبێژن بازرگانەکی کورەکێ جەحێل و تولازێ الاو تازەهەبو ، کور نەخرێ یێ بابێ خو بو ، هاتە دەمێ ژن ئینانێ ، بابێ وی کچا هەڤالەکێ خو بوخاست ، کچك گەلەکا هێژا بو ، کورکی گوتە بابێ خو ئەزبخو دێ چمە بازێرەکێ دویر بوخاستیا خو دەزگرێ کرم .

خودانێ دوانێ

علی نقشبندی

کورکی پارەکێ زور دگەل خو بر و لەهسپێ خو سیار بو و ژ بازێری دەرکەفت و چو .. بەلێ نە زڤری ڤە ، بابو دەیکێت وی هەردو بقەهرا خو چون ، کورێ خو نە دیت کو ببیتە زاڤا دەزگرا وی ژی بێ هیڤی بو خانیەك لسەرێ رێ ئاڤاکر ، و مێڤان بخودان کرن و رێڤنك حەواندن درێژ ماچ سالوغە ژ دەزگرێ خو نە زانین رۆژەکێ مێرەکێ فەقیر حال لێ بو مێڤان ، ژنکێ ژی پسیارا دەزگرێ خو ژێ کر ، فەقیری ژی گوتێ : مادەزگرێ تە کیڤە چویە ؟ ژنکێ گوتێ : ئەڤە بەری (٢١) سالانە چوی و نە زڤرییە ڤە و حەتا نوکە ئەزا لهیڤی یێ ، مێرکی گوتێ: دلێ من گەلەکێ بتە ڤە .. هەکە تو هندەك پارا بدەیە من ئەز دێ د دیف را چم ، بەلێ نیشانا دەزگرێ تە چیە !! وێ ژی گوتێ : خالەك یا لبنێ گوهێ وی یێ چەپێ ، و ددانەکێ زێرێ یێ لبەرێ دەڤێ وی ، ژنکێ هندەك پارە دانێ ، و مێرکی دا رێ ، هەکە رۆژەکێ هەکە دەها د بازێرەکی کرە دەرێ ، هەر چ بازێرێ چوبایێ دا پسیارا پیرەمێرا کەت کەسێ چ سالوغە ژێ نە دانێ لوی بازێرێ گەهشتیێ دەمێ ئێڤاری گەهشتە بازارێ وی بازێری دیت دو مروڤ هاتنە بەردەرێ دوکانەکێ و هەرئێکی ژوان دارەکێ د دەستی دا هەکو بەرێ خودانێ دوکانێ ڤێ کەفتی هەر رابو دەرێ دوکانا خو گرت ، هەردو مروڤ لدوکان داری پالە بون بلێدانێ حەتا ئێخستیە عەردی ، پاشی کەتیە ئاخێ هەردوکا دوکاندار راکر و دا پشتا خو و برە مالا وی ، بەرێ مێرکێ فەقیر یێ لێ .. بەلێ چ ژ ڤێ شولێ نە زانی ، پسیار کر کەسێ بو چ نە گوت ، رۆژا پاشتر هەر دیسا هاتەڤ جهێ خو یێ دوهی لێ راوەستای ، بو ئێڤار دو مروڤ هاتنە ڤ بەر دەرێ دوکانێ بازرگانی دوکانا خو گرت و هەردو لێ راوەستان بدارا حەتا ئێخستیە ئاخێ وەکی رۆژا بەرێ ، مێرکێ فەقیر لدیف چو حەتا مالا وی بازرگانی .. چو ژور و روینشت ، ما لهیڤی یێ حەتا ئاگەهـ ژ خو بوی .. پسیارا فەقیری کر ، گوتێ : دیارە تو خەلکێ ڤی پاژێری نینی !!!

وی ژی گوتێ نە خێر ئەز رێڤنگم .. بەلێ بوچی وان هەردو مروڤا وە لتە د کر !!! ئەوی ژی گوت : تو گوهێ خو بدێ .. و یا من بسەرێ خو ئینای ، ئەزێ سێلەی ڤێ مە ئەوا تە دیتی .. گوت : ئەز مروڤەکێ فەقیر حال بوم کەسپا من ئامان فروتن بون دا بارەکێ ئامانا لکەرێ خو کەم و دا لکوندا گێرم (بسەر بسەر) ئان ب (پارە) دا ئامانێت خو گوهورم ، رۆژەکێ لمن بو ئێڤار لسەر کانیەکێ ئاڤێ ، من وکەرێ من ئاڤ ڤەخار ئەز روینشتمە بن دارەکێ دا بێهنا من بهێت ژ وەستیانێ ، من دیت سیارەك هاتە سەر کانیێ ژ ماهینا خو هاتە خارێ پێ وی هێژ یێت رکێبێ دا چاڤێ وی بمن کەفت (سلاڤ کرە من) و زوی خو چەماندە کانیێ بو ئاڤ ڤەخارنێ ، لغاڤێ ماهینێ د قەلپیسا زینی دانا و سەرێ وێ بەردا ماهینێ قەستا کەری کر ، سیار رابو هاتە دەف من روینشت گوتە من : بارێ تە چیە !!! من گوتێ : ئامانن . گوت : تو گوزکەکی بو من ژ بارێ خو نا ئینیە دەرێ دێ دو زێرا دەمە تە ، من گوتێ : دێ گوزکەکی دەمە تە ژ خو ، من دەست دا بارێ خو من گوزکەك ژێ ئینا دەرێ و دا ڤێ ، ئەوی ژێ گوزك کرەت پاشەزینکا خو دا و دەست دا کەبەندا خو دو زێر دانەڤ من ، من گوتێ دو زێر گەلەکن بەلێ چاڤێ من چو زێرێت کەبەندا وی دا دلێ ب ئالوز بو ... گوتە من : ما تو یێ بلەزی بچی هەکە تو بمینی دێ ئەڤ شەڤە ئەز و تو لڤێرێ بین ، ئەز ژ دویر یێ هاتیم ئەزێ وەستیای مە ... من گوتێ : باشە ... ئەز رابوم من کەرێ خو شەلاند و وەریس هاڤێتە پێ وی بطایەکێ تەڕاشێ ڤە گرێدا ئەوی ژی زین د سەر پشتا ماهینێ دا ئینا و بەردا ئەم روینشتین مە دەست بڤەسێت خوش کر من ژێ زانی کو ئەو سیار کورێ بازرگانەکێ دەولەمەندە یێ هاتی بو خاستیا خو دەزگرێ بکرێت ، شەڤ ژ نیڤی یێ شکەست سیار نڤست ، دلێ من لزێرێت وی ئالوز بو چ لبەر چاڤێت من نەما ژ بلی چرسکینا زێرا چ دەنگ نە هاتنە گوهێت من ژ بلی چنگینا (لیرا) دەستێ بێ بەختی یێ

بروانە ل - ٧ -

ئەم وخوێندەڤانێن هێژا

دیارە هەرکەسەکێ بڤێت خزمەتا پێشکەفتنا مللەتی بکەت خو نائێخیتە داڤا گوتنو پەیڤێن نەخوشو نەراست ، بەلکی بسینگەکی فرەهـو بهێزرو بیرکرنەکا کویرو هویر دێ بەرسڤا وان کەسان دەتەڤە ئەڤێن بەرهنگاریێ یا وی دکەن ، ئان رەخنەکێ لێ دگرن .

بەری چەند رۆژەکا برادەر (صدیق عەلی ئامێدی) چەند گوتنەك لسەر ئێکەتیا تورەڤانێن کورد - تایێ دهوکێ نڤیسیبوو گوتارا ڤێ برادەری پێکهاتبوو ژ پێشەکیەکا راست لسەر هندێ کو ئەڤرو ئەدەبو هونەر دڤێ دخزمەتا مللەتیدا بن ، هەکە دڤێ رێکێداو ژبو سەرکەفتنا ڤێ رێکێ کارنەکەن دێ کەڤنە کوشا ئیمپریالیزمێ .

ژلایەکێ دیڤە ، چەند باوەریەکێن خۆ لسەر هندێ ، ئێکەتی یا جەوابیت باشەو دڤێ چەوا خەلکی وەرگرنو چ پیڤكو تەرازیەکی بکاربینن . ئەڤەبوو گوتارا برادەر (صدیق عەلی ئامێدی) .

بەرامبەر ڤێ گوتارێ برادەر (خەلیل دوسکی) سکرتێرێ ئێکەتیێ لدهوکێ بەرسڤەکا دای ، مە گەلە پێخوشبوو ئەم بلاڤ کەین ، وەلێ ئەڤ بەرسڤە یاژهندێ دەرکەتی کو رەخنەبیت بەلکی کومەکا جڤین و پەیڤێن گرانو گوتنێن نەخوشە ، براسی ناهێنە بلاڤکرن .

بالمنڤە یاراست نینە ئەم هندە هەڤرکیو نەخوبینێن لناڤبەرا مەدا یێن بەری نهو دنڤیسینێن ئەڤرودا دەرێخین ، بەرسڤا رەخنەکێ تشتەکەو جڤیندان تشتەکێ دیە . بێدڤیە ئەم هەرگاف لسەر خوبینو بسینگەکێ فرەهـ گوهبدەین گوتنێن خەلکی ، دا بکارین بئاوایەکی سەرکەفتی بەرسڤا وان بدەینو نەکەڤینە وێ داڤێ یا دوژمنێن مللەتێ مە پێخوشە .

ئەز هیڤیدارم ، هەمی خوێندەڤانو نڤیسەڤان ژ توخیبێ نڤیسینا لسەرخو دەرنەکەڤن .

بێ ناف بێ ناف

وەرن داهوی زمانێ کوردی ببین

دلسوژ بەهدینی

الدرس السابع (دەرسا هەفتێ)

قدمنا فی الدرس السادس المقاطع التی تتألف منها کل کلمة (بێژە) من الکلمات علی اعتبار ان اللغة الکردیة لغة هندو أوروپیة لغة مقطعیة . والکلمة فی اللغة الکردیة تتألف اما من مقطع واحد (المقطع - کەر - کەرت) مثل (هو ، خو ، دو ، ژ ، ب(١) ، ها ، دا ، با ، ما ، ژن ، بن ، کن ، ئەز ، بەز ، گەز ، رەز ، پەز ، نیڤ، شیڤ ، زین ، کین ، دین ، بین ، لیڤ ، مێو ، دێو ، سوی ، دوی ، موی ، دیوڤ ، هویر ، کویر ، أو تتألف من مقطعین : مثل : (سەردار ، سەگڤان . باران ، باروڤ ، هەڤگیان ، سەخبێر ، دلسوژ ، رەشمار ، زرشەرم ، شەرمین ، غەمگین) الخ فکلمة سەردار ، موءلفة من مقطعین هما (سەر) و (دار) ، وکلمة سەگڤان موءلفة من مقطعین ایضا ،(سەك) و (ڤان) باران ، موءلفة من (با) و (رۆڤ) :

هەڤگیان : موءلفة من (هەڤ) و (گیان)

سەخبێر : موءلفة من (سەخ) و (بێر)

دلسوژ : موءلفة من (دل) و (سوژ)

رەشمار : موءلفة من (رەش) و (مار)

وقد تتتألف الکلمة من ثلاث مقاطع أو أکثر مثل:(باگوردان، بازرگان، مێهڤاندار) شانەشین، سەربەستی ، شەهرەزۆر) الخ حیث تتألف کلمة (باگوردان) من المقاطع التالیة :

(با) و (گور) و (دان) و کذلك : بازرگار تتألف من المقاطع : (با) و (زر) و گان . ومێهڤاندار من : (مێهـ) و (ڤان) و دار وکذلك کلمة شانەشین من : (شا) و (نە) و (شین) وکذلك کلمة سەربەستی من : (سەر) و (بەست) و (ی) وکلمة شەهرەزۆر من (شەهر) و (رە) و (زۆر)(٣) .

أما الکلمات الموءلفة أکثر من مقطع واحد فهی التالیة : (بەلەنگازی ، سەرفەرازی ، خوگوری کەری ، ماتێ کەری ، دەستلسەرهەلینان ، دل پێ سوتنی . دبەرراچون ، شێلمشرینی) الخ حیث تتألف کل منها من المقاطع التالیة :

بەلەنگازی : (بە) و (لەن) و (گاز) و (ی) .

سەرفەرازی : (سەر) و (فە) و (راز) و (ی) .

خوگوریکەری : (خو) و (گور) و (ی) و (کەر) و (ی)

ماتێکەری : (ما) و (تێ) و (کەر) و (ی)

دەستلسەرهەلینان : (دەست) و (ل) و (سەر) و (هەلی) و (نان) .

ویمکن معرفة عدد المقاطع فی الکلمة عن طریق تعداد الحروف الصائتة أو المتحرکة الموجودة فیها .

فان کان حرفا صائتا واحدا مثل : (دا ، سال ، دار ، دەست ، رەنگ ، لەپ ،خوین) الخ فالکلمة موءلفة من مقطع واحد ، وان کانت الاحرف الصائتة اثنان مثل (سەرکار، کانی ، باران ، جەندەك ، مەرتال ، مزگەفت ، هەڤال) فالکلمة موءلفة من مقطعین ،وان کانت ثلاثة أحرف فالکلمة موءلفة من ثلاث مقاطع مثل : (گڤاشتن ، سەرکاری ، سەرخوبون) الخ وان کانت الاحرف الصائتة فی الکلمة أربعة ، فالکلمة موءلفة من أربعة مقاطع مثل (هەرماندن ، ومرگەراندن ، بەروڤاژیکرن ، هەلشکافتن) الخ .

والمقاطع اما تکون مفتوحة أو مغلقة . فالمقاطع التی تنتهی بالحروف الصائتة أو المتحرکة تدعی بالمقاطع المفتوحة مثل : (دا ، دانا ، زانا ، پەری ، ماسی ، هوی ، سوی ، جۆ ، خو ، سە) الخ .

أما المقاطع التی تنتهی بالحروف الصامتة أو الساکنة تسمی بالمقاطع المغلقة أو المسدودة مثل : (دار ، زار، رەر ، دەر ، دویر ، کویر ، مال ، مل شل ، کل ، دل،زل، نان ، بان ، هۆڤ ، گۆڤ) الخ .

نکتفی بهذا القدر والی اللقاء فی الدرس السابع .

---

(١) الکلمة (ژ ، ب) تتألف کل واحدة منها من حرف صامت هو (ژ ، ب) ومن حرف صائت هو (ئ) ویقابل الکسرة بالعربیة .

(٢) تلفظ شەرم احیانا بمقطعین هما (شە) و (رم) بشکل غیر صحیح ، لان شەرم عبارة عن مقطع واحد .

(٣) تلفظ محلیا ب (شارەزوور) فتکون المقاطع (شا) و (رە) و (زوور) .

institutkurde paris

وەرامی رەخنەگر لەسەر فەرهەنگی خاڵ

شێخ محمدی خاڵ

-١-

چەندێ لەمەو پێش کاک ئەورەحمانی حاجی مارف لە « لینینگراد »ەوە زنجیرەیەکی جوانی نووسی‌بوو ، لەسەر فەرهەنگی خاڵ ، وە لە رۆژنامەی « هاوکاری » دا بڵاو کرابۆوە لە ژمارەی ١٩ و ٢٠ و ٢١ و ٢٢ لە مانگی ئایارا ، بەڵام من لە یەکی ئەیلولا بەر چاووم کەوت ، بەراستی هەر چەند زۆر ماندوو بووم بە نووسین و کۆکردنەوەی ئەو فەرهەنگەوە ، بەڵام بەخوێندنەوەی ئەو زنجیرە ووتارە ، ماندووم حەسایەوە ، وە تێ‌گەیشتم کە - خوا ڕەوای بینێ - گەنجی پێگەیشتوو ، وە لاوی تێگەیشتووی وامان هەیە کە هەموو نوسراوێکی کوردیی بخوێننەوە بە ووردیی ، وە لە بیژنگ و هێڵەکی بدەن .

لە پێش کاکو رەحمانیشا پرروفیسۆرێکی ڕۆژئاوایی ، کە لە زبانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا زۆر شارەزا ، وە ناوی « أ. بۆدرۆگلیگێتی » یە ، لە ئەیلوولی ١٩٦٤ لە ئاکادیمیەی علومی « بودابست » لە هەنگاریا ، ووتارێکی بە ئینگلیزیی بلاو کردەوە لە کۆڤاری « نقد » لە ژێر سەر باسی : « فەرهەنگی خاڵ » دا ، بەراستی مەگەر هەر ووتارەکەی ئەو تامی ووتارەکەی ئەمی دابێ .

کاک ئەورەحمان بە ناوی رەخنەوە هێندێ شتی پێش‌چاو خستووە ، لە فەرهەنگەکەدا .هەرچەند شتەکان گرنگ نیین، بەڵام ویستم بێ وەڵامی نەکەم.

١ - رەخنەگر ئەڵێ : لەگەڵ ماموستای خاڵا نیم کە لەسەرەتای فەرهەنگەکەی ، وە لەباسی فەرهەنگی کوردیی‌دا ئەڵێ « نەوبەهار » و « ئەحمەدیی »و« رابەر » فەرهەنگی کوردیی نیین ، چونکە راڤەی ووتەی عەرەبی ئەکا بەکوردیی ، کەچی هەر خۆشی ئەڵێ : بەڵێ راستە، ئەم فەرهەنگانە لە عەرەبی‌یەوەن بۆ کوردیی ، بەڵام عەرەبی‌رووت نیین ، وە لە بەشە کوردی‌یەکانیان ئەتوانرێ کەڵک‌وەربگیرێ ، لە کاتێکا کە من نەم‌ووتوە ئەمانە بێ کەڵکن ، بەڵێ ئەگەر وام بووتایە قسەکەی تەواو بوو ، خۆلاسە ئەوی من‌ووتوومە ئەو لە گەڵمایە ، وە ئەوەی‌من نەم‌ووتووە ئەوخراپەی لەوە گرتووە ، کەچی سەرو گوێلاکی قسەکەش لەوە ئەچێ کە ئەمە رەخنە بێ لە فەرهەنگی خاڵ ، ئیبتر نازانم چۆن ئەبێ بە رەخنە .

٢ - رەخنەگر ئەڵێ : ئەم‌چەند باسەی کە لە سەرەتای فەرهەنگی خاڵەوە نوسراوون ،وەک « پەیدابوونی ووتەو زمان• جیابوونەوەی زمان و ووتەی گەلان • لق‌وپۆپی زمان • کورد • پێگەیشتنی زمانی کوردیی • جیابوونەوەی‌شێوەی کوردیی • سنووری کوردستان» زۆر پەیوەندی‌یان نی‌یە لەگەڵ فەرهەنگا ، وە ئەتوانرێ بکرێن بە سێ بەشەوە کە بەستراوون بە سێ لقی زانیاری جیاوازەوە: (١) مێژوو (٢) جوگرافیا (٣) زمان‌بەگشتی .

تێناگەم رەخنەگر پەیوەندیی بەلاوە چی‌یە ؟ ئەم باسانە هەموو دەست و پێوەند « عەلاقەمەند »ی فەرهەنگن ، وە هەر یەکێکیان کلاورۆژنەیەکە بۆ خوێندەوارانی بەڕێز ، ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە یان بۆ ڕووناک ئەکاتەوە ، بەڵێ دوو باسیان وەک « کورد » و « سنووری کوردوستان » بێ بە دیمەن زۆر پەیوەندی‌یان نی‌یە ، بەڵام وەکی‌تر ئەوانیش زۆر پێویستن بۆ یەکێک کە فەرهەنگێکی کوردیی وەک فەرهەنگی خاڵ بخوێنێتەوە کە پرە لە ووتەی کوردیی بە هەموو شێوەکان ، تابزانێ کورد چ تیرەیەکە ، وە لە کەیەوە هاتۆتە ڕووی‌کار ، وە چەند چەرخی گرنگی بەسەرا تێپەڕریوە .

ماوەتەوە « سنووری کوردستان » ئەویش بۆ ئەوە باسی کراوە کە ببێ بە پشتێنەیەک بۆ هەموو شێوەکانی کوردیی ، وە لە ناویانا «زازا»و و « بادینان » و « سۆران » و « هەورامان » و « لورر » و « فەیلی » و « ئەردەڵان » بەش بەش بکرێن و سنووریان بۆ دابنرێ ، وە خوێندەوارانی بەڕێز ، بزانن ئەمانە کامەن ، وە لەکوێوەن تا کوێ .

جگە لەوە کە ئەم باسانە هێشتا بە کوردیی کتێبیان تیا نەنوسراوە ، ئەگەر گیرەم کتێبیشیان تیا بنوسرایێ بە کوردیی هەر ئەبوو لە سەرەتاوە ، کورتەیەک لەم باسانە قسە بکرێ ، چونکە ئەگونجێ هەموو کەسێک ئەو کتێبانەی نەبێ ، یا ئەگەر بیشی‌بێ ، وەختی خوێندنەوەو تەماشاکردنی نەبێ ، بەڵام کە بە کورتی لە چەند دێرێکا لە سەرەتاوە نوسرا ، ناچارە ئەو کەسەی کە تەماشای‌فەرهەنگەکە ئەکا ، ئەو چەند دێرەش بخوێنێتەوە ، وە نەختێ سەروچاوی تیا هەڵبێ ..

ئەگەر هی وا ببێ لە سەرەتای کتێبیا شتی وا بنوسێ کە تواناو دەسەڵاتی خۆی نیشان بدا ، هی‌واشی هەیە کە لەمە گەلێ گەلێ بەرزترە ، وە شتی وا منالانەی بەدڵا هەرگیز نەهاتووە بەڵکو مەبەسی ئەوە بووە کە خوێندەوارانی کورد بە زۆریی ئاگادار بکا بە هێندێ شتی گرنگ .

٣ - رەخنەگر لە بابەت (ر) یێ پچووک و گەورەو (ل)ی سووک و قەڵەوەوە ، دەمێک ئەڵێ : لە جێگای خۆیانا نیین ، دەمێک ئەڵێ : هەرچەند پچووک و گەورە تا رادەیەک راستن . لە پاشا ئەڵێ : بەڵام زۆر باش ئەبوو ئەگەر ماموستا لاوازو قەڵەو ، یالەرر و قەڵەوی بەکار بهێنایە ، هەروەها ئەتوانرێ نەرم و رەق بەکار بهێنرێ .

لە قسەکانی رەخنەگرەوە دەرئەکەوێ کە ئەویش لەو رایەدایە کە (ڵ) و (ڕ) دوو جۆریان هەیە ، وە ئەبێ باسیان لێ بکرێ و ناویان بۆ دابنرێ تا لە یەک جیا ببنەوە ، ئینجا ئەمە چی‌یان پێ بووترێ ئەوە زۆر گرنگ نی‌یە ، ئێمە وا پێشەکی پێش‌چاومان‌خستووە وە ئەم ناوانەمان بۆ داناوە ، ئەویکەی‌تری ئەمێنێتەوە بۆ خوێندەوارانی کورد لە پاشەڕۆژا .

٤ - رەخنەگر ئەڵێ : (ئاقدین) راڤە کراوە بە تۆڵەسەندن ، کەچی (تۆڵە-سەندن) راڤە نەکراوە لە جێی‌خۆیا . هەروا (ئاگر پارێز) راڤە کراوە بە ئاگرپەرست ،کەچی (ئاگرپەرست) راڤە نەکراوە لە شوێنی خۆی ، بەڵێ‌راست ئەکا ، چونکە (تۆڵە‌سەندن) و (ئاگرپەرست)ووشە نیین تا راڤە بکرێن ، بەڵکو رستە « جملە » ن ، وە(تۆڵە) و (سەندن) و (ئاگر) و (پەرستن) هەریەکە جیا جیا لە شوێنی خۆیان راڤە کراوون .

٥ - رەخنەگر ئەڵێ :هەندێک لەو ووشانەی کە ماناکانی بە یەک ووشە کردووەزۆر باش دەرناچێ ، وەک راڤەی (بالگرتن) بە (فرریین) چونکەفرریین دوو مانای هەیە ، وایە ، بەڵام وانی‌یە ، چونکەدووهەم باڵەفرڕێی مەلی تازە باڵگرتوو بۆ فێربوونی فرریین.

ئەم قسەیە ئەگەر وابێ ،بۆیە فەرهەنگی خاڵ لەجلدی فرریین بەمانای‌دووهەم نەهاتووەیەکەم حەوا کەوتنی باڵدار دووهەما ئەم مانایەی نەگرتووەبەڵێ (فرریین) مانای دووهەمی هەیە ، بەمانا لێدانی دەماربەڵام ئەم مانایە بۆ باڵگرتن ناگونجێ :

٦ - رەخنەگر ئەڵێ : راڤەی(برریار) بە (پەیمان) کراوە ئەم دوو ووشەیە لە یەکەوەنزیکن ، بەڵام مانایان تا رادەیەک جیاوازە ، چونکە (برریار) (قرار)و (پەیمان) (وعد)ە .

ئەمە وانی‌یە ، چونکە (وعد) (بەڵێن)ە ، بەڵام (پەیمان) (بەڵێن) نی‌یە ، کەواتە (پەیمان) (وعد) نی‌یە . بەڵێ جیاوازیی یەکی کەمیان هەیە ، بەم رەنگە (پەیمان) برریاری دوو کەسە لەسەر شتێک ، بەڵام (برریار) لە تاقە یەکێکیشە وە ئەبێ ، بەڵام ئەم جیاوازیی‌یە کەمە ، لە فەرهەنگێکی چل پەنجا هەزار ووتەیی‌دا چاوپۆشیی لێ ئەکرێ، نەخوازەلا کە نووسەر پێڕیستی کردبێ لەم هەموو راڤەیەدا کە کردوویەتی ، کە ووتەی بێگانە بەکار نەهێنێ .

٧ - رەخنەگر ئەڵێ : نووسەر رێگایەکی راستی گرتووە لە راڤەی ووشەکانیا ، بەم رەنگە راڤەی (ئامشۆ)ی کردووە بە (هاتوچۆ) و (ئالۆشدار) بە (ئالۆشاویی) و (ئازادخوا) بە (ئازادخواە) ئینجا لە شوێنی خۆیا راڤەی (هاتوچۆ) و (ئالۆشاویی)و (ئازاد خواە)ی کردووە بە تەواویی ، بەڵام هێندێ جار لائەدا ، بەم رەنگە لە راڤەی (ئاررۆ)(١) ر (ئارۆ) دائەڵێ (ئەمرۆ) ، لە راڤەی (ئەمرۆ) شا ئەڵێ (ئیمرۆ) لە راڤەی (ئیمرۆ)دا ئینجا بە درێژی راڤەی ئەکا ، کەواتە ئەگەر یەکسەر ئەم

ماوێتی

مارکسیزم و زانستی زمان

لەگۆڕینی : محمود زامدار

پرسیار : نیشانە هەرە دیارەکانی زمان چین ؟

وەڵام :

زمان لەریزی ئەو رووداوە کۆمەڵایەتی‌یانەیە کە بەدرێژایی ماوەی بوونی کۆمەڵ دەرئەکەوێ و لەگەڵ رسکان و گۆڕانی کۆمەڵ ئەڕسکێ و ئەگۆڕێ ، لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ سەرەمەرگی کۆمەڵ ، ئەمیش گیان ئەداو ئەمرێ . هیچ زمانێک لەدەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵەوە نیە ، بۆیە ناتوانین لەزمان و یاساکانی گۆڕانی تێبگەین ، تەنیا مەگەر لەرێی ئەو بەندیواری‌یە بەتینەی زمانە نەبێت کە لەمەڕ مێژووی گۆڕانی کۆمەڵا هەیەتی،مێژووی ئەو گەلەی کە زمانی لێکۆڵراو بەندیواری پێوە هەیە ، ئەو گەلەی کە ئافەرێد وپارێزەر وهەڵگری ئەو زمانەیە .

زمان هۆیە ، ئامرازە ، بەهاوکاری ئەمەوە خەڵک و - خواکان لەیەک‌ئەگەن وبیروڕایان ئالوگۆڕئەکەن وئەگەنە ئەو سەرەنجامەی کە لەنێوان یەکتریانا - بەشێوەیەکی پوخت - لە یەکتر بگەن. زمان پەیوەندی‌یەکی راستەوخۆی بە (بیر) ەوە هەیە ، ووشەکانی، تەرکیبی ئەو ووشانەی کەدەستەواژە دورست‌ئەکەن ، سەرەنجامی ئاکاروکردەوەی (بیر) ودەسکەوتەکانی کردەوەی ئادەمیزاد لەپێناو گەشەکردنی زانیاری‌یەکانی ، تۆمار ئەکات وئەیچەسپێنێ . بەم شێوەیە ئالوگۆڕکردنی بیروڕایەکانی نێوکۆمەڵی مرۆڤایەتی ئاسان ئەبێ ولەبەردەست . ئالوگۆڕکردنی (بیر)ەکان پێویستیەکی بەردەوام وپڕ زیندەگی‌یە ، بێ ئەم ، زۆر مەحاڵە ،هاریکاری‌یە هاوبەشەکانی خەڵک لە خەباتا روبەرووی هێزەکانی سروشت رێک‌بخرێ . لەخەباتا لە پێناو بەرهەم هێنانی بەروبووم وداهاتی ماددی پێویست . زۆر مەحاڵیشە سەرکەوتن ودەسکەوتەکانی جموجۆڵی کۆمەڵی بەرهەمدار دەسگیر وجێبەجێ بکرێ . هەر بەم جۆرە ، هەتا بوونی‌بەرهەمی کۆمەڵایەتیش زۆر گران ومەحاڵ ئەبێت . بەم رەنگە، وبە نەبوونی زمانێکی رەوان بۆکۆمەڵ وهاوبەش لەنێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵ ... لەبەرهەم وجوست‌وچالاکی رۆژانەی ئیفتادە ئەبێ ولەبالێک دەرئەچێ ودائەپچڕێ و وەک (کۆمەڵ) چ بوونێک ومانێکی نامێنێ . لەم سوچەوە مادامەکی زمان ئامرازی پەیوەندی‌یە لەنێوان کۆمەڵانی خەڵک ، هەروا لەهەمان‌کاتیشا ، ئامرازی تێکۆشان وگۆڕانی کۆمەڵە.وەک ئاشکرایە - سەرتاپای ووشەکانی ، ناو زمانێک لەزمانەکان ، بەسەرجەمی‌یەوە (فەرهەنگی‌زمان) دورست ئەکەن ، شتی هەرە بنچینەییش لەفەرهەنگی زمانا ، ناواخنە سەرەکی‌یەکەی فەرهەنگەکەیە ، کە (ناوکی) هەموو ووشە رەسەنەکان پێک‌ئەهێنێ ، ئەم ناواخنە سەرەکی‌یەش ماوەی زور لەماوەی فراوانی سەرجەمی فەرهەنگی زمان ، تەسک‌ترو کەمترە ، بەڵام تەمەنێکی یەکجار زۆر درێژی هەیە ، بۆ ماوەی چەندەها چەرخێک ئەمێنێ وئەژیت وئەبێتە مایەی دورستکردنی ووشەی تازەبابەت .فەرهەنگ خۆی لەخۆیدا ئاوەژووی وێنەی باروچۆنیەتی زمانە . چونکە هەرچەند فەرهەنگی زمان داراو دەوڵەمەندو پێشکەوتوو بێ ، زمانیش بەم پێیە دەوڵەمەند ولەبارو پێشکەوتوتر ئەبێ . بەڵام فەرهەنگ - هەرتەنیاخۆی - زمان پێک ناهێنێ ، راستی‌یەکەی رووی کەرەستەی بناغەی زمان دەرئەخا ، هەروەک چۆن کەرەستەی بنای لای وەستایەک خانووبەرەکە نیە ، کە زۆر مەحاڵیشە بێ ئەو کەرەستەیە بناغە بنیات‌بکرێ ، ئاواش فەرهەنگ ، کە هەرچەندیش خودی زمان نیە ، بەڵام زۆر نەنگە باوەر بەبوونی زمانێک بهێنرێ بێ بوونی فەرهەنگ . کەچی‌فەرهەنگ بەهایەک ودەورێکی زۆری ئەبێ ئەگەر هات‌و خرایە ژێر دەسەڵاتداریەتی زانستی‌ی زمانەوە ، کە سنوور بۆ ئەو گراماتیکانە دائەنێت کە زەبت و رەبتی گۆڕانی ووشەکان ودارژتنەکانی ئەم ووشانە ئەکات لەدەستەواژەکاندا وسروشت وخاسیەتێکی گونجاوی پەسەندکراو ئەبەخشیتە زمان . زانستی‌ی زمان (مێژووی گۆڕانی ووشەکان - (رێزمان) بریتی‌یە لە کۆمەڵەیەک بنکە ویاسا ، دەربارەی گۆڕانی ووشە وجۆری تەرکیب ودارژتنی لەدەستەواژەدا کەواتە ، بێگومان وبەوەکات . بەهۆی ئەم زانستی‌یەوە ،زمان ئەتوانێ بەرگێکی مەتریالی بچورسێنێتە بالای (بیر)ەکانی مرۆڤایەتی ، ئەمیش کە بەرگی زمانە .

خاسیەتی هەرەدیاری زانستی زمان ئەوەیە کە گراماتیکی گۆڕان وجوولانی ووشەکان پیشان ئەدات . بێ ئەوەی مەبەستی لەچەند ووشەیەکی دیاری‌کراوی لەبەردەست‌بێ ، بەڵکو ووشەکان بەشێوەیەکی تێکرایی ، وبێ هیچ مۆرکێکی ریالیزمی ئەم ووشانە . هەروا - زانستی زمان - گراماتیکی دارشتنی دەستەواژەکانمان بۆ دەرئەخا ، بێ ئەوەی مەبەستی دەستەواژەیەکی لەبەردەست ودیاری‌کراو بێت ، واتە ، بێ ئەوەی مەبەستی لە (بکەر)ێکی هەست پێ‌کراوو لەبەرچاو ، یا (فرمان) یکی هەست پێ‌کراوی لەبەرچاو بێت ، تاد .. بەڵکو هەموو دەستەواژەکان - بەگشتی - بەشێوەیەکی زۆر سەربەخۆ لەشکڵی هەست پێ‌کراو وریالیزمی‌دا ، وەرئەگرێت ، بێ گوێدانە ، ئەم دەستەواژەو ئەو دەستەواژەیە . کەواتە ، زانستی‌ی زمان ، کەلایەنی تایبەتی وریالیزمی بەرئەدات ، چ لەووشە ، چ لەدەستەواژە ، یەکسەر ، الایەنە گشتی‌یەکانی بنچینەی ووشەکان ودارشتنیان لەدەستەواژەدا وەرئەگرێت .لەم کردەوەیەشی‌دا نویشکی بنکەکانی زمانی زانستی ، ویاساکانی زمانی زانستی پەیدا ئەکات .

زانستی‌ی زمان ،سەرەنجامی کردەوەیەکی رووت ودرێژ خایەنی فیکری مرۆڤایەتی‌یە ، نیشانەی سەرکەوتنە مەزنەکانی بیری ئادەمیزادە .

ماوێتی

بەرەو دوو بەسەرگرتنەوە !

عەزیز گەردی

واقیعی تاڵی پڕ لە کارەساتی جەرگ‌بڕی ساڵانی شۆڕشی چەکداری گەلی کورد کە بەهەموو شانازی و سەربڵندی یەکەوە لە پێناوی مافی‌زەوت‌کراوی پێشوازی کوشتن و مردن و دەربەدەری ئەکرد ! باوەشی بۆ برسێتی و قات و قڕی ئەکردەوە ! لە شەوانی بەفرو کڕێوەی زستانا بە ڕووت و قووتی تۆف و بارانو لووڕەی رەشەبای ئەقۆزتەوە .. ئەم ژیانە پڕ لە کارەسات و رووداوە کەرەستەیەکی خاوی یەکجار زۆر فراوانو بەنرخو بەهای نووسەرانەو مەیدانێکی پانو بەرینە بۆ سوود وەرگرتنو کردنی بە زەمینەیەکی بەپیت و بەرەکەت بۆ ڕواندنی ڕۆمانو چیرۆکو هۆنراوەو .. هتد بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئەم جۆرە ژیانە (تجسید) بکات و ببێ بە - ئەدەبێ شۆڕش -یا- ئەدەبی شۆڕشگێڕ - .

(لە ئەشکەوتێکا)ی کەریم شارەزا رووبەکی ئەم ژیانە پێشان ئەدا ، باسی ئاوارەیی و لانەوازی خێزانێکی لێقەوماوی کورد ئەکات . کە لە ئەشکەوتێکی تەنگ و تاری کوردستانا جێ‌گیر ئەبن و بە زەخیرەو توێشوی برسێتی ئەکەونە کاروانی چاوەڕوانی برانەوەی شەو ، شەوی درێژی وەیشومەی باڵ‌کێشاو بەسەر خاچا . جا ئەوەی هەڵویستە (عاطفی)یەی (شارەزا) ئەیەوێ گوێگرانی پێ ببزوێنی لە دیمەنی ئەو منالە ئەیخاتە روو کە برسێتی ژاکاندوویەتی و سیسی هەڵگەڕاندووەو بە ئاستەم نووسکەی دێ کە هانا بۆ دایک و باوکی ئەبات و داوای دەرمانی رووتی و برسێتی‌یان لێ‌ئەکات « کام باوک هەیە لە هەڵویستێکی وا سۆزاوی‌دا کسپەی لە جەرگ و هەناوا نەیەت ؟» باوکیشی ئەوەی بتوانێ لەو هەڵویستە ناسکە پێش‌کەشی جگەرگۆشەکەی بکات دڵدانەوەو لاواندنەوەیەتی بۆ ئەوەی خۆی رابگرێ تا ئەو رۆژەی لە ئاسۆی چیا سەرکەشەکانی کوردستان خۆری ئازادی تیشکی زێڕینی ئەڕژێنێتە کوردستان و ئاسایش و کامەرانی باڵی نەرم و نیانی بەسەرا ئەکێشێ !..

ئەم هۆنراوەیە لە (دەفتەری کوردەواری - ٣ -) و لە (ڕێگەی دوور)دا بڵاوکرایەوە، لە سەرەتای حوزێرانیشا (ئەبو دلیر) لە لاپەڕە (الادب الکردی) ڕۆژنامەی (التآخی) - ژمارەکەیم لە بیر نەماوە - کردوویە بە عەرەبی .. کەچی کاک (محمد علی ابراهیم) وەک (نە بای دیبێ و نە باران) یا وەک ئەوەی وای تێبگات کەس بادینی ناخوێنێتەوەو ئەمەی لێ‌ئاشکرا نابێت (کە وەکو ڕۆژ ئاشکرایە) - لە ژمارەی (٣٠)ی هاوکاری لاپەڕەی (بەرپەڕەک ژ زاراڤێ من) (بیر هاتنەک)ی بڵاوکردەوە کە کتومت نموونەیەکی پوخت و کورت‌کراوەی (لە ئەشکەوتێکا) یە ، نەک هەر لە ناوەڕۆک و مەبەست و زنجیرەی بیرەکەوە، بگرە لەگەڵێ شوێنا ووشەکانیش وەکو یەک وان.. ماموستا کەریم ئەڵێ :

لە شەوێکی تاریک و تەنگی
زستانا
لە ئەشکەوتێکی بێ‌دەنگی
کوردستانا
لە خێزانێ هەژاری
رووت و رەجاڵ
هەموو عەمەل مەندو منال
ئەهاتە گوێم
دەنگی منالێکی برسی
کە ئەی برسی

ماموستا (محمد علی ابرهیم) یش ئەفەرموێ :

(شەڤەکا تاری
شەڤێت زڤستانێ
شکەفتەکا بێ دەنگ
ل کوردستانێ
خێزانەکا برسی و هەژار
نەقویت ، نە روناهی ، نەئار
دەنگێ بچویکەکی برسی
ژ دەیکا خۆ دپرسی)

دیسان کە ماموستا کەریم ئەڵێ :

(باوکی وەڵامی دایەوە
کوڕی شیرینی بە نرخم
ڕۆڵەی بەرخم
خۆت راگرە
بەڵام سبەی
خەباتی خوێنینی دەستەی
دڵسۆزەکانی نیشتمان
بۆ هەمووومان
ئەبێتە شەفەقی گەشی
سپیدەی سحراوی بەیان

ماموستا (محمد) ئەفەرموێ :

(دای‌کر گری بابێ گوت
کوڕێ خۆ
کوڕێ بابێ خۆ گیانێ
دەیکا خۆ
خۆ راگرە بلا ئەم هوسا بین
ریتو رسواو پێخاس بین
بەلێ سوبەهێ
دەما بهێت تەناهی
شەوقا خوینا خەباتێ
تبازەهی .. شەڤ تاریا
بۆ مە دێ کەت روناهی

ئەوەو بیناوبناغەی هەردوو هۆنراوەو دارشتنی هونەری و کۆتایی پێ‌هێنانیان یەک شتە :

١ - هەردووکیان باسی خێزانێکی رەش و رووت و ئاوارە ئەکەن !

٢ - لە هەردووکیانا کات : شەوێکی تاریکی زستانە ، شوێن : ئەشکەوتێکی تەنگی کوردستانە .

٣ - برسێتی و رووتی ئەم خێزانەی تەنگەتاو کردووەو لە نووسکەی منالە برسی‌یەکە ئەم ئاوازە ئەبیسرێ !

٤ - منالەکە ئەکەوێتە پرسین و داواکردن ! ئەوەندە هەیە لە هۆنراوەی ماموستا کەریم‌دا زاڕۆڵەکە (لە باوک و دایکی کلۆڵی) ئەپرسێ ، کەچی لە هی کاک (محمد) تەنها (ژ دەیکا خۆ دپرسی) .

٥ - لە هۆنراوەی ماموستا کەریم پرسیاری منالەکە بۆ دایک و باوکە ! بەڵام باوک وەڵامی ئەداتەوە بێ ئەوەی هۆیەک هەبێ یا هەستی پێ‌بکرێ کە بۆچ دایک وەڵامی نەداوەتەوە ؟

کەچی لە هی کاک (محمد) رووی پرسیاری منالەکە لە دایکە ، لەگەڵ ئەوەشا (باوک) وەڵام ئەداتەوە ، ئەمەشیان بە هێزتری کردووە چونکە دەری خستووە کە دایک لەبەر گریان وەڵامی پێ نەدراوەتەوە لە کاتێکا کە دەمی پرسیار

بڕوانە ل - ٧ -

بۆنەوەی داهاتوو

عبدالله سەراج

ئەی ستەم گورزی خۆت‌ڕاوەشێنە
هەرچیت لە بارە زووکە بینۆینە
تالانکە ، ببرە ، گەردن‌هەڵواسە
خوێنی ئاڵو گەش بڕژێنە کاسە
مەستو سەرخۆش بە ،بەپێکی ئێمە
ئەسپت تاودە لەم بەیارودێمە
زیندە چاڵ بکە ، دەی‌هەتا ئەتوانی
ڕەز بسووتێنە ، باووشک‌بێ کانی
بتاسێنە هەر مەلێک‌خۆش‌بێژە
بهارە هەرچی وەک گەلاوێژە
پشکۆ مەهێڵە ، بیکە بەشەوێ
ئاسۆ بتاسێ ، خۆر دەرنەکەوێ
مێشکی لاوانو بازووی پۆڵایین
لەهاوەنی مس ، بیکوتە بەتین
چاڵێک هەڵکەنە بەنووکی‌پۆستاڵ
بۆپێنووس ، بۆڕەنگ، بۆسۆزی شمشاڵ
بەلاشەو ئیسک ، بەکەللەی پڕاو
بنیات‌نێ قەلای زۆرداریت‌لەناو
قەڵاچۆکە ، لەژن ، لەپیرەمێرد
قینت بابڕێ چەشنی‌تیغو کێرد
زەماوەندێکی وا سازدە‌لەسەر
بازرەقەی خوێنی جێماوی سەنگەر
بیکە بەئاهەنگ بۆ دالوسەرگەڕ
ئاگر بەردە لە دانەوێڵەی تەڕ
گاسن بخەکار ، گوڵزاربکێڵە
ریشە هەڵکەنە ، سەوزی‌مەهێڵە
نوخانت گیرکە لە بینی‌ساوا
دەی وێران کە لانەی‌بووک‌و زاوا
باخەندە تاربێ ، گەشکەبتۆرێ
جۆگەی لاوچاکان بەخوێن بشۆرێ
بیری دۆزەخ هی شەیتانی‌نەگریس
قەمچی‌و فەلاقە ، سێدارەو گوریس
ئەمانە گشت لامان نادالەرێ
هەتاکو داری خەبات بەرنەگرێ
ئۆباڵی ئەستۆ ئەبەینەقۆناخ
ئەنووسین یادی سووتانی دێ‌و باخ
یادی کۆرپەیەک بوو بەخۆڵەمێش
یادی ستەمێک کەدەرچووڵەکێش
یادی مزگەوتو مەلای قورئان خوێن
هی ئابروو نامووس ، هی‌ئێسقانو خوێن
زام بێتەگوفتار ، خوێنی هەڵچووی گەش
سوورکا دامێنی هەوری توندو رەش
تۆمارکا بونەوەی داهاتووی کورد
ڕهێڵەی‌ستەم ، دای‌کردوڕابورد
ئەی ستەم ئەوسا بەشەرمەزاری
روو لەگەڵ‌کەو ، پشت‌لە ستەمکاری
بچرکێنە وەک ئێمەی جەنگاوەر
« مردن بۆستەم ، بۆشەیتانی شەڕ »
با گەلان تێکڕا دروشمێ‌هەڵکەن
(سەوزی بۆگەلا ، بۆدارو دەوەن)
(ئەمریش بۆئاواز ، بۆڕەنگ ، بۆووشە)
بۆ ئەوهەستەی کە هەمیشە گەشە)

Institut kurde de Paris

پاشماوەی : بەراوردو

لەو بوو و ئەبوایە ئەو وەلام بداتەوە !

٦ - هەردووکیان هەر ئەوەندە بۆ منالەکە ئەکەن کە شەنگی بە بەرا بخەنو لەگەل خۆیانا بیخەنە (نۆرینگ)ی چاوەڕوانی ، چاوەڕوانی ژیانێکی (بە نازادیو کامەرانی) یا ئەو پۆژەی کە ئەژین (سەربەست ئازا ، وەکی مێرا) بەلام کاك (محمد) ئاگری نەورۆزیش ئەکا بە رەمزی سەرکەوتنو رزگاربوون !!

دوا جار ئەتوانیم بلێم (بیر هاتنەك) کەو مت (لە ئەشکەوتێکا)یەو بە بادینی لەگەل دەستکاریی یەکی کەمدا دا پێژراوە ، ئەم جۆرە کردەوانەش بێگومان ئەدەبەکەمان بۆ پاشەوە کێشش ئەکات و ئەمانخاتە زەلکاوی لاساکردنەوەیەکی بۆ گەن،ئیتر ئەگەر بمانەوێ خزمەتێ بکەینو بلێین بەرهەمێکمان داوە ئەبێ (خۆمان بین) لە کاتی نووسینا !! نەك خەلکی تر !.. ئەگەرچی داری (بریا)ش بێبەرە بەلام (بریا هەر تارمایی شیعرەکەی مامۆستا کەریم لە شیعرەکەی کاك محمد بوایە) نەك هەمان شتبێ .

پاشماوەی : فەرهەنگی سیاسی

جا لە بەرەی نشتمانی دژی ئیمپریالیزمو لەگەل حزبەکانی تردا بەشداری ئەکات . دامەزرێنەرانی رێبازی مارکسیزم - لینینزم بناغەی زانستیو حەتمی لەناوچوونی سەرمایەداریان دانا کە وەکو ئەنجامێکی حەتمی شۆڕشی سوسیالستی وایە هەروەکو لە وولاتانی ئوردوگای سوشیالستیدا رووی دا . دامەزراندنی رژێمی سوشیالست مانای لەناوبردنو ریشە هەلکێشانی پاشماوەی بورژوازیەتە وەکو چینێك .

پاشماوەی : هەڵبەستی نوێ

مامۆستا برایم ئەحمەدە کە لە ساڵی ١٩٤٦ دا لەژمارە پێنجی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کراوەتەوە . ئەمەش چەند دێرێکی - بەرەو رووناکی - :

لەناو جەرگی تاریکیەوە
دەست بەکەلەپچە وتەوق
لەمل وزنجیر لەبێ
لەکانگای نەزانیو هەژاریو
دیلیەوە
کەوتومە ڕێ هاتوم
بەرەو
روناکی .. هتد ..

کەواتە ، ئێمە هێشتا چاوەڕێی فۆرم وروالەتێکی تازەی هەڵبەستی کوردیی ئەم سەردەمەین !!

پاشماوەی : خودانی دردانی

دڕێژ بو گەهشتە ستوهێ وی لاوێ وەسا تازە من هند دیت سپی بو د دەستێد من ١٠ (بێهناوی بسەر نە کەفتە ئە) لاوێ خوشتقی یێ دای و بابێت خو لبەر چاڤێت من زوها بو .. فەقیری پسیارا بازرگانی کر گوتێ : پاشی تە چ لتەرمێ وی کر !!! بازرگانی گوتێ : منێ ئەشارتی دبن قەسرا خو ئە ، تە چیە !!! وی ژی گوتێ : چ نیشان لێ نە بون !!! بازرگانی گوتێ : ددانەکێ زێڕی لبەرێ دەئێ وی بو ... بەلێ بوچی تو پسیار دکەی !!! فەقیری گوتێ : ئەزێ لوی دگەڕێم .. سالوغێت من و دزگرا وی ئەفەنە بازرگانی گوتێ : ژ وێ ڕوژی وەرە حەتا نوکە ئەزێ پێشمانم لسەر وێ یا من کری ، من چ نەدیت ئەز گونەهـ و پێشمانیا خو پێ بڕەنم ژ بلی کو من دو مرۆف ێب کرێ گرتین هەڕو ئیڤاری دێ هێنە بەر دەرێ دوکانێ دێ لمن ڕاوەستن بدارا حەتا ئەز ژ خو د چم دێ من هەلگرن و ئینە مال ، حالێ من ئەفە یە ، و دێ هوسا بیت حەتا ئەز دمرم ، چنکو کەس من نە دیت تولا گونەهـ و شەهمزاری و پیسی یا من لمن ئەکەت ، فەقیری ژی ڕێکا خو گرت و قەستا دەزگرا کوپرکی کر و بو ئەگێڕا ئە یا وی دیتی .

پاشماوەی
ئاشت بوونەوەی بچووك ...

هەبێ کە مەلیك حسەین شەڕ لەگەل ئیمپریالیزمی ئەمریکا ئەکاتو خەبات بۆ ڕامالینی ئیسرائیل ئەکات ؟! کەس هەیە بیر لەوەبکاتەوە کە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئەوانیتر لە رایی خوادا یارمەتی مەلیك حسەینو ڕژێمەکەی ئەدەن ؟! تا ئێستا ڕووی داوە گورگو مەڕ لە سەرچاوەیەك پێکەوە ئاویان خواردبێتەوە ؟! . بێگومان ئەو دەولەتو سەرکردانەی عەرەب کە خەریکی ناوبژین باوەڕیان بەم شتانە نیە ، بۆیە ئەبێ ئەمانیش نیازیان وابێ ئاوێك بەم ئاگرەدا بکەنو ئەم ناوبژی کردنەیان هەنگاوێك بێت بۆ ناوبژیو ئاشتبوونەوە گەورەکەی نیوان خۆیانو ئیسرائیل !!

institut kurde de paris

بۆ ژانین

ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی ژوورو

لیژنەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئوتێلە گەشتگوزاریەکان - ژمارە - ١ -

دڕێژکردنەوەی دووەمجاری مناقەسەی نهێنی ژمارە - ١٠ - ی تایبەت بە دروستکردنی گازینۆیەکی گەشت لە ئەحمەد ئاوا .

ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی ژوورو (لیژنەی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئوتیلەکانی گەشت -لیژنەی ژمارە - ١) سەر لەنوێ ڕایئەگەیەنی کە دووبارەدروستکردنی گازینویەکی گەشت لەئەحمەد ئاوا - ناحیەی خورمال - قەزای هەڵەبجە - ئەخاتەوە مناقەسەی نهێنی بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١ - مناقەسەکە پاککردنەوەی عەرەسەو کاروباری دروست کردنو خانووبەرەو کارەباو میکانیکیو تەندروستیو هەموو خزمەت گوزاریەکانی تری لەمادەو کارەوە ئەگرێتەوە .

٢ - ئیستمارەکانی مناقەسەو نەخشەکان لە لیژنەی ناوبراو دەست ئەکەوێ کە بارەگاکەی لە وەزارەتی کاروباری ژووروو بەرامبەر (١٠) دینار کە نادرێتەوە .

٣ - ئەبێ عەتاکە تەئمیناتێکی پارەی سەرەتایی لەگەڵدابێ بە مقداری ٣٪ی نرخی مناقەسەکەبە شێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی یان چەکێکی تصدیق کراو لە عیراقو بەو پارەیەی لەعەتاکەدا باسکراوە .

٤ - پێویستە بەڵێندەر شهادەی سەر بەژووری بازرگانیو وەثیقەی تەسجیلی بەرێوەبەرایەتی باجی دەخلی گشتیو شەهادەی دەرەجەی تەسنیفی لیژنەی تەسنیفی بەڵێندەرانی وەزارەتی نەخشەی هەبێوهەموی نوێ کرابێتەوە بۆ ساڵی ٧١-١٩٧٢ی دارایی لەکاتی کرێندا .

٥ - پێویستە بەڵێندەر لەگەڵ عەتاکەیدا لیستەیەك پێشکەش کاتو تێیدا ئەوکارانە بنوسێ کە لەمەوبەر کردویەتیو لەمە ئەچنو لەگەڵ ئاوی ئەو لایەنەی بۆی کردوە .

٦ - ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو مولزەم نیە بە وەرگرتنی نزمترین عەتا .

٧ - ماوەی تەواوکردنی کارەکە کە لەعەتاکەدا نوسراوە لەلایەن ئەنجومەنەوەرەچاو ئەکرێت لە کاتی ئیحالەدا .

٨ - دوا کات بۆ پێشکەشکردنی عەتاکان سەعات دوانزەی نیوەڕۆی یەك شەممەی ڕێکەوتی (١٠-١٠-١٩٧١)ـە

٩ - هەر عەتایەك لەکاتی دیاری کراودا کە لە برگە ٨ی سەرەوە دایە دوابکەوێ پشتگوێ ئەخرێ .

١٠ - عەتاکان لە زەرفێکی مۆرکراودا پێشکەش ئەکرێو ناوی مناقەسە نهێنییەکەوژمارەکەی لەسەر ئەنوسرێ بەم ناونیشانە: ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژووروو (لیژنەی جێبەجێ کردنی ئوتیلەکانی گەشت - لیژنەی ژمارە -١-) لەوەزارەتی کاروباری ژووروو .

١١ - بۆ زیاتر شارەزابوونو لێکۆڵینەوەی ئاوەڕۆکی ئەم ئاگاداریە پەیوەندی لەگەڵمەکتەبی ئەندازیاری خانووبەرە کاك عدنان زکی امیر ئەکرێ لە- عمارەی مرجان - ساحەی تحریر . بەغدا تەلەفۆن ٨٥٦٨٨

محمد محمود عبدالرحمن

سەرۆکی ئەنجومەنی

ئاوەدان کردنەوەی ژوورو

سەرەڕای فەرمانەکەی خۆی

بۆزانین

دەزگای ئاوەدان کردنەوەی باکوور لیژنەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئوتێلە سیاحیەکان لیژنەی ژمارە - ١ -

دڕێژکردنەوەی موناقەسەی نهینی ژمارە (١١) دەربارەی دروست کردنی میوانخانەیسیاحی لەدوکان .

دەزگای ئاوەدان کردنەوەی باکوور (لیژنەی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانی میوانخانەسیاحیەکان ، لیژنەی ژمارە «١») سەر لەنوێ مونافەسەی نهێنی دروست کردنی میوانخانەیەکی سیاحی لەدوکانموحافەزەی سلیمانی بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە ئاشکرائەکاتەوە :

١ - مونافەسەکە بریتیە لەپاك کردنەوەی زەویەکەو هەموو کاروبارێکی دروست کردنو ئاوەدان کردنەوەو کارەباو میکانیکیو تەندروستیو شتی ترلەگەڵ هەموو خزمەتێکی تردا مادیو عەمەلی .

٢ - ئەتوانرێ ئیستمارەی مونافەسەکەو نەخشەکانی لەلای لیژنەی ناوبراو لەبارەگای وەزارەتی کاروباری باکوور بەرامبەر (١٥) دینار کە قابیلدانەوە نیە وەربگیرێ .

٣ - پێویستە لەگەڵ عطائاتدا تەئمیناتی یەکەم بدرێت بە میقداری ٣٪ لەقیمەتی مونافەسەکە ئەویش بەشێوەی کەفالەتی مەسرەفی یان چەکێکی مۆرکراو لە بانقێکی باوەڕپێکراوەو لە عیراقدا بەپێی ئەو مەبلەغەی لەعطائاتەکەدا دیاری کراوە .

٤ - بەڵێندەرەکە پێویستە شەهادەی بەشداربونی لەژوری بازرگانیو وەسیقەی لای مدیریەتی زەریبەی دەخلی گشتیو شەهادەی دیاری کردنی لەلیژنەی دیاری کردنی بەڵێندەرەکانەوە وەزارەتی نەخشەی هەبێوهەموی نوێ کرابێتەوە بۆ ساڵی ٧١-١٩٧٢ی دارایی لەکاتی کرێندا .

٥ - پێویستە بەڵێندەر لەگەڵ عەتاکەیدا لیستەیەك پێشکەش کاتو تێیدا ئەوکارانە بنوسێ کە لەمەوبەر کردویەتیو لەمە ئەچنو لەگەڵ ئاوی ئەو لایەنەی بۆی کردوە .

٦ - ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو مولزەم نیە بە وەرگرتنی نزمترین عەتا .

٧ - ماوەی تەواوکردنی کارەکە کە لە عەتاکەدا نوسراوە لەلایەن ئەنجومەنەوەرەچاو ئەکرێت لە کاتی ئیحالەدا .

٨ - دوا کات بۆ پێشکەشکردنی عەتاکان سەعات دوانزەی نیوەڕۆی یەك شەممەی ڕێکەوتی (١٠-١٠-١٩٧١)ـە

٩ - هەر عەتایەك لەکاتی دیاری کراودا کە لە برگە ٨ی سەرەوە دایە دوابکەوێ پشتگوێ ئەخرێ .

١٠- عەتاکە لەزەرفێکی مورکراودا پێشکەش ئەکرێو ناوی مناقەسە نهێنییەکەوژمارەکەی لەسەر ئەنوسرێ بەم ناونیشانە : ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو لەوەزارەتی کاروباری ژووروو .

١١ - بۆ زیاتر شارەزابوونو لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی ئەم ئاگاداریە پەیوەندی لەگەڵمەکتەبی ئەندازیار جبرائیل خمو ئەکرێ لەساحەی وثبەتەلەفۆن ٨٢٦٢٠

محمد محمود عبدالرحمن

سەرۆکی ئەنجومەنی ئاوەدان

کردنەوەی ژوورو سەرەڕای

فەرمانەکەی خۆی

وەزارەتی نەخشەی هەبێوهەموی نوێ کرابێتەوە بۆ ساڵی ٧١-١٩٧٢ی دارایی لەکاتی کرێندا .

٥ - پێویستە بەڵێندەر لەگەڵ عەتاکەیدا لیستەیەك پێشکەش کاتو تێیدا ئەوکارانە بنوسێ کە لەمەوبەر کردویەتیو لەمە ئەچنو لەگەڵ ئاوی ئەو لایەنەی بۆی کردوە .

٦ - ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو مولزەم نیە بە وەرگرتنی نزمترین عەتا .

٧ - ماوەی تەواوکردنی کارەکە کە لە عەتاکەدا نوسراوە لەلایەن ئەنجومەنەوەرەچاو ئەکرێت لە کاتی ئیحالەدا .

٨ - دوا کات بۆ پێشکەشکردنی عەتاکان سەعات دوانزەی نیوەڕۆی یەك شەممەی ڕێکەوتی (١٠-١٠-١٩٧١)ـە

٩ - هەر عەتایەك لەکاتی دیاری کراودا کە لە برگە ٨ی سەرەوە دایە دوابکەوێ پشتگوێ ئەخرێ .

١٠ - عەتاکان لە زەرفێکی مۆرکراودا پێشکەشکرێو ناوی مناقەسە نهێنییەکەوژمارەکەی لەسەر ئەنوسرێ بەم ناونیشانە: ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو (لیژنەی جێبەجێ کردنی ئوتیلەکانی گەشت - لیژنەی ژمارە -١-) لەوەزارەتی کاروباری ژووروو .

١١ - بۆ زیاتر شارەزابوونو لێکۆڵینەوەی ئاوەڕۆکی ئەم ئاگاداریە پەیوەندی لەگەڵمەکتەبی ئەندازیاری خانووبەرە کاك عدنان زکی امیر ئەکرێ لە- عمارەی مرجان - ساحەی تحریر . بەغدا تەلەفۆن ٨٥٦٨٨

محمد محمود عبدالرحمن

سەرۆکی ئەنجومەنی

ئاوەدان کردنەوەی ژوورو

سەرەڕای فەرمانەکەی خۆی

لە وەزارەتی نەخشەوە کە بۆساڵی ٧١ - ١٩٧٢ی دارای نوێ کرابێتەوە ، پیشان بات .

٥ - بەڵێندەر لەسەریەتی لەگەڵ عطائاتدا قائمەیەك بدات لەو جۆزە کارەی وەك ئەمموناقەسەیە وایەو کردویەتی، ئەولایەی بۆحسابی دروستی کردوە دیاری بکات .

٦- دەزگای ئاوەدانی ژووروملزم نیە بەقوبول کردنی نزم ترین عطائات یان هەر عطائاتێکی تر .

٧ - ماوەی تەواو کردنی ئیشەکە کە لە عطائاتەکەدایە بەلای دەزگاوە جێگای ئیعتباروگرنگی پێدانە .

٨ - دواکاتی دانی عطائاتسەعات (١٢)ی نیوەڕوی ڕۆژی یەك شەممەی (١٠-١٠-٩٧١)ە.

٩ - هەر عطائاتی دوای کاتیدیاری کراو لەبەندی (٨)دا بگات پشت گوێ ئەخرێت .

١٠ - عطائات لە زەرفێکیداخراودا ئەدرێت کە ناوی بەڵێندەری لەسەر ئەبێ لەگەڵژمارەی نادنی بۆ دەزگای ئاوەدان کردنەوەی باکوور(لیژنەی پڕۆژەکانی میوانخانە سیاحیەکان - لیژنەی ژمارە«١») لە وەزارەتی کاروباری باکوور .

١١ - ئەتوانرێ لای لیژنەی ناوبراو سەرنجیوەسیقەو ڕوون کردنەوەی ئەم بۆ ئاگاداریەبدرێت .

محمد محمود عبدالرحمن
سەرەکی دەزگای ئاوەدانی
باکوور بێجگە لە وەزیفەکەی
خۆی

به‌شیرنامه

خوا لێخۆشبوو (به‌شیر موشیر) له‌ هه‌ڕه‌تی لاوی‌دا . ئه‌م وێنه‌یه له‌ ساڵی ١٩٢٩ دا گیراوه‌ ، ئه‌و کاته‌ (به‌رگدروو) بووه‌ له‌ به‌غدا ، له‌سه‌ر دوکانه‌که‌ی ئه‌نووسی : صاحب المقص الذهبی الخیاط الملکی و العسکری بشیر مشیر » . له‌ ساڵی ١٩٣١ دا « ئه‌وه‌ل کتابێکی عه‌جیبی » نووسیوه‌ ، که‌ « به‌که‌ڵکی هه‌موو صاحیب هه‌ق و هه‌ق شوناس و هه‌ق داواکه‌ر و هه‌ق به‌ده‌ست‌یه‌ت وه‌ ڕێگه‌ی حه‌قیقه‌ت نیشان ئه‌دات» ناوی ئه‌م کتابه‌ عه‌جیبه‌ش « سیپاره‌ی هه‌ق په‌رستی »یه‌ . کاتی خۆی نرخی شه‌ش ئانه‌ بووه‌ ، ئێستا له‌ کتابخانه‌ جیهانیه‌کاندا نه‌بێت ده‌ست ناکه‌وێت .

جاری پێشوو ڕوونمان کرده‌وه که‌وا مامۆستای خوا لێخۆشبوو (به‌شیر موشیر) ئه‌گه‌رچی خاوه‌نی گه‌لێك شیعری به‌رز و نایابه‌ ، به‌ڵام هه‌رگیز خۆی به‌ شاعیر دانه‌ناوه‌ ، وه‌ ئه‌گه‌ر هه‌ندێك شیعری وتبێت که‌وا هه‌موو که‌س لێی تێ ئه‌گات ئه‌وا وه‌کوو خۆی هه‌میشه‌ ئه‌ی‌فه‌رموو : ئه‌و شیعر بۆ پیاوی عاقل ئه‌نووسێت » . یان وه‌کوو هه‌ندێك له‌ « ئه‌ولادی ئه‌م عه‌صره‌ » ئه‌ڵێن : « هونه‌ر له‌وه‌دانیه‌ پیاو که‌ شیعرێکی وت خه‌ڵکی لێی تێ بگه‌ن ، به‌ڵکو هونه‌ر له‌وه‌دایه‌ که‌ لێی تێ نه‌گه‌ن » .

ئه‌مجاره‌ش هه‌ندێك له‌ شیعره‌کانی بلاو ئه‌که‌ینه‌وه‌ که‌ به‌ بۆنه‌ی جۆربه‌ – جۆره‌وه‌ ڕێکی خستوون ، ئه‌م شیعرانه‌ش به‌هیمه‌تی هه‌ندێك له‌ ئه‌ندامانی (بۆش) و (گرێ گرته‌) و (شه‌ریك شعور)ی (کۆڕی به‌شیر – په‌روه‌ران) – ه‌وه‌ دۆزراونه‌ته‌وه‌ ، پاش گه‌شت و گه‌ڕانێکی زۆر له‌ سه‌ر حسابی کۆڵبه‌نکیان ، به‌راستی جێگای وه‌کوو ئه‌ڵێن : گلی دوور سووره‌ » . ئه‌مانه‌ش چه‌ند سوپاسن ئه‌گه‌رچی ئه‌م شیعرانه‌ لێره‌ش ده‌ست ئه‌که‌وتن به‌ڵام نموونه‌یه‌کن له‌ شیعره‌ دۆزراوه‌کانی :

« ڕۆژێك مامۆستا به‌شیر له‌پشت ئیمامێکه‌وه‌ نوێژ ئه‌کات ، ئه‌وکاته‌ (طابور آغاسی) ئه‌بێت له‌ سوپای عوسمانی‌دا له‌سه‌ر ده‌ریای خه‌زه‌ر کاتێك امام له‌ نوێژ ئه‌بێته‌وه‌ به‌ دوورو درێژی باسی چاکه‌و خراپه‌و شه‌یتان ئه‌کات ، له‌م کاته‌دا مامۆستا به‌شیر ئه‌م شیعرانه‌ی به‌خه‌یاڵ‌دێت .

شه‌یتان له‌ ئه‌صلا عه‌بدی خودا بوو
ئه‌و سێوه‌ی به‌هه‌شت فێڵێکی تیابوو
شه‌یتانی بۆیه‌ نارده‌ سه‌ر زه‌مین
تا خه‌ڵك بزانن له‌ کوێ په‌یدا بوو
ئیمامی سه‌قه‌ت سه‌ره‌و قوت که‌وتوو
بێ عه‌قڵ و هونه‌ر بێ فه‌ڕ په‌ك که‌وتوو
وه‌کوو توتنی ناو ئاغزو سێغار
بێ که‌ڵك ئه‌سووتێ ئه‌بێ به‌سوتوو
به‌ نه‌سیحه‌ت و قسه‌ی پووچ و زل
وه‌ك لاستیکی خاو فووئه‌کاته‌ دڵ
عالم گه‌وج ئه‌کا به‌فێڵی ئایین
پاره‌ی مناره‌ش ئه‌خاته‌ باخه‌ڵ » .

به‌بۆنه‌ی ڕۆژی پیرۆزی ڕزگاری گه‌لی چینه‌وه :

سه‌رکه‌وتوو بێت خه‌باتی یه‌کگرتووی گه‌لی چین و گه‌لانی تری دنیا دژی ئیمپریالیزم و کۆنه‌په‌رستان



ڕۆژی ١-١٠-١٩٧١ بیست و دوو ساڵی ڕه‌به‌ق تێ ئه‌په‌ڕێ به‌سه‌ر ڕزگار بوونی وولاتی پان و به‌رین و به‌نرخی چین‌دا ، نه‌ك هه‌ر ڕزگار بوون له‌ چه‌وساندنه‌وه‌ی ده‌وڵه‌ته‌ ئیمپریالیسته‌کان به‌سه‌رۆکایه‌تی ئه‌مه‌ریکای هار بوو له‌ گه‌لان به‌ڵکو ڕزگاریش بوو له‌ چه‌وساندنه‌وه‌ی چینه‌ زۆرداره‌ چاوبرسی‌یه‌ چه‌وسێنه‌ره‌وه‌کانی ناوخۆشی و به‌دڵی گه‌لی مه‌زن و خه‌باتکه‌ری چین ڕژێمی دیموکراتی میللی دامه‌زرا به‌ سه‌رۆکایه‌تی چینی کرێکارو پارتی کۆمۆنیستی چین که‌ سه‌ره‌ك ماوتسی تونگ ڕه‌هبه‌ریان ئه‌کات ، هه‌ر به‌وه‌ش نه‌وه‌ستا تا ڕژێمی سوشیالیستی دامه‌زراندو ئێستاش له‌خه‌باتدایه‌ بۆ جێ‌به‌جێ کردنی ڕژێمی کۆمۆنیستی .

وه‌نه‌بێ ئه‌م ڕووداوه‌ ئێجگار گرنگه‌ش که‌ نزیکه‌ی (٧٠٠) ملیون ئاده‌میزادی ڕزگار کرد هه‌ر به‌ که‌ڵکی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی چین هاتبێ به‌ڵکو کارێکی زۆر گه‌وره‌شی کرده‌ سه‌ر بزووتنه‌وه‌ی کرێکارانی دنیاو خه‌باتی گه‌لانی ژێر ده‌ست و نیوه‌ ژێر ده‌ست و تازه‌ ڕزگار بوو . بۆیه‌ گه‌لانی دنیا هه‌موو وه‌ هێزه‌ ئازادی خوازه‌کان به‌ سه‌رکه‌وتنی ڕاسته‌قینه‌ی خۆیان زانی و به‌وپه‌ڕی توانایانه‌وه‌ پشتیوانیان له‌م ده‌وڵه‌ته‌ مه‌زنه‌ کردو ده‌ستی دۆستانه‌و هاوکاری کردنیان له‌ ده‌ستیایه‌تی .

بێ‌گومان ئه‌و هێز و ده‌وڵه‌تانه‌ی پێش ڕزگار بوونی چین و دوای ڕزگار بوونی ده‌ستی یارمه‌تیان بۆ درێژ کرد ئه‌وراستیه‌یان باش ئه‌زانی که‌ (چین)یکی تازه‌ پاڵێکی ئێجگار گه‌وره‌ ئه‌نێت به‌ بزووتنه‌وه‌ی پێشکه‌وتوانه‌ی کرێکاران و گه‌لانی دنیاو ئه‌وه‌ندی تر جێگا به‌ ئیمپریالیزم له‌ق ئه‌کات و ڕۆژ له‌ دوای ڕۆژ جێگای تازه‌ی بێ به‌جێ ئه‌هێلێت . ئه‌م پێش بینیه‌ش وه‌نه‌بێ له‌ خۆیه‌وه‌ هاتبێت به‌ڵکو له‌ ئه‌نجامی لێك دانه‌وه‌یه‌کی ڕاست و هه‌ڵسه‌نگاندنی بیروباوه‌ڕی پێشکه‌وتوانه‌ی بزوتنه‌وه‌ی ڕزگاری هێنه‌ری گه‌لی چین هاتبووه‌کایه‌وه‌ ئه‌وتیۆری‌یه‌ عیلمی‌یه‌ ڕاسته‌ی نه‌خشه‌ی خه‌باتی گه‌لی چینی ئه‌کێشاو ئێستا هه‌ر به‌رده‌وامه‌ له‌سه‌ر تیوری‌یه‌ك ئه‌ڕوون به‌ڕێوه‌ که‌ بڕوای به‌ یه‌کێتی‌ی خه‌باتی کرێکاران و گه‌لانی دنیا هه‌یه‌و بڕوای به‌ تێکۆشانێکی بێ‌ووچان هه‌یه‌ له‌ پێناوی ڕاماڵینی چه‌وساندنه‌وه‌ی چینایه‌تی و نه‌ته‌وایه‌تی ، بڕوای به‌ توانای گه‌لانی دنیا هه‌یه‌ که‌ دوارۆژێکی به‌ختیار ، ژیان و گوزه‌رانێکی خۆش و ئارام بۆ خۆیان مسۆگه‌ر بکا . بۆیه‌ ئێستا ده‌وڵه‌تی چین به‌ ده‌وڵه‌تێکی گه‌وره‌ی دنیا ناسراوه‌ و ته‌نانه‌ت ده‌وڵه‌ته‌ ئیمپریالیسته‌کانیش گه‌یشتونه‌ته‌ ئه‌و ئه‌نجامه‌ که‌ به‌ بێ هاوکاری له‌گه‌ڵ چینی میللی‌دا ته‌نگ و چه‌ڵه‌مه‌و کێشه‌ گه‌وره‌کانی دنیا جێ‌به‌جێ ناکرێت . له‌وکاته‌وه‌ گه‌لی چین که‌ پێڕه‌وی مارکسیزم لینینزم و بیروباوه‌ڕی ماوتسی تونگ ئه‌کات ، پشت به‌ ستوو باوه‌ڕ کردوو به‌م بیروباوه‌ڕه‌ درێژه‌ ئه‌دات به‌خه‌باتی خۆی دژی ئیمپریالیزم هه‌روه‌کو درێژه‌ش ئه‌دات به‌ هاوکاری کردن له‌گه‌ڵ گه‌لانی دنیا وه‌ بڕوایه‌کی ته‌واوی هه‌یه‌ به‌سه‌رکه‌وتنی گه‌لان و ژێرکه‌وتنی دوژمنان بۆیه‌ به‌توندی ئه‌چێت به‌گژ سه‌واو سه‌واکاری‌دا له‌گه‌ڵ ئیمپریالیزم و کۆنه‌په‌رستانا . هه‌روه‌ها ڕێگای خه‌باتێکی بێ‌ووچانی سه‌ختی گرتۆته‌به‌ر بۆ پێشخستنی وولاتی چین له‌ ڕووی ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تی و زانیاری و زانستی‌یه‌وه‌ ، هه‌رله‌به‌ر ئه‌م هۆیه‌شه‌ ئه‌بینن چین له‌ ماوه‌یه‌کی که‌ما هه‌ندێ وولاتی سه‌رمایه‌داری گرتۆته‌وه‌و هه‌ندێکی تری به‌جێ هێشتووه‌و خه‌باتیش ئه‌کات بۆ به‌جێ هێشتنی ئه‌وانی تریش . گه‌لی چین که‌ ئه‌ی ناڵان به‌ ده‌ست نه‌خۆشی ڕشانه‌وه‌و تاعون و گرانه‌تێ و ڕه‌شه‌گرانه‌تێ ... وبه‌ده‌ست تلیاك و برسێتی و قاتوقڕی نان و خوارده‌مه‌نی‌یه‌وه‌ ئه‌ی ناڵان به‌ده‌ست زوڵمی بیگانه‌و زوداری چینه‌کانی سه‌رمایه‌دارو ده‌ره‌به‌گه‌گه‌وره‌کانی ناوخۆوه‌ له‌و ماوه‌ که‌مه‌دا ، له‌ ماوه‌ی ٢٢ ساڵدا توانی خۆی له‌ مانه‌ ڕزگار بکات و بێکاری و برسێتی له‌ ناو به‌رێت وه‌ له‌ مه‌یانی زانیاری و زانستی‌دا به‌ هه‌نگاوی گه‌وره‌ گه‌وره‌ی ئه‌وتۆ پێش‌که‌وێت که‌ نزیك ترین دۆست چاوه‌ڕوانی نه‌کردبێت .

پێش‌که‌وتنه‌کانی گه‌لی چین سه‌رکرده‌کانی ده‌وڵه‌ته‌ ئیمپریالیسته‌کانی وا سه‌رسام و به‌نج کردووه‌ هه‌روه‌کو ئه‌و تلیاکه‌ی جاران له‌ ناو ڕۆڵه‌کانی گه‌لی چینا بلاویان ئه‌کرده‌وه‌ ئێستا خۆیان‌شه‌وو ڕۆژ چه‌سپی لێ‌بده‌ن .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه‌ گه‌لێ ده‌وڵه‌تی ئیمپریالی و له‌ ڕێ لاده‌ر هه‌وڵیاندا به‌ری پێش‌که‌وتنی گه‌لی چین بگرن به‌ڵام گه‌لی چین به‌گیانێکی پۆڵاییه‌وه‌ و به‌ڕێگای تایبه‌تی خۆی ملی خه‌باتی گرته‌ به‌ر بۆ پێش‌خستنی تکنۆلوجیاو زانستی پشت به‌ ستوو باوه‌ڕکردوو به‌ خۆی .

به‌ کورتی ڕزگاری وولات و گه‌لی چین سه‌رکه‌وتنێکی ئێجگار گه‌وره‌ بۆو بۆ مرۆڤایه‌تی پێشکه‌وتوو هه‌روه‌کو پاڵێکی گه‌وره‌شی نا به‌ بزوتنه‌وه‌ی ڕزگار هێنه‌ری گه‌لانه‌وه‌ وه‌ به‌هه‌نگاوی گه‌وره‌ گه‌وره‌ به‌ره‌و‌ پێش بردی به‌تایبه‌تی له‌ خوارووی ڕۆژهه‌ڵاتی ئاسیاداوه‌ ڕژێمی سوشیالیستی ئه‌وه‌نده‌ی تر جێ‌گیرکرد له‌ دنیاداو جێگای به‌ ده‌وڵه‌ته‌ ئیمپریالیسته‌ گه‌وره‌کان له‌ق کرد .

بۆیه‌ گه‌لی کوردو ڕۆڵه‌ ئازادی خوازه‌ خه‌باتکه‌ره‌کانی جه‌ژنی ڕزگاری گه‌لی چین به‌ جه‌ژنی خۆیان ئه‌زانن و هاوبه‌شی خۆشی گه‌لی چینن به‌بۆنه‌ی ئه‌م ڕۆژه‌ پیرۆزه‌وه‌ ، وه‌ له‌و بڕوایه‌دان که‌ زۆری پێ‌ناچی گه‌لی چین زاڵ ئه‌بێت به‌سه‌ر هه‌موو که‌مه‌ کوڕی و ناته‌واوی‌یه‌کا وه‌به‌م زووانه‌ش جێگای خۆی ئه‌کاته‌و له‌کۆمه‌ڵی نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتووه‌کانا و زنجیری ئه‌و شوره‌یه‌ ئه‌پسێنیت که‌ دوژمنان و ناحه‌زان به‌ده‌وریا کێشاویانه‌ .

ئاسۆ

که‌ ڕۆژی زێرین له‌گه‌ڵ و خاکی ڕزگار بووی چینی داوه‌ ده‌وڵه‌تی چین ڕێگای خه‌باتێکی سه‌ختی درێژخایه‌نی گوتۆته‌ به‌ر بۆ نزیك بوونه‌وه‌ی ڕزگاری گه‌لانی ژێرده‌ست و نیوه‌ ژێرده‌ست له‌ چنگی ئیمپریالیزم ، کۆنه‌په‌رست و له‌ ڕێ لاده‌ران به‌ هۆی هاوکاری برایانه‌ له‌گه‌ڵ گه‌لانی خه‌باتکه‌را به‌ پێشکه‌ش کردنی هه‌موو یارمه‌تیه‌کی بێ‌مه‌رج و نیاز ، یارمه‌تی پاکو خاوێن . چونکه‌ مانه‌وه‌ی ڕژێمی سوشیالیستی و پاراستنی له‌ تێکدان و له‌ ناو چوون جیا ناکاته‌وه‌ له‌گه‌ڵ خه‌باتی ئازادی خوازانه‌ی گه‌لان

پاشاگه‌ردانی خوێنه‌وه‌رانمان و سه‌ربه‌ستی ئافره‌ت .

خورشیده‌ بابان

له‌ (ڕۆژنامه‌ی (هاوکاری) خۆشه‌ویستدا ، ژماره‌ (٢٦) ڕێکه‌وتی (٣١ ته‌مووزی ١٩٧١) – لاپه‌ڕه‌ چوار ، سکرتێری مامۆستایانی کوردستان مامۆستا (حسین ڕشوانی) له‌سه‌ربه‌ستی ئافره‌ت ئه‌دوێ ، به‌ڵێ بێ‌گومان مامۆستای دلسۆزو به‌ڕێز سه‌ربه‌ستی ئافره‌تی کورد ، ڕزگاربوونی له‌ هه‌موو کۆت و داوێکی ڕه‌ش و پڕزیان ، له‌سه‌ر به‌ردی بناغه‌ی ڕه‌وشت به‌رزی و گیانی مرۆڤایه‌تی ، بۆ ئه‌وه‌ی هه‌نگاو بنێ به‌ره‌و ژیانی پێشکه‌وتوانه‌ی ڕاست ، ئه‌توانم بڵێم وه‌کو هه‌وا پێویسته‌ بۆ ژیان ، وه‌ئێتر ئێمه‌ی کورد ڕۆژی ڕاپه‌ڕینێکی ڕاستمانه‌ ، به‌بێ جیاوازی له‌نێوان ئافره‌ت و پیاودا ، بۆ پچڕینی هه‌موو داوو کۆتێکی دوواکه‌وتن و لابردنی هه‌موو کۆسپێك له‌ ڕێی کاروانی پێشکه‌وتنماندا ، بۆ ئه‌وه‌ی به‌ڕاستی ڕۆژانی ڕه‌شی ڕابوردوو به‌جێ بێڵین و پێشوازی ڕۆژانی گه‌شی داهاتوو بکه‌ین .

به‌ڕاستی دره‌نگه‌ ! ئه‌وه‌یشی زۆر ته‌مه‌ڵ و خه‌واڵو بووه‌ هه‌ر تێر خه‌و نه‌بووه‌ ، ئه‌و ڕۆژی ته‌واوه‌و له‌ هه‌مووشت گه‌یشتووین ، به‌ڵام ئه‌ی داخه‌که‌م ! هێشتا هه‌رسست ئه‌جولێینه‌وه‌ ، تافی سه‌رگه‌ردانی و پاشه‌گه‌ردانی‌مانه‌ ! به‌تایبه‌تی له‌ناو خوێنده‌واران‌ماندا ، به‌ جۆرێك که‌هی واهه‌یه‌ لافی فه‌یله‌سوفی لێ ئه‌دا ! به‌عاسته‌م به‌ یلتۆك خۆی ئه‌ته‌کێنێ له‌سه‌ر دووپه‌نجه‌ ئه‌ڕوات به‌ڕێوه‌ ! پیاوێت له‌ به‌زم و دۆراندنی نادیدا ڕێزی پێشه‌وه‌ی گرتووه‌ ، ئافره‌تێت له‌ قبول و ده‌ست بلاویدا زۆر چاك پێش‌که‌وتووه‌و دووانه‌که‌وتووه‌ ، به‌ڵام به‌ئاسانی ئه‌توانم بڵێم به‌ساڵی جارێك ڕۆژنامه‌یه‌ك ناگرن به‌ ده‌ستیانه‌وه‌ !! بۆ وێنه‌ له‌ شارێکی وه‌کو (هه‌ڵه‌بجه‌)دا ته‌نیا (٣٠) دانه‌ ڕۆژنامه‌ی (التآخی) که‌ ده‌نگی ڕزگاری کورده‌ (نرخه‌که‌ی ٢٥ فلسه‌) ، تیایدا دابه‌ش ئه‌بێت ! ئیتر نوسه‌ری هه‌ژار چۆن ده‌ستی له‌ کۆت به‌رئه‌بێت بۆ نوسین و بۆکێ بنووسێت !؟ ئه‌ی چۆن بتوانێت به‌رهه‌م بێنیته‌ ناوو ڕاژه‌ی وێژه‌و زمان و مێژوی گه‌له‌که‌ی پێبکات ، گه‌لێك ڕاده‌ی دڵسۆزی و وریایی خوێنده‌واره‌کانی وابێت ، ئاخۆکه‌ی له‌ کۆتی کوێله‌یه‌تی ڕزگاری ئه‌بێت ؟

له‌مه‌یش سه‌یرترو سه‌رسوڕهێنه‌رتر ئه‌وه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌م هه‌موو سته‌مه‌دا که‌ له‌ ڕێی نووسه‌ری کورد دایه‌ نووسه‌و دڵسۆز هه‌ر ناتوانێ گه‌له‌که‌ی له‌تاریکیدا ببینێ و هه‌ر چونێك بێت به‌ دووا که‌وتویی ڕازی نابێت ، هه‌ر به‌هیوای تیشکی ڕۆژی پێش‌که‌وتن ، هه‌ر هیچ نه‌بێت بانه‌ختێك چاره‌سه‌رێکی ده‌ردی کۆمه‌ڵه‌که‌ی بکات ، ده‌ست‌ئه‌داته‌ پێنوس و هه‌موو ئه‌رك و ماندویه‌تی و زیانێك ئه‌گرێته‌ ئه‌ستۆ و تۆزه‌به‌رهه‌مێك پێش‌که‌ش ئه‌کات ، که‌چی هه‌ر له‌ولاوه‌ ده‌روون پیسێك ڕاست ئه‌بێته‌وه‌و ڕه‌نگی دڵسۆزی و وێژه‌و وێژه‌وانان له‌ خۆی ئه‌داو به‌ناوی ڕه‌خنه‌وه‌ وه‌کو ماری زه‌هراوی ئه‌که‌وێته‌ زه‌هر ڕشتن !! به‌رامبه‌ر نووسه‌ری مه‌به‌ست پاك و بێ‌تاوانو ماندوو زیبان لێ‌که‌وتو ، به‌ڵێ من له‌گه‌ڵ – واقع – ڕاستیدام ، پاشه‌ گه‌ردانی هه‌یه‌ له‌ وێژه‌ی کوردی‌داو پێویسته‌ نووسه‌ری کورد ، نووسراوی کاڵ و کرچ نه‌خاته‌ ناووێژه‌ی کوردی‌یه‌وه‌و هه‌رچیش ڕیش سووربوو ناونه‌نرێت (هه‌مزه‌ئاغا) ، به‌ڵام پاشه‌گه‌ردانی گه‌وره‌ له‌ناو خوێنده‌وارانی کورد دایه‌ !! وه‌ ئه‌گه‌ر وانه‌بووایه‌ گله‌یی‌که‌ی کاك (ڕه‌حیم صادق) له‌ ناوچه‌ی شاره‌زۆر ڕووی نه‌ئه‌دا ، لێره‌دا به‌ پێویستی ئه‌زانم که‌ کاك (ڕه‌حیم صادق) خاوه‌نی نوسراوی (باری من هه‌ر چل مه‌نه‌) ئاگادار بێت که‌ به‌ هه‌موو خه‌رجیه‌که‌وه‌ به‌ خه‌رجی هاتوو چۆی ڕێی سلێمانی و هه‌ڵه‌بجه‌وه‌ ، جگه‌ له‌ سه‌رماو گه‌رماو ته‌پوتۆزی ڕێگه‌و به‌جێ هێشتنی فرمانی میری و هه‌ڵ گرتنی هه‌موو سته‌مێك (٢٧١) دینار چوه‌ته‌ به‌رهه‌م هێنانی په‌ڕاوی (تیشکه‌) وه‌ وه‌ئێشتاش زیباتر له‌ سێ‌یه‌کی موچه‌که‌م که‌ ئه‌وه‌نده‌ نی‌یه‌ ، له‌ڕێی پڕکردنه‌وه‌ی ئه‌و قه‌رزه‌دا ئه‌ڕوات ، وه‌ هه‌روه‌ها زۆر تکا له‌و برا به‌ڕێزه‌ ئه‌که‌م که‌ به‌فه‌رموێت بێت تاکو زیاتر له‌ (٣٠٠) فلسه‌که‌ی پێشکه‌ش بکه‌مه‌وه‌و زۆر زۆریش سوپاسی ئه‌که‌م ، باشتریش وایه‌ ئه‌وه‌ی که‌ له‌ زمان ئه‌وه‌وه‌ نووسیویه‌تی !! بفه‌رموێت بگه‌ین به‌ خزمه‌تی !! بۆ ئه‌وه‌ی له‌ نزیکه‌وه‌ له‌ ڕاستی بگات و سکاڵایه‌کیش ده‌رباره‌ی باری قورسی وێژه‌وانانی کوردو که‌مته‌رخه‌می خوێنده‌وارانی بنوسێ !!

به‌ڵێ مامۆستای سه‌ربه‌رزو دڵسۆز ، سه‌ربه‌ستی ئافره‌ت زۆر پێویسته‌ ، به‌ڵام که‌ی ڕه‌نج و ته‌قه‌ڵای دڵسۆزان جێی خۆی گرت و پاشه‌گه‌ردانی له‌ناو خوێنه‌وارانی کورددا نه‌ما ، ئه‌وکاته‌ش سه‌ربه‌ستی ئافره‌ت یه‌ته‌ دی ، ئیتر خوا وێنه‌ی دڵسۆزان زۆرکاو بێ‌گومان هه‌ر سه‌رکه‌وتنیش هه‌ربۆراسته‌ .

داهێنان له‌ مه‌یدانی پزیشکی‌دا

ئاله‌تێکی بچکۆلانه‌یه‌ درێژیکه‌ی هه‌ر(٤) سانتی‌مه‌تره‌ ئه‌بێت ، پانیکه‌شی له‌ (٢) سانتی مه‌تره‌ زیاتر نابێت .. ئه‌نووسێندرێت به‌ سه‌ر پێستی نه‌خۆشه‌که‌وه‌ و ئه‌و ئاله‌ته‌ ده‌ست ئه‌کات به‌کار کردن و به‌ شێوه‌یه‌کی ڕێك و پێك لێدانی دڵی نه‌خۆشه‌که‌و نه‌خشه‌کێشانی و له‌گه‌ڵ گورجووگۆڵی هه‌ناسه‌ دانی ئه‌و نه‌خۆشه‌ له‌سه‌ر په‌رده‌ی ته‌له‌فزیۆنێکی به‌رده‌می پزیشکه‌که‌دا نیشان ده‌دات .. به‌م چه‌شنه‌ ده‌توانرێت چاودێری ئه‌حوالی ئه‌و نه‌خۆشه‌ بکرێت ..

چێشت و گۆشت !

ڕۆژێك یه‌کێك به‌ سه‌ردان ئه‌چێته‌ لای براده‌رێکی سه‌رمایه‌دار له‌ کارگه‌یه‌کدا ئه‌بینێت کرێکارێك دوای چه‌ند سه‌عات ئیش کردنێکی سه‌خت و گران نان و نیسکێنه‌ ئه‌خوات .

میوانه‌که‌ له‌ کرێکاره‌که‌ ئه‌پرسێت :

– ئه‌رێ تۆ به‌ چه‌ند ڕۆژ جارێك گۆشت ئه‌خۆی ؟

کرێکاره‌که‌ ئه‌ڵێت :

– مانگی دوو سێ جار !.

میوانه‌که‌ ڕوو ئه‌کاته‌ خاوه‌ن کارگه‌که‌و ئه‌ڵێت :

– هه‌ق وایه‌ یارمه‌تی بده‌یت هیچ نه‌بێ به‌ دوو سێ ڕۆژ جارێك گۆشت بخوات .

خاوه‌ن کارگه‌که‌ به‌ زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌که‌وه‌ ئه‌ڵێت :

– باکرێکاره‌که‌ گوێی لێ نه‌بێ ، خووی خراپ ئه‌بێت !! برا ئه‌مانه‌ به‌ چێشت و گۆشت خواردن نه‌خۆش ئه‌که‌ون .

یه‌که‌م پاتری ئۆنۆمی

ده‌سته‌یه‌ك له‌ ئه‌ندازیاره‌کان له‌ شاری ئیرلینگ پاتریه‌کی ئوتۆمی تاقی ئه‌که‌نه‌وه‌ ، ئه‌وه‌ش یه‌که‌م پاتریه‌ له‌ جیهاندا دروست کرابێ بۆ ده‌رهێنانی هێزی کاره‌با . ئه‌و پاتریه‌ به‌ هاوکاریی دوو کۆمپانیای ئه‌ڵه‌مانی دروست کراوه‌ . هێزی ئه‌و پاتریه‌ «٢٢» بیست و دوو (وات) کاره‌بایه‌ که‌ ، له‌ ئه‌نجامی ئایك جیابوونه‌وه‌ی عونسوورێکی پریشك داری گورجه‌وه‌ په‌یدا ده‌بێت وه‌ وا بڕیار دراوه‌ که‌ ئه‌وپاتریه‌ ته‌نیا له‌ ئیش و کاری پشکنینی ژێر ده‌ریادا به‌کار بهێنرێت .



له‌م گۆشه‌یه‌وه‌

هه‌میشه‌ قسه‌کانمان له‌ کرداره‌کانمان گه‌وره‌ ترن . وه‌ك خولێکی بێ کۆتایی له‌ قسه‌دا به‌رده‌وامین !! کردارێشمان !! کردارێشمان گۆمێکی په‌نگ خواردووی کۆنی گه‌راوه‌یه‌ !!

به‌ده‌م قه‌مه‌وه‌ خه‌یاڵێکی ڕه‌نگینی نه‌رم‌وشلی خۆشی شاعیرانه‌ش ئه‌که‌ینه‌وه‌ به‌ده‌م ئه‌وقسه‌ زۆرو خه‌یاڵه‌ خۆشانه‌وه‌ زۆرجار خۆمان وا دائه‌نێین که‌ گه‌یشتووینه‌ته‌ چڵه‌ پۆپه‌ی ته‌واوی و هێچمان نه‌هێشتۆته‌وه‌ . به‌ێ هه‌موو ته‌واوی‌یه‌ك ، به‌ڵێ هه‌موو ته‌واوی‌یه‌ك ، ئه‌و ته‌واوی‌یه‌ی له‌ ڕاچه‌نینێکدا ڕاستی ئه‌وه‌مان دێته‌وه‌ به‌ر چاوو تێ‌ئه‌گه‌ین که‌ ئێجگار لێوه‌ی دوورین ، به‌قه‌ده‌ر دووری زه‌مین له‌و مانگه‌وه‌ی که‌ مرۆڤی وه‌ك ئێمه‌ ئاڵای سه‌رکه‌وتن و کۆڵنه‌دانی خۆی به‌سه‌ردا چه‌قاندووه‌ ..

به‌ڵام ئێمه‌ .. ئێمه‌ی کورد ، ئه‌وه‌نده‌ی دوورین له‌ مانگه‌وه‌ ، ئه‌وه‌نده‌ش دوورین له‌و ڕاستی‌یه‌وه‌ که‌ وه‌ك مرۆڤێکی ته‌واو خۆمان نیشانی گه‌لانی جیهان بده‌ین .. ئه‌وه‌نده‌ش دوورین له‌ ڕاستی کار کردنێکی وا وه‌ که‌ بمان گه‌یه‌نێته‌ ئه‌و ئاواته‌ی بۆی تامه‌زرۆین .. هه‌مووومان هه‌ست به‌م ناته‌واویه‌ ئه‌که‌ین !! .. که‌چی هه‌ر وه‌ك کوێله‌یه‌کی ئه‌لقه‌ له‌ گوێ شانی سه‌رشۆڕیمان بۆ دا نه‌واندووه‌ ، وه‌ك ئه‌و مل که‌چی‌یه‌مان سه‌ر که‌وتنێك بێت پێی قایلین .. ئه‌ویش ته‌نها له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ناتوانین ئه‌وه‌ی ئه‌مانه‌وێت کارێکی پیاوانه‌ی به‌دڵێکی له‌ خۆ بوردووه‌ی بۆبکه‌ین .. ناتوانین خۆمانی بۆ بڕه‌نجێنین .. ناتوانین واز له‌ فریشته‌ی خۆمان به‌و ئاده‌میزاده‌ لێ‌قه‌وماوه‌ بزانین که‌ پێویسته‌ زروفمان بگۆڕدرێت ..

بۆیه‌ ڕۆژ به‌ڕۆژ زیاتر ئه‌خزێینه‌ ناو ئه‌و گۆمه‌ گه‌راوه‌یه‌وه‌ که‌ پێ ئه‌ڵێن دواکه‌وتن و به‌جێمان ..

نوری حه‌یران

ڕوونکردنه‌وه‌یه‌ك

له‌ کتێبه‌که‌ی ئه‌م دووایی‌یه‌مدا شۆڕشێکی نوێ له‌ کوردستاندا) له‌ باسی (پیاوێکی فیلاوی)دا هه‌ندێك که‌س که‌ خوێندویانه‌ته‌وه‌ باسه‌که‌ ئه‌خه‌نه‌ پاڵ هه‌ندێك براده‌ری شیرین و به‌ڕێزم که‌ ئه‌وانه‌ له‌و جۆره‌ شتانه‌وه‌ زۆر دوورن ، وه‌ من له‌ باسه‌کانی‌په‌ڕاوه‌که‌مدا مه‌به‌ستم له‌ (اشخاص)ی تایبه‌تی‌ودیاری‌کراو نی‌یه‌ ، وه‌ ته‌نیا نووسینه‌کانم گیرو گرفت‌و که‌م و کۆڕی کۆمه‌لایه‌تی ئه‌خه‌نه‌ ڕوو وه‌ ته‌نانه‌ت ئه‌وباسانه‌ له‌ پێش چه‌ند ساڵێکه‌وه‌ ئاماده‌م کردبوون که‌ په‌یوه‌ندی‌یان به‌و لێکدانانه‌وه‌ نی‌یه‌ .

– جه‌مال شالی –
١٩٧١-٩-٢٤

ڕاستکردنه‌وه‌یه‌ك

له‌ ژماره‌ی پێشووی(هاوکاری) گه‌لێ هه‌ڵه‌ی چاپی گرنگ ڕوویداوه‌ له‌ ووتاری (پێدا چوونه‌وه‌که‌ی کاك (میم) له‌به‌ر تیشکی مارکسیزم– لینینزم‌دا) ئه‌مه‌ ڕاستیه‌– کانیه‌تی :

– له‌ خاڵی چواره‌مدا له‌جیاتی (سیسته‌می) نووسراوه‌ (سێیه‌می) .

– سه‌ره‌تای خاڵی شه‌شه‌م به‌م جۆره‌یه‌ « له‌ هه‌موو ئه‌ده‌بیاتی مارکسی‌دا ڕوون‌کراوه‌ته‌وه‌ که‌ ڕوشه‌نبیرو فه‌رمانبه‌ر وورده‌ بورجوان وه‌ئه‌مانه‌ له‌ ئه‌نجامی ... » .

– کۆتایی خاڵی حه‌وته‌م به‌م‌جۆره‌یه‌ : « ... به‌سه‌ر حوکمی‌دا زۆربه‌ی ئه‌ندامه‌کانی له‌ چینی بورجوازی بن ... »

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یەلە « دار الجماهیر »ەوە دەر ئەچێت

نرخی ٢٠ فلسە — تلفون : ـ٦٩٧٢١

(٩)ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ — ژمارە (٣٦) — ساڵی دووەم

سەرۆك بەكر سەرپە رشتی كۆبونەوەی ئەنجومەنی نەخشەكێشان ئەكات

ئیمرۆ سەرۆك احمد حسن بكر لە كۆشكی كوماریدا سەرپەرشتی كۆبوونەوەی ئەنجومەنی نەخشەكێشان ئەكات .

ئەنجومەن لەو كۆبونەوەیەیدا دەربارەی تەرخان كردنی پارەی پێویستو لێكۆڵینەوەی ژمارەیەك لە پڕۆژەكانی كشتو كاڵو پیشەسازیو ئاوەدان كردنەوەی وڵات ئەدوێ .

سەرەك كومار : حكومەتی شۆڕرش گرنگیەكی زۆری بەكەرتی ئابوری داوە

لە سەرەتای دەلیل نامەی دەورەی هەشتەمی پێشانگای بەغدای دەوڵەتان وتارێكی سەرۆك احمد حسن بكر بڵاوكراوەتەوە تێیدا ئەڵێ :

ئابوری گرنگترین كەرتەكە حكومەتی شۆڕش گرنگیەكی تەواوی پێداوە ، لەبەر ئەوەی پەیوەندیەكی راستەوخۆی بە ژیانی هاووڵاتیانو پەرەپیدانی توانای گوزەرانو ئاسودەیی كۆمەلایەتیو سەربەخۆیی ئابوری یەوە هەیە .

سەردەمی ئیستاش بەسەردەمی خێرایی و مونافەسە ناسراوە بۆ گەیشتنە بەرزترین پلەی بە رهەم . وە دەست گرتن بەسەر بازارەكانی جیهاندا واپێویست ئەكات كە تەقەللایەكی زۆرو قوربانی بدرێت لەپێناویدابۆ ئەوەی ئابوریمان بگەیەنینە رادەی پێویست .

ئێریانی ستایشی دەوری سەرۆك بەكرو ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ئەكات

پێشەوا بارزانی : پەیمان بێ ژیانمان بەخت كەین لەپێناوی گەلەكەماندا بەكوردو عەرەب و كەمایەتی یەكانیەوە

ئێریانی : زۆر شانازی بەگەلی عیراقی براوە ئەكەین

لە سەعات دوانزەی پاش نیوەرۆی رۆژی دوو شەممەی رابوردوو دا قازی عبدالرحمن ئیریانی سەرەكی ئەنجومەنی كۆماری ، كۆماری عەرەبی یەمەن بە سەردانێكی رەسمی كە پینج رۆژ ئەخایەنێ و لەسەرخواستی سەرەك احمد حسن البكر گەیشتە بەغدا .

لە فرۆكە خانە لەلایەن سەرەك كۆمارو ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشو ژمارەیەك لە ئەندامانی سەركردایەتی نەتەوایەتیو هەریمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراكیو وەزیرەكانو ئەفسەرە گەورەكانی سوپاوە پێشوازی میوانی ناوبراو كرا .

ئیریانی لە فرۆكەخانەی بەغدا بە «ئا.د.ع»ی گەیاند كە بەپێی ئەو پەیوەندیە میژویانەی ئێمەی پێكەوە بەستوە زۆر شانازی بە گەلی عیراقی براوە ئەكەین، هەروەها ووتبوی كە گفتوگوكانی لەگەڵ سەرەك بەكرو لێپرسراوەكانی تردا سەبارەت بە پەیوەندیەكانی نێوان هەردوو وولاتو مەسەلەی فەلەستین ئەبێت .

هەر ئێوارەی ئەو رۆژەش قازی ئیریانی تیا گەیشت ، سەریدا لەكۆشكی كۆماریو بۆ ماوەی سەعاتو نیوێك كوبونەوە .

لەرۆژی دووەمی سەردانەكەیا سەرلەبەیانی چەپكە گوڵی خستە سەر مەزاری سەربازی نەناسراوو سەعات نۆی بەیانیش چوە دیدەنی كاك صدام حسین جێگری سەرەكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ،دوایش سەریدا لە كولیەی سەربازیو كولیەی ئەركانو چاوی بە ئوسوڵی مەشقی سەربازی سوپای عیراق كەوت .

سەرەكی ئەنجومەنی كۆماری بەمەن ، لەو وتارەدا كە لە كولیەی سەربازی داویەتی ستایشی دەوری سەرەك بەكرو ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی كردوەو وتویە : گەلی یەمەن زۆر رێزی گەلی عیراقی برای ئەگرێت بەرامبەر ئەو رێزو دڵسۆزیە لە یارمەتیەكانی گەلی عیراقدا بۆمان دەركەوتوە .

لایەكی كەوە (ئا . د . ع) بڵاوی كردەوە كە گفتوگوكانی نێوان عیراقو یەمەن دەستی پێكردوە وەلای عیراق لەم گفتوگویانەدا بە سەرۆكایەتی دوكتور رشید رفاعی وەزیری نەخشەو جێگری وەزیری دەرەوە بوە ، وە لای یەمەن بەسەرۆكایەتی عبدالله حمدان وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری ئەنجومەنی شورا ، وەعیراق لەو گفتوگویانەدا سەلماندویەتی ئامادەیە لە هەموو روویەكەوە یارمەتی كۆماری عەرەبی یەمەنی برابدات .

سوپاس نامەی بارزانی

بارزانی : جارێكی تر پەیمان بەهەمووان ئەدەینەوە كەژیانمان بەخت بكەین لەپێناوی خزمەت كردنی گەلدا بەكوردو عەرەبو كەمایەتی یەكانیەوە

بۆ :

- مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان
- مەكتەبی عەسكەری پارتی دیموكراتی كوردستان
- هەمو لقەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان
- هەمو بارەگاكانی پارتی دیموكراتی كوردستان
- هەمو ئەو برایانەی بروسكەیان ناردوە

لە : بارزانی مستەفاوە

پڕ بەدڵ سوپاستان ئەكەم بەرامبەر بەو بروسكانەی كە بوتان ناردبوین بە بۆنەی رزگار بونمەوە لەو پیلانە ناپاكەی بۆ لەناوبردنمان نرابۆوە . هیوادارم كە هەموو لایەكتان سەركەوتووبن .

بەڕاستی هەڵوێستی گەلی كورد بەتایبەتیو گەلی عیراق بەگشتیو ئەو هەستە بێگەردوو حەماسەتەی نواندیان بەبۆنەی گێڕانی ئەوتاوانە چەپەڵەوە جێگای شانازیو سەربەرزی هەمولایەكمانە

جا بۆ جارێكی تر پەیمان بەهەموان ئەدەینەوە كە ژیانمان بەخت بكەین لەپێناو خزمەت كردن بە گەل ، بە كوردو عەرەبو كەمایەتی یەكانەوە .

هیوادارین كە تەقەللای هەموو لایەك ببێ بەیەك بۆ خزمەت كردنی هاوولاتیانوزامنی كردنی ئاسایشو ئاسودەییو سەربەستی لەووولاتدا لەكۆتاییدا داواكارم لە خوای گەورە كە هەمو لایەك سەركەوتو بن لە خزمەت كردن بە وڵاتو چەسپاندنی بەردی بناغەی یەكێتی نشتمانیو پووچەڵ كردنی پیلانو ئاژاوەوسەرچاوەكانی كە دەرهەقی گەلەكەمان ئەكرێت .

شۆڕشگێرانی كەمبودیا و ڤێتنام بەردەوامن لە خەباتدا

شۆڕشگێڕەكانی ڤێتنامی خواروو تادێ خەباتیان دژی هیزەكانی ئەمریكاو حكومەتی بەكرێ گیراوی سایگون توند تر ئەكەن ، ئاژانسی دەنگوباسی ڤیتنام بڵاوی كردەوە كە هیزەچەكدارەكانی لەشكری میللی لە هەریمی « كوامگتیش » لە رۆژانی ١و٢ ی ئەم مانگەدانزیكەی ٩٠ سەربازی دوژمنیان لەناو بردوە .

وە لە كەمبودیا ، شۆڕشگێڕەكان بەردەوامن لە ئاراستە كردنی لیدانی توند بۆ سەر هیزەكانی حكومەتی بەكرێ گیراوی فنۆم پنەدا . وە لە هەرێمی « كامبۆت » جەنگاوەرەكان لە شەرێكی توندا لەگەڵ هیزەكانی دوژمندا ٢٠٠ سەربازو ئەفسەریان لەناو بردوە .

فیداكاران پە لاماری دەوری یەیەكی ئیسرائیلیان داوە

هەفتەی رابوردو دەستەیەك لە فیداكارە عەرەبەكان پەلاماری دەوری یەیەكی سەربازی ئیسرائیلیان داوە ، لەنزیك خێوەتگای دێر « بەلحەوە » لە هەرێمی غەزەی داگیركراو .

وە قسەكەرێكی سەربازی سەهیونی دانی بەوەدا ناوە كە ژمارەیەك لە سەربازەكانی ئەم دەوری یەیە بریندار بوون .

ئاژانسی دەنگوباسی رۆژنامە نووسی فەرەنساش بڵاوی كردەوە كە هیزەكانی سەهیۆنیكان بەدوای ئەم روو داوەدا كەوتونەتە پشكنینی خێوەتگای دەربەدەرەكانو بەدەیانیان لی گرتون .

دیسان قسەكەرێكی سەركردایەتی شۆڕشی فەلەستین بڵاوی كردەوە كە دەستەیەكی تری فیداكارەكان پەلاماری ئوتوموبێلیكی دوژمنیان داوەو دوو سەربازیان تیا كوشتوە .

تەواوی رووداوی ئەو دەست درێژی یە ناپاكەی كرایە سەر پێشەوا بارزانی

هەفتەی رابوردوو ،رۆژنامەی - التاخی- بە درێژی چۆنیەتی رووداوی ئەو دەست درێژیە ناڕەوایەی بڵاو كردەوە، كە ئێوارەی چوار شەممەی ٢٩-٩-١٩٧١ كرایە سەر ژیانی پێشەوای بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی كوردو سەرەكی پارتی دیموكراتی كوردستان- بارزانی مستەفا - .

رۆژنامەكە ووتبوی : ئەو ئێوارەیە وەفدێكی نۆ كەسی لە بەغداوە گەیشتە گەڵالە ، گوایە وەفدی پیاوە ئاینیەكانن، وە داوایان كرد ، چاویان بە بارزانی بكەوێو ناوەكانی خۆشیان (كە بە دەستو خەتی خۆیان نووسرابوو) پێش كەشیان كردبوو ، ئەو ناوانەش ئەمانە بوون :

١ - عبدالحسین دخیلی ٢ - شیخ عبدالوهاب الاعظمی ٣ - شیخ عبدالجبار الاعظمی ٤ - شیخ ابراهیم غانم خزاعی ٥ - شیخ احمد هیتی ٦ - شیخ باقر مظفر ٧ - شیخ نوری یاسین حسنی ٨ - شیخ غازی دلێمی ٩ - شیخ عبدالجلیل موسوی .

جا چوار لەم دەستەیە دوو هەفتە بەر لە رووداوەكە چوبوونە حاجی هومەرانو چاویان بە بارزانی كەوتبوو ، وە وایان دەرخستبو كە گوایە زانای ئاینینو مەبەستیان خزمەت كردنی وولاتەو پەیوەندی بە لێپرسراوانی كوردو لێپرسراوەكانی میریەوە ئەكەن بە مەبەستی نزیك خستنەوەیانو جێگیر كردنی ئاشتیو هێمنی . دیسان ووتبویان ئەمجارەش بۆ هەمان مەبەست هاتوون .

رۆژنامەكە ئەیگێڕێتەوە كە لەسەعات پێنجی ئێوارەدا ، ئەم وەفدە « دروست كراوە » لەگەڵ بارزانیا كۆبوەوە ، بە ئامادە بوونی دوكتور محمود علی عثمان ئەندامی مكتبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان ، لەكاتێك دا ، ئەو دوو ئوتومۆبیللەی پێی هاتبوون لەنزیكی پەنجەرەكانی ژورەكەوە وەستابوونو شۆفێرەكان لەلایان بوون ، دوای چارەكە سەعاتێ گفتوگۆكردنی ئاسایی ، هێرشێكی راستەو خۆ لەلایەن ئەو تاوان بارانەوە بە نارنجۆكو بۆمباوە كە لەژێر جلەكانیانا شاردبویانەوە كرایە سەر بارزانی بە مەبەستی لەناو بردنی ، كاتێ تەقینەوە دەستی پێكرد هەندێكیان دەمو دەست كوژرانو لێك دانێكی توند دەستی پێكرد بەتایبەتی لەنێوان تاوان بارەكانو یاساوڵەكانی بارزانیدا كە نزیكەی سەعاتێكی خایاندو تاوان بارەكان دەیان بۆمبای وەختیو نارنجۆكیان بەكارهێناوە كە لەئەنجاما هەموویان لەناو چوون ، هەرچەندە یاساوڵەكان زۆریان هەوڵدا بەزیندوویی بیان گرن ، رۆژنامەكە ئەوەشی ووتوە كە هەردوو شۆفێرەكان بەربەستی یەكی توندیان كردوە .

هەروەها رۆژنامەكە ئەڵێ : كاتێ بارزانی ویستویە شوێنەكە بەجێ بهێڵێ یەكی لەتاوان بارەكان نارنجۆكێكی تێگرتوە بەڵام بەری نەكەوتوەو بە سەلامەتی رزگاری بوە .

لەئەنجامی ئەو لێك دانە توندەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوونو چواردەی تر بریندار بوون هەروەها ئوتوموبێلێكی تاوان بارەكان تەقیوەتە وەو هەپرون بە هەپرون بوە بەڵام ئەوی لەناوبردنی رێكخرابوو .

تریان كەلە جۆری «شۆفرلیت»ە بەساغی ماوەتەوە ، كەهەموو شۆێنێكی پڕ كراوە لە بۆمباو تەقەمەنی .

رۆژنامەی - التاخی - ئەڵێ: پێشەوا بارزانی بە سەلامەتی رزگاری بوە ، تەنیا تۆزی لاچاوی چەپی روشاوە ، بەڵام دوكتور محمود عثمان هیچ عەزێتی پێ نەگەیشتوە .

بێزاری خەڵكی كوردستان

ئەوەی شایەنی باسە ، هەر لەگەڵ زانینی ئەو هەواڵە جەماوەری خەڵكی كوردستان توڕەییو بێزاری توندی خۆیان دەربری و بەهەزاران كەس رژا بونە سەر شەقامی شارەكانی كوردستان و چاوەرێی دوا هەواڵیان ئەكرد .

بەڵام كاتێ پارتی دڵنیای كردن لە سەلامەتی پێشەوا بارزانی هەموو شادمان و دڵ خۆشبون بە سەركەوتنی پیشەوای بزوتنەوەی كوردو رزگاربونی لەو پیلانە چەپەڵە .

بروسكەی بارزانی بۆ سەركردایەتی هەریمایەتی

هەروەها سەرۆك بارزانی مستەفا سوپاس نامەیەكی نارد بۆ سەركردایەتی هەریمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی تیێدا سوپاسی كردبو بەرامبەر ئەو بێزیاری نامەیەی بۆی نارد بوو ، لە لایەكی كەوە میری دەستەیەكی لێكوڵینەوەی پێك هێناوە بۆ سەرنج دانی چونیەتی روودانی ئەو پیلانە چەپەڵە .

نێراوی سەرەك بەكر :

دیسان هەفتەی رابوردوو سەرەك كۆمار كاك احمد حسن البكر ،دوكتور احمد عبدالستار جواری وەزیری پەروەردەی نارد بۆ هەواڵ پرسینی تەندروستی سەرۆك بارزانیو پیرۆزبای لێكردنی بەبۆنەی رزگاربونیەوە لەو پیلانە نارەوایەی بەمەبەستی

خەباتگێڕانی ئێران تەنگ بەرژێمی شای كۆنەپەرست هەڵئەچنن

خەباتگێڕانی ئێران بەردەوامن لە خەباتی چەكدارانەیاندا دژی رژێمی شای بەكرێ گیراو .

ئاژانسی دەنگو باسی ئەسۆشێتدپریس لە تارانەوە وا ئەگەیەنێ كە دەزگای سازمانی ئەمنیەت لەوە ئەترسێ كە خەباتگێڕان هێرشی تر ببەنە سەر هێزەكانی سوپاو ژاندارمیری لەكاتێكا خۆ ئامادە ئەكرێت بۆ ئاهەنگ - گێڕان بەبۆنەی تێپەربوونی (٢٥٠٠) ساڵ بەسەر دامەزرانی حوكمی شاهەنشاهی لە ئیراندا .

ئاژانسەكە ئەڵێ : سازمانی ئەمنیەت ترس دایگرتوە دەربارەی هێرشی كە شۆڕشگیران بیكەن بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو ئاهەنگەی دەربارو خیزانی شا ئەیكەنو دەستی بڵاو بێسنوریانو بەفێڕۆ خەرج كردنی خەزێنەی دەوڵەت . ئەوەی شایانی باسیشە بزوتنەوەیەكی چەكدارانەی فراوان بەرپا بووە بۆ روخاندنی حوكمی شای بەكرێ گیراو . وە لە هەفتەی رابردوشدا كۆمەڵێك لە شۆڕشگێڕان لە ناوچەیەكی نزیك تارانەوە هێزێكی ژاندارمیریان لەناو بردبوو .

هەواڵی شارەكانی كوردستان

كەركوك :

● دەزگای ئاوەدان كردنەوەی باكوور ، بریاری داوە دوو قوتابخانەی نوێی ئامادەییو دە قوتابخانەی سەرەتای نوێ لە كەركوكدا بكاتەوە كە نزیكەی ٩٩ هەزار دنیاریان تێ ئەچێت .

هەولێر :

● لیژنەی تایبەتی وەزارەتی پیشەسازی نەخشەی دامەزراندنی كارگەیەكی چنینو رستنی بۆ شاری هەولێر داناوە ، كە بریارەبەم زوانە ئیشو كاری دامەزراندنی دەست پێ بكات .

سلیمانی :

● لەهەفتەی رابوردووەوە ئیش كردن لە دروست كردنی چوار مەخزەنی كارگەی شەكری سلیمانیدا دەستی پێ كردوە كە پانای بیستو چوار هەزار مەتر چوار گوشە زەوی بۆ تەرخان كراوە .

گفتوگۆی نیوان یەكێتی سۆڤیەتو ڤێتنامی دیموكراتی

هەفتەی رابوردوو گفتۆكانی نیوان یەكیتی سوڤیەتو كۆماری ڤێتنامی دیموكراتی لەهانوی كۆتای هات .

لەم گفتوگویانەدا نیكولای بۆدگورنی ئەندامی مكتبی سیاسی پارتی كۆمونیستی سوڤیەتو سەرەكی دەزگای سەرۆكایەتی ئەنجومەنی بەرزی سوڤیەت سەرۆكایەتی لای سوڤیەتی كردو « لی زوان » سكرتێری یەكەمی كۆمیتەی ناوندی پارتی كارگێڕی ڤیتنام سەرۆكایەتی لای ڤیتنامی كرد .

ئەم گفتوگویانە لەكورێكی برایانەو لەیەك گەیشتنایوە و سەر لەنوێ حكومەتی یەكیتی سوڤیەتو ڤیتنامی دیمكراتی سوور بونی خۆیان سەلماندەوە لەسەر بەردەوامی بەهێز كردنی پەیوەندیانو هەوڵدان بۆ بەهێز كردنی هاوكاری نێوانیان لە هەموو روویەكەوە .

« نۆڤوستی »

پەكین : هەرگیز پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دا نابەستین

مەكتەبی راگەیاندنی- فتح - بڵاوی كردەوە ، لەكاتی سەردانی وەفدی بزوتنەوەی - فتح -دا بۆ پەكین ، لێپرسراوەكانی چینی میللی بۆیان سەلماندوە كە چینی میللی هەرگیز لەژیر باری هیچ رۆژگارێكا پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا نابەستێ .

دیسان بڵاو كرایەوە كە وەفدەكە لەدوای چاو پێكەوتنی لێپرسراوەكانی چین ، لە سەرو یانەوە مستر شوئان لای سەرەك وەزیران ، لەوە دڵنیا بوە كە كۆماری چینی میللی بەردەوام ئەبێ لەیارمەتی دانی شۆڕشی فەلەستین لەرووی سەربازیو سیاسیەوە، هەروەك لە بەرپابونی ئەم شۆڕشەوە كەمتەرخەمی نەكردوە .

وە كۆماری چینی میللی مەسەلەی پشت گرتنی شۆڕشی گەلی فەلەستینی لەم سێ خاڵەدا دیاری كردوە .

١ - بەردەوامی یارمەتی دانی سیاسیو سەربازی بۆ بزوتنەوەی رزگاری فەلەستین.

٢ - سەلماندنی هیچ پەیوەندی نەكردنێ لەگەڵی دەوڵەتۆكەی چەتە سەهیونیەكاندا و لەژێر باری هیچ رۆژگاریكدا .

٣ - مامەلە كردنی شۆڕشی چین لەگەڵ رژیمی ئوردندا ، هەمان مامەلەیە كە لەگەڵ دەوڵەتۆكەی سەهیونیەكاندا ئەیكاتو ، پەیوەندی نەبەستنەو تا ئیستەش چینی میللی هیچ جۆرە پەیوەندیكی لەگەڵ رژیمی ئوردن دا نیە .

- ئاژاشەكانی -

institutkurde.de/paris

ژمارە ٣٦
٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١

مەرجەکانی حیزبی پرۆلیتاریا لە دەوڵەتێکی سۆشیالیستدا

نووسینی : شوان

مەسەلەیەکی کوردی هەیە ئەڵێت : « هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزە ئاغا نییە » .

لە سەرانسەری دنیادا گەلێك دەوڵەت ئەبینین کە ناوی سوشیالستییان لە خۆیان ناوە، هەندێك هەر فریان بەسەر سوشیالیزمەوە نەبووەو وەك مۆدەو باو حەزئەکەن وا بەخۆیان بڵێن‌و خەڵکی وایان بداتە قەڵەم .

هەندێکیش سەردەمێك سوشیالیست بوون‌و بەڵام ئێستا لێی هەڵگەڕاونەتەوە . لە دونیای ئەمڕۆدا گەلێك ووڵات هەیە کە ئیدیعای ئەوە ئەکات سوشیالیستەو حزبی پێشڕەوی چینی کرێکار حوکمی ئەکات بە جۆرێکی ئەوتۆ کە کەسێك نەیەوێت خۆی ماندوو بکات‌و بگەڕێت بە دووای راستییاو سەری لێ‌تێك ئەچێ‌و نازانێ قسەی کێ بسەلمێنێ . هەندێکیش گۆڕان‌و شتی نوێ بەدرەنگ کاریان تێ‌ئەکات یا کۆنەپارێزن ، هەر شەیدای خۆ بەستنەوەن بە شتێکەوە کە لەوەپێش بە پیرۆزیان زانیوەو ئێستا لە واقعدا وانەماوە .

جا بابزانین مەرجەکانی حزبێکی پرولیتاری لەدەولەتێکی سوشیالیستدا ئەبێ چی‌بن ؟ وە ئایا بەبێ ئەو مەرجانە چ خۆی بە پرولیتاری‌و چ ئەو دەولەتەی حوکمیشی ئەکات بە سوشیالیست ئەژمێردرێت یان نە ؟؟ .

١ ـ ئەگەر ئەو حیزبە دەستەی پێشرەوی چینی کرێکار نەبوو ، لەبری ئەوەی حیزبی چینی کرێکار بێت ، (حیزبی تێکرایی گەل) بوو ، ئەوا لە حزبێکی پرولیتاری دەرئەچێت‌و ئەبێتە حیزبێکی بورژوازی ، بوونی حیزبێکی بورژوازیش لە شوێنی فەرمانرەوایەتی دەولەتێکدا ، مانای ئەوەیە دەولەتەکەش سوشیالیست نییە .

٢ ـ مەرجە ئەو حزبە دکتاتورییەتی پرولیتاریا بچەسپێنێت‌و بەرگری لێ‌بکات وە بەتوندی دوژمنانی دکتاتورییەتی پرولیتاریا دابمرکێنێتەوەو بێ بەزەییانە لە هەموو دەسەڵات‌و نفوزێکی بورژوازی بدا وە بەربەرەکانی بیروکراسی بکات لە هەموو ئاستێکی دەولەتی‌و دەزگایەکی حزبیدا .

ئەم حزبە ئەبێت بەردەوام بێت لە چەسپاندنی ئەم دکتاتوریەتە تاگەیشتن بە کۆمەڵی کۆمۆنیزم . بەڵام ئەگەر هاتوو لەنیوەی رێگا وازی لە دکتاتوریەتی پرولیتاریای هێناو کردی بە (حوکمی تێکرایی گەل) ئەوە مانای گۆڕینی ئەو دیکتاتورییەتەیە بەدکتاتوریەتی بورژوازی . وولاتێکیش حوکمی دیکتاتوریەتی بورژوازی تیابێت سوشیالیست نییە .

٣ ـ پێویستە ئەو حزبە بەتوندی بەرهەڵستی گەڕانەوەی سەرمایەداری بکات‌و رێگە نەدات بە یاساکانی ئابوری سەرمایەداری وەك هاندانی ماددی (الحوافز المادیة) و ئیش‌کردن لەپێناو قازانجی تایبەتیدا ، وە ئابوری سوشیالیست گەشە پێبدا .

پێویستە هەنگاونان بۆ پێشەوە بەرەو هێنانەدی (هەریەکە بەپێی توانای خۆی‌و هەریەکە بەپێی پێویستی خۆی) بێت . خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە سیاسەتی ئابوری پەیرەوکرد ، لە ئابوری سوشیالیست دەرئەچێت‌و بەرەو سەرمایەداری ئەگەڕێتەوە ، بەواتە سیستمی سەرمایەداریش دێتەوەکایە .

٤ ـ مەرجێکی تری بوونی ئەو حزبە ئەوەیە کە ئایا لەژێر سایەی دیکتاتورییەتی پرولیتاریادا بەردەوام ئەبێت لە شۆڕش یانە ؟ ئایا شۆڕش لە سەرخانی کۆمەڵدا بەرپا ئەکات یانە ؟ ئەگەر حزب شۆڕشی سەقافی نەکرد لەسەرخان‌داو هەمیشە لە ناکۆکی چینایەتی‌و خەباتی چینایەتی ئاگادار نەبێت‌و بیخاتە پشت‌گوێ ئەوا نەك هەر سەرخان جووت نابێت لەگەڵ ژێرخانەکەدا بەڵکو پاش ماوەیەك سەرخان ئەگۆڕێت‌و هەر هەنگاوێکیش نرابێت لە مەیدانی ژێرخاندا هەڵئەوەشێتەوەو حوکمی سوشیالیست نامێنێت .

٥ ـ لەرووی سیاسەتی دەرەوە ئەبێت دژی (بەئاشتی پێکەوە ژیان‌و گۆڕانی ئاشتی‌یانەو بۆربۆرینی ئاشتی‌یانە) خەبات بکات . بەبێ خەبات کردن دژی ئەم سێ ئاشتی گەرییە بەدناوە ناتوانێت هیچ یارمەتییەکی فیعلی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلان‌و پرولیتاریای ووڵاتە سەرمایەداریەکان بدات‌و باری‌ناوەوەی خۆشی بۆگەن ئەکات‌و گۆڕانی ئاشتی‌یانەی بەسەرا دێت بەرەو دوواوە ، بەرەو سیستمی سەرمایەداری ، دیارە کە یارمەتی گەلان‌و پرولیتاریای جیهانی نەدا مەرجێکی ئینتەرناسیونالیستی خۆی وون ئەکات کەبێ مەرجی ئینتەرناسیۆنالیست نەحزبەکە بە حزبی پرولیتاریا وەنە دەولەتەکە بە دەولەتێکی سوشیالستی ، ناژمێردرێت . پێویستەحزبی‌پرولیتاریا ووڵاتی خۆی بکاتە بنکەیەکی شۆڕشگێرانە بۆ پشتگیری خەباتی گەلان‌و پرولیتاریای دنیا وە بەتوندی دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بێت بەسەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا .

٦ ـ دەربارەی پەیوەندی نێوان دەولەتە سوشیالیستەکان و حزب‌و رێکخراوە مارکسییە ـ لینینیەکان، حزبی پرولیتاریا نابێت سیاسەتی (شوفینییەتی دەولەتی گەورە) و (هەقی باوکایەتی) دەرەبەگایەتی‌بەکار بهێنێت . ئەگەر حزبێك‌بە ناوی گەورەییەتی‌یەوە پێ‌نا لە سەربەخۆیی دەولەتێکی تر وەیا دەستی‌وەردا لە کاروباری ناوخۆیەوە ، وەیا بەناوی هەقی باوکایەتی‌یەوە ویستی کاربکاتە سەر حزب‌و رێکخراوەمارکسییە ـ لینینیەکانی تر ئەوا مەرجی ئینتەرناسیونالی پرولیتاری خۆی وون ئەکات حزبێکیش ئەمەی وون‌کرد نە پرولیتارییەو نە ئەو دەولەتەی کە لە ژێر فەرمانڕەوایەتی سوشیالیستە .

٧ ـ بۆ ئەوەی حزبێکی پرولیتاری بناسرێتەوە ئەبێت هەڵویستی روون بێت لە تەحریفییەت بەو ئیعتبارەی مەترسییەکە لەسەر بزوتنەوەی شیوعییەتی جیهان ـ وەك تصریحی ساڵی ١٩٥٧و بەیانی ساڵی ١٩٦٠دا هەیە ـ کە هەموو حزبە شیوعی‌و کرێکارییەکان مۆریان کردووە . هەر حزبێك لە ووڵاتی خۆیدا گوێ نەدا بە سەرهەڵدانی تەحریفییەت‌و صراعی ئایدیولوجی نەکرد لەگەڵیا بۆ بنەبڕکردنی وە بەتوندی

بروانە : ل ٧

راپۆرتی تیری مینیون بۆکۆمەڵی پاراستنی مافی مرۆڤ

لێرەدا چەند بەشێك بڵاو ئەکەینەوە لە راپۆرتی پارێزەری بەناوبانگی فەرەنسی (تیری مینیون) کە پێش ماوەیەك بە نوێنەرایەتی کۆمەڵی جیهانی پاراستنی مافی مرۆڤ نێردرابوو بۆ ئێران بۆ ئامادەبوون لە محاکمەکردنی شۆڕشگێڕانی ئێران داو چاودێری کردنی باری بەندە سیاسییەکان لە زیندانەکانی شای ئێرانا .

ئەم راپۆرتە بە شێوەیەکی فراوان بڵاوکراوەتەوە لەلایەن یەکێتی جیهانی قوتابییانی ئێرانەوە (کۆنفدراسیۆن) .

(تیری مینیون) ئەمە جاری دووهەمێتی کە ئەچێتە ئێران ، وەکو خۆی ئەڵێ جاری یەکەم بەشداربوە لە محکمەی (١٨) کەس‌دا وە بەچاوی‌خۆی پێ‌شێل کردنی مافی مرۆڤی دیوە لە دادگادا .

لە راپۆرتی ئەمجارەیا باسی رووداوەکانی ئەم دواییەی ئێران ئەکات ، لە دوای گرتنی (کۆمەڵی فەلەستین) وە راپەرینەکەی (سیاکەل) وە ئینجا ئەڵێ :ـ

«رۆژی چوارشەممە ریکەوتی ١٧ی مارتی ١٩٧١ (١٣) کەس دوای محاکمەیەکی عەسکەری بەپەلە حوکمی ئیعدام دران وە حوکمەکەش بە خێرایییەکی بێ‌وێنە جێ‌بەجێ‌کرا ، وە دوایی بڵاوکرایەوە کە ئەو (١٣)کەسە لە « تاقمی سیاکەل »ن . وە رۆژی چوار شەممەی ریکەوتی ٧ی نیسانی ١٩٧١ شۆڕشگێڕەکان (جەنەڕاڵ فرسیب) یان کوشت کە سەرۆکی دادگای عەسکەری لەشکری ئێران بوو ، لە کاتێکا کە لە ماڵی خۆی ئەهاتە دەرەوە . هەروەها لە ٢٦ی نیسان تاوەکو ١ی ئەیار خۆپێشاندان‌و مانگرتنێکی گەورەی کرێکارانی شاری « کەرەج » بەرپا بوو ، کە داوای زیادکردنی رۆژانەکەیان ئەکرد ، وە نزیکەی دوو هەزار کرێکار بەشداریان تێداکرد ، وە لەئەنجامی هێرشی پۆلیس و سەربازەکانی شادا (١٢) کرێکار کوژران . »

ئینجا تیری مینیون ئەڵێ :ـ

« دانیشگای تاران پڕە لە پۆلیس ، زۆر لە کولیەکان هەر داخراون ... من لەبارێکی وا شێواودا گەیشتمە تاران ... لەوێ داوام کرد کە بچم زیندانەکان ببینم وە ئاگاداری محاکمەکان ببم . دوای‌فریودانی (٣) رۆژ وەڵامیان دامەوە کە داواکانم نایەنە دی . بەڵام لەو سێ رۆژ چاوەڕوانییەدا توانیم زۆر شت لەسەر تاران بزانم ، وە بزانم کە تاچ رادەیەك مافی مرۆڤ خراوەتە ژێر پێوە لەئێراندا .

ئەو کەسانەی من دیمن ، لە پیاوە گەورە لیبرالییەکانی ئێران بوون ، وەك رۆژنامەنوس و پزیشك و پارێزەر و کەسانی تر (کەباش نیە ناویان بهێنم) .

پارێزەرێکم‌دی باسی دوو بەندی سیاسی بۆکردم (زەریفی وە جەزەنی) کە لەوەپێش (١٥) ساڵ حوکم درابوون ، کەچی دوای راپەرینی سیاکەل ، توهمەی تازەیان دانەپاڵ‌و جارێکی تر محاکمەیان کردن‌و حوکمی ئیعدام دران وە دوای دفاعێکی زۆر حوکمەکەیان کەم کرایەوە بۆ حەپسی ئەبەد » .

تیری مینیون درێژە بە قسەکانی خۆی ئەدات و ئەڵێ :

« پیاوێك بۆی باس کردم کە لەکاتی هێرشی پۆلیس دا بۆ سەر « دانیشگای ئاریامهر » زۆر لە مامۆستایانی دانیشگا بریندار بوون ، لەبەر ئەوە هەموو مامۆستاکان پێکەوە استقالەیان پێش‌کەش کرد ، وە بوو بە هۆی داخستنی دانیشگاکە » .

ئینجا ئەڵێ « ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوە بوو کە ئەندامانی رێکخراوە مارکسی ـ لینینی‌یەکان بەتایبەتی زۆرتر لە ژێر ئازارو سزای حکومەت دان » .

تیری مینیون لە کۆتایی راپۆرتەکەیا ئەنوسێت :

« دوای ئەوەی لە ئێران اعدام‌کران » .

گۆڕینی هاوکاری لەبەیانێکی کۆنفدراسیونی جیهانی قوتابیانی ئێرانەوە

گەڕامەوە ، بێ ئەوەی بتوانم ئەرکەکانی سەرشانم بەجێ بێنم ، هەموو ئەو رووداوانەی کە دیبووم بە نامەیەك نوسیم بۆ جەنابی « پاك رەوان » سەفیری ئێران لە پاریس . وە لەنامەکەدا بۆ سەفیر نوسیم :ـ

پێش ئەوەی لێرەوە بچم بۆ ئێران ، پێتان وتم کە کاتی محاکمەکان بەمن ئەڵێن پێش دەست‌پێ‌کردنیان ، تاکو بتوانم وەکو نوێنەرێکی کۆمەڵی پاراستنی مافی مرۆڤ بەشداری محاکمەکان ببم . بەڵام بەداخەوە لەوساکەوە چەندەهاکەس محاکمەکران‌و اعدام‌کران بێ‌ئەوەی من ئاگادار بکرێم . تەنانەت لەتارانیش جەنابی شیرازی لە وەزارەتی دەرەوە پێی ئەوتم کە کەس اعدام نەکراوە .

من گاڵتەم بەو عەدالەتە ساختەیە دێت کە ئەڵێن لەئێرانا هەیە ، وە لەژێر سایەیدا کەسانی بێ‌تاوان محاکمە ئەکرێن و ئەکوژرێن . وەمن تورەیی‌و نارەزایی توندی خۆم دەرئەبڕم بەرامبەر ئەو کارانە کە بەهیچ جۆرێك ناگونجێ لەگەڵ بچوکترین مافی مرۆڤدا .

شاهەنشای ئێوە ،بە هەموو ئەو بەزم‌و ئاهەنگەی کە ئەی گێڕێ بەبۆنەی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهێتییەوە ، ناتوانێ یادی ئەو لاوە شەهیدانە لەبیر خەڵك بەرێتەوە کە لەم دواییەدا بێ‌تاوان لە ئێران

لەسەرهەواڵێك لە ڤێتنامەوە

جوامێر

لەگەڵ دان‌بەخۆداگرتن‌و پشت‌بەخۆبەستنی گەلی پاڵەوانی ڤێتنامدا لەخەباتی سەختی شۆڕشگێرانەیا دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکایی وحکومەتی بەکرێگیراوی سایگون بۆ رزگارکردنی ووڵات‌و پاك‌کردنەوەی لێیان ، لەگەڵ ئەمەدا گەلانی تری دنیا بە حوکمی ئەوەی کە ناکۆکی‌سەرەکی لەم سەردەمەدا وا لە نێوان بەرەی گەلان لەلایەك‌و بەرەی ئیمپریالیزمی دنیا کە ئەمرو رژێمی ئەمریکا سەرکردایەتی ئەکا لەلایەکی‌تر بەرەی گەلان بەگەلی ئەمریکاشەوە لەگەڵ خەباتی رەوای گەلی ڤێتنامەو تابێ بەتین‌تر پشتگیری ئەکا .

گەلانی جیهان وەنەبێ هەر بە قسەو نوسین یارمەتی گەلی خەباتگەری ڤێتنام بدەن ، بەڵکو بەوپەڕی تواناوە هەندێکیان یارمەتی ئابووری‌و عەسکەری پێشکەش ئەکەن ، بۆ نمونە گەل‌و حکومەتی چینی میللی یارمەتی بێ‌شومارو بێ‌سنووری گەلی ڤێتنام ئەدەن . ئەوەبو لە ٢٣ی ئەیلوولی رابوردودا لە هانۆی ـ پایتەختی کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی ـ اتفاقیەی ساڵی ١٩٧٢ مۆر کرا لە نێوان ڤێتنامی دیموکراتی‌و چینی میللی‌دا کە بە پێی ئەم اتفاقیەیە چین یارمەتی ئابووری‌و عەسکەری‌و یارمەتی تری پێشکەش بە ڤێتنامی دیموکراتی ئەکا وبەپێی پێویستیان زیاتری ئەکات ، وەبەم زیاد کردنی یارمەتیانە گەلی ڤێتنامی خەباتی سەختی درێژخایەنی بەهێزتر ئەکات تا هێزەکانی ئەمریکا بە تێك‌شکاوی دەر ئەپەڕێنێت‌و ووڵاتی خۆی لە دوژمنان پاك ئەکاتەوە .

جگەلەوەش ئەم ریکەوتنەی (اتفاقیە) دوایی چین‌و ڤێتنام جارێکی‌تر ئەو راستییە ئەسەلمێنێ سیاسەتی چین بە تەواوی بەرژەوەندی پرولیتاریاو گەلانی جیهانی تیایە ، وە ئەو پروپاگاندانە بەجارێ بەدرۆ ئەخاتەوە کە گوایە چین نیازی وایە سیاسەتی بەرامبەر رژێمە سەرمایەدارو ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاو ئەوانی‌ترخاو ئەکاتەوە وە دوژمنەکانی چین ویستیان سەردانی نیکسون بۆ چین‌بەکار بهێنن بۆ فریودانی رای‌گشتی‌و بەو شێوەیە بیخەنە پێش‌چاو کە چین پەیوەندی لەگەڵ رژێمە سەرمایەدارو ئیمپریالیستەکاندا ئەبەستێ لەسەر حسابی گەلانی هیندو ـ چینی‌و بزوتنەوەی شۆڕشگێری گەلان لەسەرانسەری جیهاندا ، ئەوانە ویستیان لەم رێیەوە لەو پایەو ناوبانگە بەن کە چین هەیەتی لە کۆڕی خەباتی گەلاندا ، وە بۆ ئەوەی خەڵکی‌سارد کەنەوە لە بیروباوەڕە شۆڕشگێرانەکانی سەرۆك ماوتسی تونگ کەلەم چەند ساڵانەی دواییدا فراوانتر لە جاران گەلان لە خەباتیانا سوودی لێ وەرئەگرن .

بەڵام ئاشکرایە کە پەیدا کردنی پەیوەندی دپلوماسی‌و بەئاشتی پێکەوەژیان لەگەڵ ووڵاتە رژێم جۆربەجۆرەکاندا لەسەر بناغەی احترام گرتنی سەلامەتی خاکی یەکتری‌و دەسەڵاتی‌ وەدەست درێژی نەکردنە سەر یەکترو دەست نەکێشانە ناو کاروباری یەکتری وەیەکسانی وسوود لەیەك بینین وەبەئاشتی‌پێکەوە ژیان وە بەرهەڵستی کردنی سیاسەتە ئیمپریالیە دوژمنانەو شەڕخوازیەکان ، سیاسەتێکی لینینی رەوایە وهیچ‌کات لەسەر حسابی پرولیتاریاو گەلان نابێت . سیاسەتی بەئاشتی پێکەوە ژیانی نالینینی ئەوەیە کە رێگای هاوکاری لەگەڵ ئیمپریالیستەکان بە تاکە رێ دائەنێ بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکیەکانی نێوان گەلان‌و ئیمپریالیزم وە زۆر لەگەلانی شۆڕشگێر بکرێ کە خەباتی سەختی شۆڕشگێرانەیان دژی ئیمپریالیزم‌و چینە کۆنە‌پەرستەکان خاوکەنەوەو هەوڵدەن کە بە ئاشتی ئەم ناکۆکیانە ببڕێننەوە . بێ‌گومان بوونی پەیوەندی دپلوماسی لە نێوان رژێمێکی شۆڕشگێڕو رژێمێکی کۆنەپەرستدا ئەوە ناگەیەنێ کە چینە چەوساوەکانی ئەو ووڵاتە رژێم کونە پەرستە لەگەڵ چینە چەوسێنەرەوەکان پێك بێن ، بگرە بە پێچەوانەی ئەمە چینە چەوساوەکان‌و مارکسیە لینینییەکان لەو ووڵاتانەدا ئەبێ درێژە بەخەباتی خۆیان بدەن و سەربەخۆیی بیرکردنەوەیان بپارێزن‌و بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ باری ووڵاتەکەیاندا لەسەر تیوری عیلمی بڕۆن‌و سوود لە تەجروبەی شۆڕشی گەلانی‌تر وەرگرن ، چونکە بە ئاشتی پێکەوە ژیانی دەوڵەتە رژێم جۆر بەجۆرەکان هیچ لە پەیوەندی نێوان ستەمگەرو ستەمکێش ، چەوسێنەرەوەو چەوساوە وە حاکم‌و حوکم‌کراو ناگۆڕێ . سەرەك ماوتسی‌تونگ لە ساڵی ١٩٤٦ دا بە توندی دژی ئەو سیاسەتە نالینینیانە وەستا ، لەکاتێکدا کە (تولیاتی) و (توورز) کە پێشەوایانی هەردوو پارتی کۆمونیستی ئیتالیاو فەرەنسا بوون‌و لەگەڵ بورژوازیەکانی ئەو دوو ووڵاتە ریکەوتن‌و چەکەکانی دەستی جەماهیری زۆر لێ‌کراویان دانە دەست ، وە هەروەها دژی لیوتشاوتشی کە ئەیووت ئەشێ رژێمی ئابووری بە ئاشتی بگوڕێ‌و چاك بکرێ . وە سەبارەت بەمەسەرەك ماو ووتی کە « ریکەوتنی پەرژەوەندی یەکێتی‌سوڤیەت لەگەڵ دەولەتە سەرمایەدارەکاندا بە هیچ جۆرێك نابێ وا لە چینە چەوساوەکانی ئەو ووڵاتە بکا کە لەگەڵ بورژوازیەکان ریکەون بەڵکو ئەبێ درێژە بە خەباتی سەخت‌و درێژخایەنیان بدەن » . کەواتە چین بەگوێرەی ئەم سیاسەتە لینینییە رەفتار ئەکا لەگەڵ ووڵاتانی تردا بە ووڵاتە ئیمپریالیستەکانیشەوە کە ساڵی ١٩٥٧ سەرەك ماوتسی تونگ سەبارەت بەوانە ووتویەتی : « ئەبێ لەگەڵ گەلانی ووڵاتە ئیمپریالیستەکانیش یەکگرین و هەوڵ دەین لەگەڵ ئەم ووڵاتانە بەئاشتی بژین ، وە هەوڵ دەین ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی معین‌یان لەگەڵا بکەین ، وە تەقەللا بەین بۆ بەربەست کردنی هەر جەنگێکی تر کە رەنگبێ بقەومێ بەڵام بە هیچ جۆرێکیش نابێ بیری وا بێ بە خەیاڵمانا کە نەگونجێ لەگەڵ واقعدا سەبارەت بەم ووڵاتانە » .

وە با ئەوەشمان بیر نەچێ کە لە ژێر زەبری خەباتی سەخت‌و درێژخایەنی گەلی چین‌و گەلانی‌تری شۆڕشگێردا ئەو رژێمە کۆنەپەرستانەو ئیمپریالیستانە ناچار بوون کە ئەگەر بە سەرزارەکیش بێ سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بە چین بگۆڕن، وە دیارە کە ئەو جۆرە رژێمانە هەرگیز بە ئارەزوی خۆیان نایەن دەستی « دوستایەتی » بۆ چین درێژ کەن کە دوژمنی هەرە بەهێزو سەرسەختیانە . وە بۆ ووڵاتێکی وەك چین کە پرولیتاریا دەسەڵاتی بەدەستەوەیەو لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی سەقافی پرولیتاریدا دیکتاتوریەتی پرولیتاریا بنچ بەستوو پتەو بوە ، وە لەم سەردەمەدا کە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕش‌و گیانەلاوی ئیمپریالیزمە ، هیچ مەترسی‌یەك نیە بۆ سەر رژێمی سوشیالیستی چین‌و پشتگیری شۆڕشی جیهانی ، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە چین سوود لەو بێ‌هێزی‌و کەلین‌و ناکۆکیانە وەرگرێ کە وا لە بەرەی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستاندا بۆ زیاتر بەهێز کردنی ووڵات لەرووی ئابووری‌و سیاسەتەوە .

بەم جۆرە پشتگیری گەلان بۆ یەکتری تابێ لەپتەوبووندایە و تابێ زیاتر گوڕ بە خەباتی شۆڕشگێرانەیان ئەدەن دژی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان ، شکی تیا نیە ئەم یەکێتی تێکۆشانە لە پسان نەهاتوەی گەلان زامنی سەرکەوتنیانەو

بروانە ل ٥

شەڕی نهێنی سیاوئەنتلیجنت سێرڤس لە تاران

پاشماوەی : ژمارەی پێشو ..

نووسینی : موکری

بەڵی کودەتای ئیمپریالیستی ٢٨ی گەلاوێژ لەلایەن بارانی پرشنگداری لەهەورە تاڵەکان‌بۆ یاریدە دەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا باراند ، لەلایەکی کەشەوە سەرەك وەزیری (ئەنگلستانی) لە نەخۆشی چاکردەوە ئاخرەکەی شای گیراوە ئێران .

ئێستاش لەتاران‌و واشنتون کۆڕەکانی سەر بەتاقمی حاکمە هەوڵ دەدەن وانیشانی بدەن کە گوایە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بەدەستی ئێرانیەکان کراوە ، بەڵام ئەو بەڵگە قایم‌و پتەوانەی کە ئێمە نیشانمان دان شك‌و گومانێك لە ناوەڕوکی ئیمپریالیستی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ دا ناهێڵێتەوە لەبەر ئەوە کە مەبەستی ئێمە لە گێڕانەوەی ئەم روو داوانە بەپەسەندی بەڵگەوە ، ئەوەیە کە شێوەی کاری دایرەی جاسوسی ئیمپریالیستی لەئێران نیشان بدەین وە جاسوسەکانی ئەمریکایی تەنانەت لەبەرگی سفیرو ژنراڵیش بناسێنین ، ئەوا هەندێ سەنەدو بەڵگەی دیکەش نیشان دەدەین :

لەماوەی ئەم ساڵانەدا کە لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ رادەبری هەرکتیب‌و ووتارێك کە لەدنیادا لەبارەی‌هەڵسوڕاننی سیاوە بڵاو بوبێتەوە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی بەشاکاریکی دایرەی جاسوسی ئەمریکا داناوە .

ساڵی ١٩٦٣ (ئاندری تالی) کتێبێکی لەمەر کردەوەی سیا لە ئەمریکا بڵاو کردەوە ، لە فەسڵێکی ئەو کتێبەدا قسە نە چلونایەتی تدارك‌و بەجێ گەیاندنی کودەتای ٢٨ گەلاوێژ دەکات ، (ئاندری تالی) لە فەسڵەی کتیبەکەی دەنووسی : ساڵی ١٩٥٣ ئەو ساڵەیە کە سەر لەشکر زاهیدی بەیارمەتی راستەو خۆی دایرەی ناوندی جاسوسی ئەمریکا توانی سەرەك وەزیری وەخت مصدق بگرێ . ئەو رۆژانەی روخانی حکومەتی مصدق وەکوو سەرکەوتنێکی گەورەی سیاو سەرکەوتنی لەرێگەی « دیموکراسی »دا جێژن گیرا .

(ئاندری تالی) لەدوای باسکردنی ئەمە کە چۆن ١٠ی ئاوتی ساڵی١٩٥٣ (ئاڵن دەلس) ئارەزوی‌حەوانەوەی لەبنارەکانی ئالپ‌و سویس کردو لەپاشانی (لوئی هندرسون) سفیری ئەمریکا چووە لای‌ئەو دەنووسێ:

بروانە : ل ٧

فەرهەنگی سیاسی

رەوشنبیران

Intellectuals

رەوشنبیران دەستەو تاقمێکی کۆمەڵایەتین ، کەسانێکن کە شارەزاییان لە ئیش‌و کاری (فکری) دا هەیە وەکو :زاناو هونەرمەندو ئەندازیارو تەکنیکی‌و پسپۆڕانی کشت‌وکاڵ‌و پزیشك‌و مامۆستایان‌و بەشێك لە فەرمانبەران ...

رەوشنبیران بە تەنیا چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی پێك ناهێنن چونکە شوێن‌و دەورێکی سەربەخۆیان نیە لە سیستمی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیدا .لەو ووڵاتانەش کە لە رووی ئابوورییەوە دواکەوتون رەوشنبیران لە رۆڵانی چینە دەست رۆیشتوو تەکنیکیەکان پێك‌هاتوون چونکە رۆڵەکانی چینی کارگەران توانای تەواوکردنی پەیمانگاو دانشتگایان نیە لەبەر کەم دەستی‌و باری لاوازی گوزەرانیان . سەرمایەداریەت رەوشنبیران بۆ خزمەتی بەرژەوەندی خۆی مرزم ئەکات‌و مامۆستاو زانایانی بورژوازیش باوەڕو ئایدیولوژیەتی سەرمایەداری‌و ئێتیکێتی بورژوازییەکان لەناو کۆمەڵدا بڵاو ئەکەنەوە وە تیورو ریبازی‌جیاجیاش دائەنێن‌بۆ شەرعیەت‌دانە پاڵ دەسەڵات‌و رژێمی سەرمایەداری .

بەشێکی زوریش لە رەوشنبیران دەورێکی گرنگ ئەبینن لە کۆمەڵدا بە بەشدار بوون‌لەخەباتدا شان‌بەشانی جەماهیری میللی فراوان لەپێناوسەربەخۆیی‌و رزگاریدا ئەویش بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی‌شۆڕشگێرانەو سوسیالستی لە نێوان کارگەراندا بۆ تێك‌دانی‌دام‌و دەزگاو ئۆرگانەکانی رژێمی سەرمایەداری‌و بنیات‌نانی رژێمی سوسیالستی ، ئەم دەستەش لە رەوشنبیران‌جیاوازن لە رۆشنبیرانی تر بەوەی شۆڕشگێڕن .

لەگەڵ بنیات نانی رژێمی‌سوشیالستی‌دا سەر لەنوێ رەوشنبیرانی پێشو بە بیرو‌باوەڕی سوشیالیستی پەروەردە ئەکرێنەوەو لەهەمانکاتدا نەوەیەکی تازە لەرەوشنبیرانی بڕوا بوو بە سوشیالستیەت دروست ئەکرێت .

لەسای سێبەری رژێمی سوسیالستدا بە پێچەوانەی سەرمایەداری‌یەوە کرێکارو جوتیارو پاڵەکان زووربەی رەوشنبیران پێك ئەهێنن .

بەڵام وەنەبێ رەوشنبیران شتێکیان لەدەست بێت ئەگەر بێتو لەگەڵ کارگەران‌و جوتیاراندا یەك نەگرن .

وەرگێر : ح.ع

Institut kurde de Paris

ئه‌ده‌ب و ژیان

هه‌ڵبه‌ی ده‌نگوباس

(وه‌ڵامێکـه بۆ هۆنراوه‌ی‌دیده‌نی که هاوڕێی شـاعیرم – شیرکۆ بێ‌که‌س – له ژماره(٤ – ٥)ی گۆڤاری – هه‌ولێر – دا پێشکه‌شی کردبووم) ٠

هاوڕێم ٠٠
هاتی ٠٠ که هاتی ، بارانی گوێژه‌ت هێنا
بۆ هه‌ڵگه‌ڕانی به‌ره‌و خۆر ٠٠ په‌یژه‌ت هێنا
مژده‌نامه‌ی ، زستانی زگ‌پڕت هێنـــا
ده‌نگی مه‌زده‌و یاخی بوون‌و گڕت هێنـــا
هاوڕێم ٠٠
ناوی خانزادت بردبوو ،
با پێت بڵێم :
پرچی خانزاد ، خۆڵـــه‌مێشه
چاوی ره‌شی ،
پلیشاوه‌ی ژێر پۆستاڵه
چه‌پکه نێرگزی سه‌ر گۆڕی ،
سپیلکه‌ی چاوی منـاڵه !
هاوڕێم ٠٠
که چوویته‌وه ، سلێمانی
له رێگای خۆت لـه بیر نه‌که‌ی
له قه‌ڵات‌و مناره‌وه ،
له موغه‌کانی شاره‌وه ،
چه‌پکه هه‌واڵێك ٠٠ به‌ره‌وه ،
بۆ خوا ٠٠٠ بۆ بیره‌کانی‌نه‌وت !

عبدالله پشێو

بۆ مه‌زاری بابه گوڕگوڕ،
بۆ ئه‌و شاره‌ی دانیشتوانی ،
له‌ناو گڕا ٠٠ ئه‌گرین بۆگڕ !
له بیر نه‌که‌ی
ده‌نگ‌و باسی شاره‌که‌ی من
شاری مزگه‌وت‌و ده‌رۆزه !
شاری تینوو ، بۆ ماچی‌جه‌ژنه پیرۆزه !
له بیر نه‌که‌ی ،
ده‌نگ‌و باسی
ئه‌و مناڵه‌ی ، بۆ له‌تێـك‌نان
تا ئێواره ،
به‌ر ئه‌بێته ، گیانی مردووی ، شه‌قامه‌کان
له بیر نه‌که‌ی ،
ده‌نگ‌و باسی ،
حه‌مه ! چورچه ! جومعه !کسۆ(١) !
ده‌نگ‌و باسی ،
یه‌ك به یـــه‌ك شێته‌کانی شار
ده‌نگ‌و باسی ،
مه‌یدانی کار ٠٠ چایخانه‌ی پڕ
هه‌مووی به‌ره
بۆ خوا ٠٠ بۆ بیره‌کانی‌نه‌وت
بۆ مه‌زاری بابه گوڕ گوڕ !

(١) ئه‌مانه چوار شێتی ناسراوی شاری هه‌ولێرن ٠

ژیکه‌ی یاده‌وه‌ره

نووسینی : که‌کۆش

● خۆزگه به‌و ئاوازه خۆشه خه‌و بارێنه وه‌ك ئه‌و هـــه‌موو خه‌ڵکه دانگه خه‌وێکم بکردایه !!

– خه‌و برا گه‌وره‌ی مردنه ، ئێمه شتێکمان ده‌ست که‌وت ٠٠ بلوێرژه‌نیشمان دیت !

● پیاوێکی کۆك ، لاوێکی قۆز بوو ٠٠ به‌ڵام ؟!

– به‌ڵام چی ؟

● له‌م کاته‌دا بۆنێکی گه‌نیم چوو به لووتا ! ئێستاش دڵم هه‌ڵ‌ئه‌چێ ، هه‌ناوم ئه‌گوشرێ ، قوڵپه‌ی گریانێکی ووشـکی تۆقێنه‌رم له ناخه‌وه ئه‌بزوێ !

– خۆ ئێمه لـه باوه‌شی بێ گه‌ردی سروشتا سه‌یرانمـــان ئه‌کرد ! له بۆنه عه‌ترامێزه‌که‌ی گوڵاڵه به‌ولاوه چیتر شـــك نابه‌م !

● چ قه‌یدی‌یه ؟! با به‌لای ئێوه‌وه وا بێت ! به‌ڵام من به‌م بۆنه‌وه مێشکم قانگ ئـــه‌درێ چونکه هه‌ستی بۆن کـــردنم ئاوه‌ژووه ٠٠٠٠

– نه‌گبه‌تی‌ی ه‌تووش هاتی !

● ناڵێم « نا » چونکه « ئاش لـــه خه‌یاڵێ‌و ئاشه‌وان لـــه خه‌یاڵێ » ٠

– جا ئێستا چی ئه‌فه‌رمووی؟!

● خۆم سه‌یر ئه‌کـــه‌ومه به‌رچـــاو ! وه‌ك ئێوه تێم گه‌یشتوون با هه‌روابێ !؟

– ئه‌وه یانی چێ ؟

● ئه‌مه‌ندم به‌سه که پۆشی ناکه‌م به به‌ر چاوما ! ئـه‌وه‌ی بقــــه‌ومێ ئه‌یبینـــم زۆریش ئه‌درکێنم ! هه‌ر بۆیه‌شه بۆڕی خوێنم له هـــه‌ر چوار ده‌وری دیواری شانۆ رازاوه‌که‌دا خوێن ئه‌فرکێنێ ؟!

– جێی خۆیه‌تی ! کففه‌ی ئه‌و خوێنه‌بوو چقڵی زۆڵی ریشه‌که‌ن کرد ٠٠

● به‌ڵێ هـــه‌ر ئه‌ویش‌بوو چاو به‌سته‌ی کردین !! به ناخی « ئیمرۆ ناسبه‌ی »دا چوو و جۆشه‌که‌ی دامرکایه‌وه ٠٠٠

– قه‌ی ناکا ! حاجیله‌مان بۆ ئه‌ڕوێنێ !

● وه‌ك هه‌نگوینی به‌هه‌شت وایه ده‌با تێر تێر بیخوێنه‌وه ٠٠

– ئاخر ! نازانی حه‌رامه ؟!

● حه‌رامی چی ؟ حـــه‌ڵاڵی ئه‌که‌ین !!

– جێی خۆیه‌تی حـــه‌ڵاڵ بکرێ بۆ ده‌روونی ووشـــك‌و تینوو ! به‌ڵام پێم ناڵێی تۆیان له کوێ بۆ من هێنا ؟ شه‌رمێکی زۆر ئه‌مبـــاته‌وه ! وه‌ك تازه یه‌کتر بناسین وام !

● هه‌ڵبه‌ت وایه ٠

– بۆ؟ خۆ زه‌مانێکه‌چووینه‌ته ناو دڵی یه‌کتر !

● هه‌ر یه‌ك له سوچێکا !

– چونکه نه‌ت ئه‌زانی ژماره

به‌یان

به‌م نزیکانه ژماره – ٦ – ی گۆڤاری به‌یان بڵاو ئه‌کرێته‌وه ٠ به‌م بۆنه‌یه‌وه به‌رپرسیاری ئـه‌م گۆڤاره رای‌گه‌یاند کـــه هۆی داکه‌وتنی ده‌رچوونی گۆڤاره‌که ئه‌گه‌رێته‌وه بۆ سه‌ر هـــه‌ندێ که‌م‌و کاروباری چاپ‌کردن ٠٠ بڕیاریش وایه له‌مـــه‌و دوا ئه‌وه‌ش چار بکرێت‌و له‌کـــاتی خویدا بڵاو بکرێته‌وه ٠

٠٠٠

رۆژی کوردستان

ژماره (٣ و ٤) گۆڤاری« رۆژی کوردستان » ده‌رچوو ٠٠ ئه‌م ژماره‌یه بریتی‌یه لـــه‌گه‌ڵێـــك وتـاری مێژوویی‌و ئه‌ده‌بی‌و زمانه‌وانی ٠

کۆمه‌ڵی رۆشنبیری‌کوردی‌ژماره‌یه‌کی به‌دیاری بۆ ناردوین سوپاسیان ئه‌که‌ین ٠

٠٠٠

دوو په‌ڵه هـــه‌ورو بروسـکـه‌یه‌ك

رفیق صابر

(١)

گڵۆپه‌کان ٠٠
له قه‌راخی شه‌قامه‌کان
به نوکی سوژنی چاوی ،
خێوه‌که‌ی شـه‌و ، ته‌قین
٠٠ شکان
رێبواره‌کان ، لـــه‌و دیو ده‌می
دوراوی رێ به ماته‌می
جارێکی‌تر ، بۆ کـاروانی
بێ سه‌رو شوێن ، گریان
٠٠ گریان !!

●

مۆمی شادی لـه ئاسۆی ژین
به شه‌پۆلی ٠٠
شه‌ماڵی شێتی رق‌و کین
کوژایه‌وه !٠٠
مرواری گـــه‌ش ، دوا پڕشنگی
زه‌رده‌خه‌نـه‌ی پڕ گریانی
به‌بێ‌گیانی ٠٠
له‌ناو گه‌رووی
پڕ له زه‌رووی
دڵی ده‌ریادا توایه‌وه ٠٠
جارێکی تر شانۆ ، پێڵوی
چاوی له‌سه‌ر یه‌ك نایه‌وه

(٢)

لـه چوار چێوه‌ی دیواری
بیری ئاڵۆزا ،

پێشانگاکان کرانه‌وه ٠٠!
به ســـه‌د جۆره وێنه مردووی
پڕ ئه‌فسانه رازانه‌وه ٠٠!
پشتی ٠٠ په‌ره‌کانی ژیان
له‌ژێر باری ٠٠
پڕ ئازاری ٠٠
خه‌تی قه‌به‌و ناله‌باری‌ی ،
سه‌رده‌می سۆمه‌رو کلدان
چه‌مانه‌وه ٠٠!!

(٣)

به مه‌شخه‌ڵی گڕی تۆڵه
ده‌فه‌ی سینگی
شه‌وه‌زه‌نگی ٠٠
رێگای سه‌خت، ئه‌سوتێنم
رێیێکی راســـت ، بۆ کاروانی
ئاواره‌بوو ئه‌نه‌خشێنم ٠
به تیشکی ئه‌تۆمی برِوا
چاوی بۆگه‌نیوی ده‌ریا
ئه‌ته‌قێنم ٠٠
مرواری گـــه‌ش ، بۆ گه‌ردنی ،
شــاری خامۆش ، ده‌ر ئه‌هێنم ٠٠

●

وا یاخی‌بـــووم ٠٠ وا ئه‌جه‌نگم
تا ئه‌گاته بـــه‌ر گوێی جیهان
ناوو ده‌نگم ٠٠

سه‌رنجێك

تکایه ئه‌و نووســـین‌و به‌رهه‌مانه‌ی بۆ رۆژنامـــه‌ی هاوکاری ئه‌نێرن به‌پێی ئـه‌م مه‌رجانـه‌ی خواره‌وه بێت : –

١ – تا ئه‌توانن کـــورت بێت ، چونکه ئه‌و نووسینانه‌ی زۆر دوورو درێژن ، ئه‌بێ له چه‌ند ژماره‌یه‌کدا بڵاوبکرێته‌وه‌و ئه‌مه‌ش ئه‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی زۆر نووســـینی‌تر نـــۆره‌ی بڵاوکردنه‌وه‌ی دوابکه‌وێت ٠٠ جگه له‌وه‌ی که نووسینی درێژ بۆ گۆڤارو نامیلکه چاکتره نه‌ك رۆژنامه‌یه‌کی هه‌شت لاپه‌ڕه‌یی هه‌فتانه ٠

٢ نووسراوه‌کان به خه‌تێکی خۆش بنووسرێت‌و دێڕ بـه‌جێ بهێڵرێت ٠

به‌بێ گله‌یی هه‌ر نووسینێك به‌و جۆره نه‌بێـت بـــڵاو ناکرێته‌وه ٠

ئاگری جیابی

له ئه‌ده‌بی ڤێتنامی‌یه‌وه

گۆڕینی : هیوا سه‌رهه‌نگ

هه‌ندێ له ئێوارانـــی« هانۆی »
گه‌رمتره لـــه باوه‌شـی‌دایـك ٠٠٠
ئه‌بینم شاره‌که ئه‌بێ بـه‌دوو به‌ش
به‌شێکیان ئه‌یـــه‌وی‌برمێ ٠٠٠
بازووم ئه‌که‌م به پـــاڵـــنگی
هه‌ندێ ئێوارانـــی ده‌شـت ٠٠٠
که – با – ئه‌شـنێته‌وه٠٠
زه‌مینی راکشاو ٠٠٠
تا چاو بڕ ئه‌کا ٠٠ ســـه‌وزه گیایه ٠٠
ئـــه‌ی بۆ نیوه‌ی کێڵگـــه‌کانی برنج ٠٠
سووتان ؟!٠
ئه‌مه‌وێ بیـــان بووژێنمه‌وه ٠٠٠
هه‌ندێ له ئێواران ٠٠
که باران به لێشـــاوئه‌بارێ ٠٠٠
به‌سه‌ر کوخێـــکی پووشین‌دا ،
هه‌ڤاڵه‌کانیشم له ده‌ورن٠٠٠
ئه‌ی بۆ ســـه‌رما جه‌سته‌م‌ئه‌ته‌زێنێ ؟!
که چاوه‌ڕوانی هه‌ڤاڵه‌کانی‌ترم ئه‌که‌م !٠
هه‌ندێ له ئێواران له ته‌ك به‌ربه‌ستێکا ٠٠
له ژێر رۆشنایی بووکی‌ئاسمانا ٠٠
گیانه :
لێو مژینه‌که‌مان ئاسمان‌شه‌رمی لێ ئه‌کا !!
ئه‌ی بۆ دڵم له پڕێکا ٠٠
ساردی دای ئه‌گرێ‌و ئـــه‌بێته پارچه‌یه‌ك
له شه‌خته ٠٠؟!٠
بۆ نیوه‌ی ئه‌روا بـــۆدوور ؟
به دوای نیوه‌ی تری ئـــه‌گه‌رێ ؟!!
هه‌ندێ له ئێواران ٠٠
چۆله‌که‌کان بـــه جووتـــه‌ئه‌فڕن ٠٠
به پێچه‌وانه‌ی – با –
ئه‌یانبینم له ئاسمانا ئـــه‌سوورێنه‌وه ٠٠

بڕوانه ل – ٧ –

نامه‌ی شۆڕشگێڕێکی کوبایی بۆ کوڕه‌که‌ی !

« پێشکه‌شه به‌و کـــوڕه‌په‌نازداره کوردانه‌ی ، فێـــری‌ووشه‌ی – بابه – نه‌کراون٠!!چونکه پێش هاتنه دنیایـــان – بابه‌گیان – له‌سه‌نـــگه‌ری‌شه‌ره‌ف‌و ســـه‌ربه‌رزی‌دا ، له‌پێنـــاوی مافـــی ره‌وای‌نه‌ته‌وه‌که‌یا – شه‌هید کراوه٠!! بـه نه‌وه‌ی شۆڕشـــگێڕونه‌به‌زی بزووتنه‌وه‌ی رزگـاری‌خوازی نه‌ته‌وه‌ی کـورد ٠٠!! »

له گۆڤاری (الغد)وه٠٠ وه‌رگیراوه ٠

محمد حسن مه‌نگوڕی

ووڵاتێك فێری ئه‌بی کـه بـه قۆناغی شۆڕش‌دا تێ‌ئه‌په‌ڕێ٠٠ ئه‌وانه هه‌مووی دوو قـــات تۆڵه‌ی وون بـــوون‌و دووری منت بۆ ئه‌کاته‌وه ٠٠هیوادارم زۆر چاك له بڕیاری باوکـــت بگه‌یت‌و به قه‌د تۆسقاڵێـــك گه‌ردی زویری نه‌که‌وێته سه‌ر دڵته‌وه‌و شانازی به‌هه‌ڵویستی بابته‌وه بکه‌یت ٠٠! کـــه خـــۆزگه‌یه‌که هه‌موو بابێـــك چاوه‌ڕوانیه‌تی له کوڕه‌که‌ی ٠!! ئاواته خوازیشم که بتوانم به‌و رێگه‌یه ئه‌وه‌نده به‌خته‌وه‌ری بخه‌مه دڵته‌وه ٠٠ که پێویستی سه‌رشانی باوکه به‌رامبـــه‌ر منداڵـــه‌کانی ٠٠ ئه‌گـــه‌ر له ته‌کیانا بژیت ٠٠!! ده‌مـه‌وێ بخوێنی‌و هه‌موو هێزو توانـای خۆت بۆ پێشخستنی شۆڕش به‌کار بینی ٠٠ پێشم وایـــه پێویست به‌وه ناکات ٠٠ یا هه‌ر نه‌بێ ئومێدی بۆ ئه‌خوازم ٠٠ که پێویست به‌وه نه‌کـات چه‌ك هه‌ڵگری‌و به‌رگـــری لـه خۆشبه‌ختی‌و به‌ختیـــاری مرۆڤایه‌تی بکه‌یت ٠٠!!

زانستی‌و « تکنولوجیا » و گه‌لێ کرده‌وه‌ی به‌رزی تر ٠٠ مه‌یدانی چالاکی‌و جوولانـه‌وه‌ی تۆنه ٠٠ چونکه لـه‌و مه‌یدانه‌ـ شه‌وه ئه‌توانی ده‌ورێکی‌کاریگه‌ر ببینـــی بـــۆ ســـه‌رخستنی مرۆڤایه‌تی ٠٠٠ وه لـــه‌و جه‌بهه‌یـــه‌ش‌دا ئه‌توانی بـه (له‌قه‌بی) قاره‌مانیه‌تی‌و نه‌مری شادبیت ٠٠ ئه‌گـــه‌ر زۆر بـه گیانێکی خۆشه‌ویستی خه‌ریکی جێ‌به‌جێ‌کردنی ئه‌رکه پیرۆزه‌ـ کـــانی سه‌رشانت بیت ٠٠ !!

نه‌که‌ی به‌دووای ئاسووده‌یی‌و هه‌ر شتێکا عه‌ودا‌ڵ بیت که به ئاسانی ده‌ست ئه‌که‌ون ٠٠!! چونکه ئاسووده‌یی به نیسبه‌ت شۆڕشـــگێڕ مانای به‌زین‌و کۆڵدان‌ئه‌گه‌یه‌نێ ٠٠!!

له رێگـــای به‌رژه‌وه‌ندی گشـــتی‌یه‌وه ٠٠ به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی ره‌چاو بکه٠٠٠ وورپابه ٠٠٠ به‌وپه‌ڕی‌تواناته‌وه به‌رگری له شۆڕشی رزگـــاری خوازی نه‌ته‌وه‌که‌مان بکه ٠٠ چونکـــه به‌ری گیان فیدایی هه‌زاره‌هـــا لاوی کوبی‌یه‌و به نیســـبه‌ت ئێمه‌و گه‌لانی جیهانه‌وه ، مانای گه‌لێ شت ئه‌گه‌یه‌نێ ٠٠!! تا ده‌توانی دڵسۆزو راست‌گۆو نه‌ترس به ٠٠ راســـتی ببێژه هه‌ر چه‌نده ده‌رده سه‌ریشی له دووابێت ٠٠!! به سینگێـــکی فراوانه‌وه ره‌خنه‌ی راســـت وه‌ربگره ٠٠ بـــه‌بێ دوو دڵی به‌رگری لـــه بیرو رای‌پیرۆزی خۆت‌بکه ٠٠! خۆت بپارێزه له پیا هه‌ڵگوتن‌و ره‌خنـــه‌گرێکی زۆر توند به‌به‌رامبه‌ر که‌سایه‌تی خۆت ٠٠!!

ئـه‌مـــه‌و هیوادارم بـــه خوێندنه‌وه‌ی ئـــه‌و نامه‌یه ٠٠ شاره‌زاییێکی ته‌واو په‌یدا بکه‌یت له رێ‌ره‌وو ووته‌و ئامۆژگاریه‌ـ کـــانی ئه‌و شۆڕشگێڕانـــه‌ی شوێنێکی تایبه‌تیان هه‌یه لـــه دڵ‌و ده‌روونی‌ئێمه‌و مرۆڤایه‌تی ٠

له‌کۆتایی‌دا ئه‌مه‌وێ‌رۆڵه‌یه‌کی دڵسۆزو به‌وه‌فای نیشتمانه‌که‌ت بیت‌و شـــۆڕشگێڕێـــکی سۆشیالیستی ٠٠!!

ئیدی بژی شۆڕشی رزگاری خوازی له هه‌موو جیهـــانا ٠٠ سه‌رکه‌وتن ٠٠ بۆ مرۆڤایه‌تی‌و ٠٠ مردن بۆ ئیمپریالیزم ٠

شکان‌و زه‌ره‌ره ئه‌گه‌یه‌نی کـه ئیمپریالیزم تووشی هاتووه لـه ماوه‌ی ئه‌و چه‌ند ســـاڵه‌ی خه‌ریکی شه‌ری خوێن رێـژی‌و چه‌وساندنه‌وه‌یه له پارچه‌یه‌کی بچوکی ئه‌و جیهانه که ووڵاتـه جـوان‌و خنجیلانه‌کـــه‌ی ئێمه‌یه ٠٠!! شۆڕشی ئێمـه نمونه‌یه‌کی واقعی‌یه بۆ رابه‌ری گه‌لانی تری ژێر ده‌سته ،به‌ره‌و رێگای بزووتنه‌وه‌ی رزگـــاری نیشتمانی هه‌روه‌ك ،وێنه‌یه‌کی زیندووی ئه‌و میلله‌تانه‌شه کـه کۆنه‌په‌رستی جیهانی بـــه‌و په‌ڕی درِندایه‌تی‌و نامـرۆڤی یه‌وه ئه‌یان چه‌وســـێنیته‌وه‌و تاڵانیان ئه‌کات ئه‌و میلله‌تانه‌ی که له توانایان دانی‌یه ، وه‌کـو گه‌له‌که‌ی ئێمه ٠٠ به خه‌باتـی چه‌کداری دووا رۆژێ خۆیان‌دا بمه‌زرێنن ٠٠ ئه‌و ووڵاتـــانه‌ی که ره‌نجی شـــان‌و بازووی میلیۆنه‌ها ژن‌و پیاوی تێدا بـۆ به‌ختیاری‌و سه‌رفرازی چه‌نـد مفته خۆرێکی کۆنه په‌رسـت ئاراسته کراوه ٠٠!! هه‌زاره‌ها منداڵی وه‌کو تۆو له تـــۆش بچووك تری تێدا ده‌مرێ له به‌ر نه‌بوونی یارمه‌تی پزیشکی٠٠!! نه قوتابخانه هه‌یه ٠٠ نـــه ماموستا ٠٠!! پاشه رۆژێکی ره‌ش‌و پڕ له ده‌ردی ســـه‌ری‌و نه‌خۆشی‌و نه‌زانی چاوه‌ڕوانیانه ٠٠!! بۆیه پێویسته هه‌مـــوو شۆڕشگێڕێکی کـــوبا ٠٠ سنووری سروشتی ووڵاته‌که‌ی خۆی جێ بێڵی‌و روو بـــکاته ئـه‌و ووڵاتانه‌ی ٠٠ که‌لبـــه‌ی ئیمپریالیزم له لـه‌شی دانیشتوانی گیربووه‌و تاوانی واى تێـدا ده‌کا ٠٠ که دووره له هه‌مـوو یاسایه‌کی مرۆڤایه‌تی ٠٠!!!

ئه‌و راستی‌یه هانم ئـه‌دا ، که وه‌کو شۆڕشـــگێڕێك ٠٠ رووبکه‌مه ئه‌و ووڵاتانـــه‌ی پێویستی‌یان به من‌و چه‌که‌که‌م هه‌یه ٠٠!! هه‌ر چه‌نـــده‌ش ئه‌زانم ئـــه‌و رێـگایه پـــڕ له مه‌ترســـی‌یه‌و له دووای خۆمه‌وه خۆشه‌ویسترین که‌سم جێ‌ئه‌هێڵم ٠٠ به‌ڵام له هه‌مـان کاتا شادی‌و به‌ختیـــاری‌و دڵنیاییم له راده به‌ده‌ره کـــه هه‌ست به‌وه ئه‌که‌م ئه‌وا به‌ره‌و ئه‌و جه‌به‌هه‌یه ئه‌رۆم ، کـــه گه‌لانی رزگاری خواز به بـــێ سڵه‌مینه‌وه له مردن زه‌بری بـه هێزو کوشنده ئاراســـته‌ی جه‌رگه‌ی ئیمپریالیزم ئه‌کـه‌ن‌و رۆژ له دووای رۆژ سه‌رکه‌وتنی چاکتر وه ده‌ست دێنـــن‌و **مژده‌ی رزگاری به دنیـــادا بڵاو ئه‌که‌نه‌وه ٠٠!!**

رۆڵه‌گیان !

له سه‌رووی لیسته‌ی ئـه‌ خۆشه‌ویستانه‌ی جێ‌بـــا ئه‌هێـــڵم – کـــوڕه خۆشه‌ویسته‌که‌مه !! ئه‌شـم توانی جێت نه‌هێڵم‌و به‌چاوی خۆم بتبینم که که‌وره ئه‌بیت‌و ئه‌بی به شۆڕشگێڕێکی نه‌به‌ز ٠ به‌ڵام ئه‌وه له‌گه‌ڵ بڕیـــاری منارێك نه‌ده‌که‌وت ٠٠ !!

له سه‌ر ئه‌وه‌ش دڵنیـــام ئه‌و میراته (مه‌عنه‌وی)یـه‌ی له ژیانێك وه‌چه‌نگ ئه‌کـه‌وێ که بۆ مه‌سه‌له‌ی شۆڕشـگێڕی ته‌رخان کرابێ ٠

له‌گه‌ڵ ئه‌و رۆشنبیری‌یه‌ی نه

نه‌که‌ی بـــه دووای ئاسووده‌یی‌و هه‌ر شـــتێکا عه‌ودا‌ڵ بیت که به ئاســـانی ده‌ست ئه‌که‌وێت ٠٠!!

● ئاسووده‌یی به نیسبه‌ت، شۆڕشگێڕه‌وه ، مانای به‌زین ، کۆڵدان ٠٠

ئه‌گه‌یه‌نێ ٠٠!!

«٢»ی کانـــوونی دووه‌می ساڵی ١٩٦٦ :

کوڕی خۆشه‌ویستم ٠٠

له‌و باره نا ئاساییه‌ی کـه ئێستا تێ‌دا ئه‌ژیم ، گـــه‌ڵێ هـۆپاڵم پێوه ئه‌نێ ، که ئـــه‌و نامه‌یه‌ت بۆ بنووسم ٠٠ تۆش که گه‌وره بووی بیخوێنـــه‌وه‌و له بڕیاری بابت بگه ٠٠!!

وا ته‌مه‌نت به‌ره‌و ســـاڵی چواره‌م ئه‌ڕوات ، له ئێستاوه به‌ڵگه‌ی ئاشکرا ئه‌بینم بـــۆ ئه‌وه ئه‌و پیاوه بێ که ئاواتـــی بۆ ئه‌خوازم ٠٠!! به راستی

ئه‌و چه‌ند رۆژه‌ی له نزیکته‌وه بووم ، به خۆشترین‌و شادترین رۆژانی ژیانی خۆمی دائه‌نێم ٠! تۆش که تاقانه‌ی باوکتی ، وا بزانم لێم نابووری ئه‌گه‌ر وه‌کو شۆڕشگێڕێك به‌ره‌و جێ‌به‌جێ کردنی ئه‌رکی پیرۆزی ســـه‌ر شانم بڕۆم ، که له‌وانه‌شـه نه‌گه‌ڕێمه‌وه ٠٠!! ئه‌ڵێـــم وا بزانم لێم نابووری ئه‌گـــه‌ر هێندێ له‌و ئامۆژگـــاری‌و خواستانه‌ت بۆ ئه‌نووسم ، کـه ئه‌گه‌ر له ژێر چاوه‌دێری مندا گه‌وره ببای ٠٠٠! به‌ختم یاره له‌وه‌ی ، له کاتێکی زۆر ناسك‌و گرینگی مێژووی نه‌ته‌وه‌کـه‌ما ئه‌ژیم ،کوبا ووڵات‌و گه‌له‌که‌مان – خه‌ریکی ته‌واو کـــردنی کارێکه که به گـــه‌وره‌تریـــن‌و گرینگ ترین کار ئه‌ژمێررێ له مێژووی مرۆڤایه‌تـی‌دا ٠٠!! ئه‌ویش سه‌رخستنی شۆڕشـی رزگاری خوازی‌یــــه٠٠ له ناخۆشترین‌و دژوارترین کاتاو وێرای چاوو راوو زه‌بـــرو زه‌نگی دووژمن ٠٠!!

ئیمرۆ گه‌له‌که‌مان ، زۆر به باوه‌ڕێکی به‌هێزه‌وه ، هه‌نگاو ئه‌نێ به‌ره‌و دووا رۆژێـــکی به‌ختیار که تێ دا بـه مافـی چاره‌نووسی خۆی گه‌یشتووه!! بزووتنه‌وه‌ی پیرۆزی گه‌له‌که‌مان هه‌رچه‌نده له‌وه زیاتر نی‌یه که له پێناوی مافێکی عادیلانـــه‌و ره‌وای خۆیه‌تی ، له دانـــانی چاره‌نووس‌و دووا رۆژێـــکی پڕشنگدار ٠٠! بۆته جێگای ئه‌وه که کۆنه‌په‌رستی جیهانی به چاوێکی زۆر پیس‌و پڕ لـه رِك‌و کینه سه‌یری بـــکات‌و خه‌ون به دامرکاندنه‌وه‌واله ناو بردنی ببینێ ٠٠!!

ئه‌وه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌یـــه شۆڕشی کوبا ٠٠ راستی ئـه‌و

Institut kurde de paris

ژمارە ٣٦
٩ی تشرینیە کەمی ١٩٧١

جێگری محافزی دهۆك
★ بەکری خەباتگێڕ گرنگیەکی تەواوی داوە بە داخوازی و پێویستییەکانی شارەکەمان

گەشتێك لە شاری دهۆك دا

خەباتگیر علی سنجاری . ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان ولێ پرسراوی لقییەکەمی پارتی و جێگری محافزی دهۆك ، چاودێری کردنی تایبەتی بەرێز سەرکۆمار احمد حسن البکری سەلماندوە ، دەربارەی شاری دهۆك ، هەروا چاودیری کردنی حکومەتی شۆرشی بەدوودرێژی درکاندوە بۆ نێرراوی هاوکاری بۆ کوردستان لەبارەی ئەم شارە وپێویستیەکانی ٠٠ وەووتویەتی: ناوچەی دهۆك بەرەو پێشکەوتن وگۆڕانێکی هەستپێکراو رێی گرتۆتەبەر ، بەتایبەتی دوای ئاشتی وئاسایش گەرایەوە ودەسەلاتداریەتی یاسا جێی خۆی گرت وپارەو پۆلێکی زۆرتەرخان کرا بۆ ئەو پرۆژانەی کە رووی ژیان بۆ دانیشتوانی ئەم شارەخاتە باریکیتر .


مامۆستا هاشم عقراوي

علي سنجاري


هاشم محمد حسن

سنجاری خەباتکەر بەردەوام لەسەر قسەکانی رۆیشت ووتی: یەکەم ئەرکی ئێمەو ئەرکی هەر هاوڵاتیەکی وەفادار لەپاراستنی گرنگترین دەسکەوتێك دایە کە مێژووی عیراقی نوێ بە خۆیەوە دیبێتی ، ئەمیش بەیاننامەکەی ١١ی ئاداری مێژوویی یە ، کە بەتێکۆشانی هەردوو هاوپەیمان (پارتی و بەعس) هاتەکایەوە . وەمادامەکی ئێمە سوورین لەسەر پاراستنی رۆحیەتی ئەم بەیاننامەیە ، هەمیشە هێمنی و ئاشتی بەردەوام ئەبێت . پێشکەوتنی ئەم ناوچەیەش رۆژ دوای رۆژ لەبەرەو دایە ، هیچ گومانیش لەوەدا نەماوە کە ئەمرۆکە یاساو ئەمن وئاسایش هەموو لایەکی ئەم ناوچەیەی تەنیوەتەوە بەدرێژایی ساڵ یەك تاقە روداوێکی تێدا روونەداوە . بۆ نموونە : لەبەهاری پارەا پتر لە (١٠) هەزار خێزانی عەرەب رووبان کردە ئەم ناوچەی کوردستانە بەخۆیان وبەدوو ملیۆن مەرومالاتەوە ، لەبەر بێبارانی یەکەی ناوچە بیابانیکان ورەشمالەکانیان لەدەشت ودوڵ وشاخەکاندا لێداو وبەشێکیان گەیشتنە سەر سنوور وبۆماوەیەکی زۆری تێدا مانەوە وبەشێکیشیان تا ئەمرۆش هەرماونەتەوە . بێ ئەوەی یەك تاکە رووداو لەنێو ئەم تێکۆشانی هەردوو هاوپەیمان (پارتی و بەعس) هاتەکایەوە . وەمادامەکی ئێمە سوورین لەسەر پاراستنی رۆحیەتی ئەم بەیاننامەیە ، هەمیشە هێمنی و ئاشتی بەردەوام ئەبێت . پێشکەوتنی ئەم ناوچەیەش رۆژ دوای رۆژ لەبەرەو دایە ، هیچ گومانیش لەوەدا نەماوە کە ئەمرۆکە یاساو ئەمن وئاسایش هەموو لایەکی ئەم ناوچەیەی تەنیوەتەوە بەدرێژایی ساڵ یەك تاقە روداوێکی تێدا روونەداوە . بۆ نموونە : لەبەهاری پارەدا پتر لە (١٠) هەزار خێزانی عەرەب رووبان کردە ئەم ناوچەی کوردستانەوە بەخۆیان وبەدوو ملیۆن مەرومالاتەوە ، لەبەر بێبارانی یەکەی ناوچە بیابانیکان ورەشمالەکانیان لەدەشت ودوڵ وشاخەکاندا لێداو وبەشێکیان گەیشتنە سەر سنوور وبۆماوەیەکی زۆری تێدا مانەوە وبەشێکیشیان تا ئەمرۆش هەرماونەتەوە .

بەیارمەتی ی محمود زامدار ئامادەکراوە ..

هەزار دینار ، هەروا مەرکەزێکی موتوربە کردنی پیشەسازی بە ٣ هەزار دینار وکۆگایەکی دانەویلە بە ٣ هەزار دینار ومەرکەزێکی چاودێری الاوان بە ٣ هەزار دینار وگازینۆیە لە سەرسەنگ بە ٦ هەزار دینار ، راهی کردنی پردی دهۆك بە ٨ هەزار دینار ، پرۆژەکانی کارەبای بچووك بە ٤ هەزار دینار ٢٦ قوتابخانە بە ١٢٠ هەزار دینار وبناغەکردنی خانویەکی بەریوەبەرایەتی ناوخۆیی وشارەوانی بە ٦٣ هەزار دینار ، ئەو پرۆژانەی کە موناقەشەکەیان لەم دوایانە بلاوکراوەتەوە پرۆژەی ئاوی دهۆك بە ٩٠٠ هەزار دینار وپرۆژەی کارەبای دهۆك - تەوژمی بلند - بە ٧٥٠ هەزار دینار وگازینۆیەکی گەشتگوزاری لە سۆلاف بە ١٨٠ هەزار دینار ، پرۆژەی هۆل وشانۆیەك لەشارەدا بە ١٠٠ هەزار دینار ، کارگەیەکی تەعلیبو مێوەژات ودۆشاوی تەماتە بە ٣٧٠ هەزار دینار ، کارگەیەك بۆ چنینی کەلوپەلی میللی کوردی بە ٣٥٠ هەزار دینار ، جگە لەژمارەیەك لەبنای ئەو دایەرانەی کە هەندێکیان دەستی پێکراوە وهەندێکی تریان لەموناقەسەدان وەك دایەرەی چاککردنی کشتوکاڵ ودایەرەکانی کشتوکاڵ لەبامەرنێ وسەرسەنگ وبەروارى بالاو مانکێش .

هەروا تێکۆشەر سنجاری ، لەسەڵ قسەکانی بەردەوام بوو ووتی: بەپێی ئەم پێشکەوتنەی کە ئەم شارە ئەیبینێ . تووشی جۆرەها گیروگرفت هاتین ، بەتایبەتی چونکە کارو پرۆژەکان یەکجار زڵو گرنگن . لەمانەش کەمی ئامرازی هونەری وئیدارى وکەمی پارەوپولی تەرخانکراو لە بۆدجەی بەریوەبەرایەتی ناوخۆیی . ئەمرۆ ، چاوەنۆری ئەو (بەخشنە) ین کە ئەنجومەنی شۆرش بەڵێنی پێداوین . لەلایەکی ترەوە وبەهۆی فراوانبوونی ئەم شارەوە ، ئێستا دوچاری گیروگرفتی نەبوونی خانوو هاتوین . سەرەڕای ئەمە کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی بۆ دامەزراندنی خانووبەرە دورستکراوە . ئەمەو هەروا دواکەوتنی باری تەندروستی لەریزی ئەو تەنگ و چەڵەمانەیە کە تووشی ئەم ناوچەیە هاتوە ، بەتایبەتی دێهاتەکان . هەروا دەربارەی گیروگرفتی پێشمەرگەی تەسریح کراوەوە ووتی : ئەم گیروگرفتە لەبەردەم گشت گیروگرفتێکەوەیە ئەمیش لەبەر دەوری گرنگی پێشمەرگەیە ، بە چەشنێکی وا کە ئەبێ هەموو مافو پێداویستیەکانیان بەزوترین کات جێبەجێ بکرێت وببێتە بەشاکاری ئەرکەکانمان . وەهەر چەندیش ئەنجومەنی شۆرش بریاری تەرخانکردنی ١٠ دیناریدا بۆ هەر پێشمەرگەیەك ، تا لە سەر کارێك دانەمەزرێ بەلام هەسەلەی رۆتین بە تایبەتی

بروانە ل ٧

پاشماوەی ژمارەی پیشوو

(سایر دوو تەبەق کاغەزی کڕی ، یەك تەیارەی لێ دروست کرد تەیارەکەی بەست بە دەزوویەکی دریژەوە ئەنجامەکەی دا . وەکو بالندە بە ئاسمانا فڕی) . وێنەیەی فڕۆکەیەکیش لەسەرەوە کراوەلیرەدا تەواو ئەبی و ئەمجارەمەشقی (١٦)ی لە دواوە دی ، پاشان وابزانین لە دوای ئەو مەشقە بیریان کەوتۆتەوە کەلە پەخشانەکەدا ووشەی (تەبەق) هەیەو لەبەر ئەوەی بە هۆی روون کردنەوە لەقوتابی بگەیەنن کە (تەبەق) چی یە ، لە لاپەڕەی ئەو دیووینەکەیان بۆ کردووە ، کەکۆڕیك پەرەیەك کاغەزی گەورەی لەسەر مێزێك داناوەووێنەی کولارەیەکی تیا کردووەو خەریکە ئەی بڕێ ، ئیتر وابزانین ویستویانە ئەرکی سەرشانی ئێمە ئاسان بکەن نەوەك لە رۆژی ووتنەوەی باسی تەیارە وینەی کولارەیان بۆ بەرین ..

ئەمجا با بێینە سەرلێکۆڵینەوەی ئەم وانەیە ... ئایا بۆ ووتنەوەی پیتی (طـت) هیچ باسکی تر نەبوو باسی کولارە نەبێ ؟؟ ئایا ئەم قوتابیانە منداڵن تا ئێمە باسی کولارەیان بۆ بکەین چۆن درووست ئەکرێتو چۆن بە ئاسمانا ئەفرێت . ئەلبەت گەلێ باسی جوانتر هەبوو بۆ فێر بوونی ئەم وانەیە . ئەوسا وانەکە بە ناوەروکیکی ریك وپیکەوە و کاریگەر ئەبوو ، قوتابیەکانیش بە نەنگیان نە ئەزانی کە فێری زمانی کوردی بن ، بەڵام بە باسی تەیارەو کولارە قینیان هەڵدەستی کە بە چاوی منداڵی بچوك سەیر بکرێن . ئەمەلە لایەك ، لایەکی ترەوە ئەگەر زیاتر لە باسی (تەیارە) ووردبینەوە لە بارەی زنجیرەی بیرەوە ناتەواوە هەرزستەیەك واتایەك ئەبەخشێ جیا لە رستەکانی تر جارێ لە بارەی ناوو نیشانی پەخشانەکەوە کە (تەیارە) یە بەکوردی فڕۆکەو کولارەش ئەگرێتەوە ئەوان بۆ هۆی روون کردنەوە وێنەی فروکەیەکیان لەسەرەوە کردووە بەڵام لە پەخشانەکەدا بە هیچ جورێك باسی فڕۆکەیان نەکردووەو نووسیویانە (تەیارەکەی بەست بە دەزوویەکی باریکەوە) لێرەدا ئاشکرایە کە باسی کولارەکەن بەڵام لە دوایدا نووسیویانە (ئەمجا هەڵیدا ٠٠٠ وەکو بالندە بە ئاسمانا فڕی) لێرەدا لە کولارە دەرچووەو بووە بە چولەکەی کاغەز . هەروەها لە وانەی (١٦)ی کە پایسکل لە ئازاد ئەدات فاچی ئەشکێنێ و ئەی بەن بۆتیمارخانە ... هتد) .

یادداشتی یەکێتی ماموستایانی کوردستان/سلێمانی

دەربارەی خوێندنی کوردی

بەڕاستی باسەکە هیچ بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ناشێت یەکسەر باسەکە لە پەرتووکی منداڵانەوە وەرگیراوە . ئەمەش قەی ناکا بەڵام لە مەشقێکی تردا لەم وانەیەدا چەند یاریەکی وەك (شەقێنو سێ بازو تۆپێنو غارغارینو چاوشارکێ)یان هیناوەتەوەو ئەپرسن لەم یاریانە کامیانتان پێ خۆشە؟ لەم یاریانەدا - سێ بازو تۆپێن نەبێ کە گەورەش ئەی کەن ، ئەگینا ئەوانی تر بۆمندالە نەك بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، چگە لەوەی کەوا ئێمە خۆمان منداڵانمان لەم یاریانە دوور ئەخەینەوەو وا ئەکەین وازیان لێ بێنن ئیتر بۆهەوڵ بدەین کە منداڵی عەرەب یا بڵێین گەورەکانیان فێرێ ئەم یاریانە بکەین ؟ لە جیاتی ئەوە باسی شاخو بەسەر هەڵگەرانی بکردایە باشتر نەبوو ؟

وانەیەکی تریان کە وانەی یانزەهەمە ، ناوونیشانی باسەکە (کارگەی جگەرەیە) کە خاڵە حەمە لەو کارگەیەدا کریکارەو لەگەڵ پیرۆز خانمی ژنی خەریکی دەمەتەقێنو لە مالەوە باسی کاروباری خێزانی خویان ئەکەن ، دێڕی یەکەم نەبێ کە ئەڵێ لە سلێمانی کارگەی جگەرە هەیە ئیتر باسەکە کەمو زۆر ناچیتەوە سەر کارگەی جگەرە لە پەخشانیکدا کە (٢٧) دێڕەو . کارگەکە چۆنە ؟ کەی دروست کراوە چەند کریکارو فەرمانبەری تێدایە ؟ تاچ رادەیەك کاری کردۆتە سەر ئابوری شارەکە .. هتد .

لە وانەی دوانزەهەمدا لە باسی (دزومنڵ) کە منداڵەکە تینووی ئەبێو ئەڵێ ئاو ئەخۆم . لە دوایدا کە دزەکە ئاوەکەی بۆ ئەبات ئەڵێ ناخۆم .. ناخۆم .. هەروەها لە مانای ووشەکاندا (ناخۆم)یان بە (لا اکل) لێك داوەتەوە تو خوا خەڵکینە کورد بۆ خواردنەوە ئەڵێ (ناخوم) یان لە وانەکانی سەرەتادا رستەی گریاوی ـ معقد ـ یان بەکارهیناوە کە سەر لە قوتابی تێك ئەدات و ئەبوایە لە ناوەراستدا یا لە کۆتاییدا بە کاریان بهێنایە بۆ نموونە لە وانەی سێیەمدا نووسیویانە (چونکە زەعیفو زەلیل لەزەت لە ژیان وەرناگرن) گە کرداری یاریدەدراوی (وەرناگری)یان بەکار هێناوە بۆیاریدەی (لەزەت) کە ناوەو هەر دووکیان ئەبنە (لەزەت وەرناگری) کە (الا یلتذ)ی عەرەبی ئەگریتەوەو ناویکو ئامرازیکی پەیوەندیەش ئەخرێتە ناوەندی (لەزەت ، وەرناگری) وە کە (لە ، ژیان)ن ئامانە گرێ لێ دراوو گرانن بۆ قوتابی تازە فێربوو هەر لە دێڕی دووەمدا نووسراوە (تا کەس زەفەرتان پێ نەبا) کە ئەمیش رستەیەکی گرانە بۆ ئەو قوتابیانە بەتایبەتی (زەفەرتان پێ نەبا) کە بڕێتیە لە (ناو + راناو + ئامرازی پەیوەندی + نیشانەی نەکردن + ریشەی کردار راناو) .

لە وانەی چوارەم لاپەڕە (٢٢)دا کرداری یاریدەدەری (ئەکرد)یان بەکارهیناوە لە رستەی(سەیری ئاسمانیان ئەکرد) کە (لەسەیر کردن)ەوە وەرگیراوەو ووشەی (ئاسمان) کە ناوەو راناوی (یان)و ئامرازی پەیوەندی (ی)یان خستوەتە ناوەندیانەوە لە هەمان وانەدا رستە یەکی تری یان نووسیوە کە زۆر گرانو گرێ لێ دراوە بۆقوتابی تازە فێربوو ئەویش ئەمەیە :

(سەناو ستایشت بۆ ئەو خوایەی کە ئەو ئاسمانە سافەی بەو ئەستێرە جوانانە رازانوتەوە شتی وا گرانی یان بەکارهیناوە کە سەر لە قوتابی تێك ئەدات وەکو بەکارهینانی راناوی سەربەخۆ راناوی لکاوو راناوی ئیشارەی تەنیا (ئەو)ەو راناوی ئیشارە لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی .

ئێمە لیرە مەبەستمان ئەوە نیە کە ئەبێ مامۆستاش رستەکان وا شی بکاتەوە وەك ئێمە لێبەلکو مەبەستمان ئەوەیە کە بەکارهینانی ئەم جورە رستە ئالوزانە ، بەتایبەتی لەسەرەتادا هیچ راستە نیە . بەلکو ئەبوایە وانەکانی سەرەتای پەرتووکەکە بڕێتی بونایە لە رستەی ساکارەو جوان . هەر لەوانەی چوارەمدا نووسیویانە (سامیر لە وەرامدا ووتی) بێ ئەوەی لە پیش ئەو رستەیەوە کەس پرسیاری لە (سامیر) کردبێ تاوەکو پیویست بە وەرام بکا .

وەکو لە پیشەوە ووتمان شتی تر زورە باس بکرێت بەلام بەمە کۆتایی بە لێ کۆڵینەوەی بابەتو باسەکان دینین .

٣ ـ بەکارهینانی ووشەی بێگانە :ـ

ئەو ووشە بێگانانەی بەکار هێناوون گوایا مەبەستی دانەرەکان ئەوەیە کە زمانی کوردی لە زمانی عەرەبی نزیك کەنەوە تا قوتابی فێریان بێت وەکو (ئەربیل کە هەولێری خۆمانە) بەغداد، پانکە تەلەفون جانتا ... هتد) باشتر وابو کە ووشەی کوردی بەرانبەر ئەم ووشانە بەکار بهێنرین لەکاتیك کە مەبەستەکە فێرکردنی زمانی کوردییە ، بەڵام بێیین هێندێ ووشەی عەرەبی تێکشکێنراو بخەینە بەردەمی قوتابیانەوە کە نەیناسنەوە ئەمەش شتیکی راست نییە .

پیتی (ل) کە گوایا پیتێکی لێك دراوەو یەکێکە لە پیتەکانی زمانی کوردی بۆ ئەوەی بیسەلمینن کە وایە ، هیندیك ووشەی عەرەبیان بەکارهێناوە کە ئەو پیتە لێك دراوەی تێدایە وەکو (عەبدوللا ، شاللا ، وەللا ، ئەللا) جارێ ئەمە زۆر هەڵەیە کە ئێمە ئەمەش بکەین بە پیتێکی تایبەتی چونکە (لە الامی قەڵەو ـ ل ـ و لامەلفەلا پێك هاتووە ئیتر ئەمە بۆ بکەینو وەك پیتەکانی (چین) زۆریان کەینو ئەوەی کە هەموو پیتەکان بزانێت بە زانایەکی گەورە بژمێرێ ؟

هەندێك پیت لە عەرەبیدا هەن لە زمانی کوردیدا نین وەکو (ض ، ظ ، ذ ، ث ، ص، ط) کە لە کوردیدا ئەبن بە (ز ، س ، ت) لەبەر ئەوەی ئەم پیتانە لە زمانی کوردیدا بایەخێکیان نیە نە ئەبوایە چەند وانەیەکی بۆ تەرخان بکەن وە هەر وەکو لە پێشەکی یەکەدا باسیان کردووە ، نموونەیان بۆ بهێنایەوە کەچی ئەم پیتانەیان بە چەند وانەیەك داناوە و لە کاتێکدا پیتەکانی کوردی کە لە عەرەبیدا نین وەکو (پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ) کردوویانە بە یەك وانە .

٤ ـ مەشقەکان :ـ

مەشقەکانیش هەڵەو کەموکوڕیی زۆریان تێدایە، ئێمە ئەیان خەینەبەر چاو . جارێ لە بارەی شێوەو دانانی مەشقەکانەوە لیرەدا مەشقی بیستەم بە تەواوی ئەنووسین کە ئەمە نموونەیە بۆ زوربەی مەشقەکان مەشقی (٢٠) .

أ ـ حەوتەوانە .

ب ـ حەو ـ تە ـ وا ـ نە .

دە تۆش ئەم ووشانەی خوارەوە وەك (ب) بڕگەکانی لێك جیا بکەرەوە : (کاکە سەرچنار ، بووك ، پیرەمەگروون رەمەزان ، جووتیار ، موزاهەرە) باشتروا بوو لە پێش نموونەی (أ ، ب) رستەیەکیان بنووسیایە بۆ ئەم مەشقە ئەتوانرا بنووسرایە : (ئەم رستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە) لە بەشی دووەمی مەشقەکەدا کە داوا لە قوتابی ئەکاو ئەڵێ :

دە تۆش ئەم ووشانەی خوارەوە .. هتد باشتر وا بوو یەکسەر بنووسرایە (ئەم ووشانەی خوارەوە ... هتد) وە پێویستی بە ووشەی دە تۆش نە ئەکرد ، کە لە زۆری مەشقەکانداد دووپات کراوەتەوە ، چگە لەوەش ئایا (بووك) چەند برگەیە تا قوتابی لێکی هەڵوەشینیتەوە ؟ لە مەشقی (٢٥) لایەرە (٣٤) ئەمان بە پیچەوانەی هەموو کەسێك وە هەموو زمانانی تر ئەڵێن (وەرام و پرسیار) . تا ئێستا کەس هەیە بڵێ وەرام و پرسیار ؟ یان ئەڵێن پرسیارو وەرام .

جگە لەوەش لە هەندێ مەشقەکاندا وەکو مەشقی (٣) ئەڵێن هێڵێك بێنە بە ژێر پیتی (و ، ی) وە مەشقی (٨) هێڵێك بێنە بە ژێر پیتی (ز) توخوا قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی ئەمە نازانی ؟ ئیتر لەم مەشقە سەیرانەی زۆر تیایە ، وەکو مەشقی (١٠ ، ١٢ ، ٣٣) بەڵام لە مەشقی (١٦) چەند ووشەیەکیان هێناوەتەوەو داوا ئەکەن کە ناوی ئیشارەیان بخرێتە سەر بۆ تاك . یەکەم ووشەیان (تەلەبە)یە . جاری ئەم ووشەیە عەرەبی یەوکوردی نییە ، دووەم عەرەبەکان خویان بۆ کومەڵ بەکاری ئەهێنن (الطلبە) واتا قوتابیەکان ، جا کەواتە چۆن ئەکرێ ناوی ئیشارەی تاك بخرێتە سەر کۆمەڵ .

٥ ـ وێنەو نیگارەکان :ـ

بۆ روون کردنەوەی

گوزارەی چەمگێك (مفهومێك) وێنەو نیگار بەکار ئەهێنرێ تاکو بە هۆی ئەو وێنەو نیگارانەوە ئەو شتانەی کە ئەویسترێ فێری خەڵکی بکرێن روونو ئاسانو ئاشکرابن . لەم پەرتووکەشدا هەموو وانەکان وێنەیان بۆ کراوە بەڵام هەندێکیان زۆر سەیرن لەگەڵ نووسینەکەدا ناگونجێن بەڵکە چەمکێکی تر ئەگەیەنن .

بۆ نموونە :

١ ـ لە لاپەرە (١٠) بۆ فێرکردنی (ی) (کیژ)ی بەکار هێناوە کە وێنەی کچە لادێیەکی کردووەو داسێکی بە دەستەوە ، کە قوتابیەکە

بروانە ل ـ ٧ ـ

ئاهەنگی یەکێتی قوتابیانی کوردستان/لقی هەولێر
بەبۆنەی ساڵی تازەی خوێندنەوە

ممتاز حیدری

یەکێتی قوتابیانی کوردستان ریکخراویکی پیشەیی و کۆمەڵایەتییە جگەلەوە بۆ قازانجو پاریزگاری کردن لەمافی قوتابیان هاتوتە کایەوە ، تاقەمێکی روشنبیری ریزی جوولانەوەی نیشتمانی گەلی کوردە ، تێکۆشانی یەکێتی جیا ناکرێتەوە بە هیچ جورێك لە مێژووی تێکۆشانی گەلی کوردمان ، بۆیە هەردەم مایەی شانازی و سەربەرزی نەتەوەکەمان بووە .

یەکێك لە ئامانجەکانی یەکێتی سەرپەرشتی کردنی قوتابیانە ، بۆیە وەك «تقلید»یکی پیروز هەموو ساڵێك ئاهەنگ ئەگێری بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندنو پێشوازی کردن لە قوتابیانی تازە .

یەکێتی لە هەولێر ، بەم بۆنەیەوە ، ئاهەنگێکی خنجیلانەی ساز کرد لە هۆلی شارەوانی لە ژێر چاوە دێری جێگری پاریزگار .

پاش ئەوەی هۆلی شارەوانی بە چەند دورشمێکی نیشتمانی رازا بووەوە ، وەك :

● قال المناضل البارزانی : الطلبة رأس رمح في جميع الحركات والثورات الوطنية في العالم .

شیعری کاك عبدالله پەشیو گورانیکی بە سوزی پێش کەش کرد . دووابە دووای ئەو پارچە هەڵپەرکێکی کوردی پێش کەش کرا .. پاشان تابلویەك بە ناوی « سێبەری بەر سەنگەری مەرگ » لە نووسینی کاکە مەم بۆتانی لە ئامادە کردنی هونەرمەند صباح عبدالرحمنو پێش کەش کردنی تیپی هونەری شانۆ گەری هەولیر .. ئەوەی شایانی باسە ئەم چیروکە دەربارەی شەهید لاوی شورشگیر « مأمون دباغ »ە .. پاشان یاری دومبەلە ساز کرا بۆ ئەوەی پیتاك کۆ بکرێتەوە بۆ قوتابیەیە هەژارەکان .. دووا بە دووای ئەو چیروکیکی تری شانۆگەری بە ناوی « ئەنجامی تێکۆشان سەرکەوتنە » لە نووسینی کاك کمال خەمبارو دەرهێنانی هونەرمەند صباح پێش کەش کرا ، بەم شێوەیە ئاهەنگی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندن

بروانە : ل ٧

institut Kurde de paris

بەرپەرەك ژخەباتا مللەتێ کورد

وەرگێرانا : علی نقشبندی

ئـەف چەند ڕێزە من یت‌وەرگیراین ژ گوڤـارا (روژا کوردستانێ هیڤی دارم بکێـر بهێت .

ڕوژا (١٦) ئیلونێ ژ سالا (١٩٤٢)ێ ، چەند کەسەکێت کێم ژ باژێرێ (موهابادێ)دەرکەفتن (قەستا باغێ حاجی داودی) کر . یێ ژ هەمیـا بچیك تر ژ وان سالێت ژیارا وی (١٩) بون ، ژ وان کەسا ئێکی دگـوتێ (ملا عبدالله داودی) سالێت ژیارا وی (٥٠) بون ، ئێکێ دی دگوتێ (رحمن حلاوی) ژ مەکتـەبا رزائی‌یێ دەر چوبو ، ئەڤ کوما کێم خر بون ، دا ڕونین ڕوینشتنەکا کومەلاتی ، دابەحس و هەلکو ـ لانەکێ بکەن لسەر ژیارا مللەتێ کورد و ڕێکەکێ بو خەباتا وی دانن ، د کومەلەکا سیاسی دا ، ئەڤ (١٥) کەسە پێدڤی ج هاری کاری یت دەرڤە وەلاتی نە بون کو (دە وەلەتەك هاری بکەت بو دانانا ڤێ کومەلێ) شەهرەزا دگەل هەبـوون چنکـو ئەندامێت هزر تیژ و بیر و باوەری و هزر و تەخمینێت وان یا بزەحمەت نە بو کـو پارتەکا کوردی دانن ، بەرێ وێ کومێ کەفتە عیراقێ ، چنکو کوردێت عیراقێ باهـرا پتر ژ کوردێت دژین د ناڤ حکومەتێد دی دا د تێگەهشتینە و سیاسی یت چاك یت نافدا هەین ، دێ قازانجەکا گەلەك ژێ کەن ، ژ بو (وەعز و نەسیحەتا) ، ئێکێ ژ وان شەهرەزا و تێگەهشتیا د بەرێ دا کەپتـان بو دناڤ لەشکرێ عیراقێ کو (میر حاج) بو ، د وی وەختێ ئـەو لڤێ کومبونێ حازر بوی ، ژ پێڕ پارتا هیوا هاتبـو ناف ڤێ جڤاتێ ، ئەف هیوا هاتبـو دانان لژوریا عیراقێ د وەختێ کو مللەتێ عیراقێ یێ بن دەست ئەندامێت هیوا یێ هنـدەك تێگەهشتی بون لژوریا وەلاتێ عیراقێ و هندەك تێگەهشتی یت ناف باژێرا بون ، ئـەو بون سەرگێرا پارتا هیوا د کـر ، ڕێکا ئەو پارت لسەر د چـو ڕێکا کوردایەت یێ بو یا قەومی (مللی) چ دی نـە بو ژ ڤێ زێدە تر ، دگـەل روی دانا گەلەك نەخوشیا لژوریا وەلاتێ عیراقێ هەر ژ سالا (١٩٢٠)ێ و حەتا گەلەك سالێت پاشـی ، دگەل وان نەرەحەتیا ڤە چ پارت ئان چ کومێت عەشیرەت یێ نە هاتبونە پێـك ئینان کـو پسیارەکێ لحالێ کوردا بکەن ، ئان بو دانانا بناغـەکی بو مافەکی ژ ماڤێت مللەتێ کورد ، ئان ڤی مللەتی بکەتە ئێك بو ئارمانجەکا دیار ، د وی وەختی دا کومەلـەك هەبو د گـوتێ (خویبون) فامیلیا بەدرخـان بەگێ سەرگێرا ڤێ کومەلێ دکر ل وان بناغا ئەوێد ئەف فامیلیە لێد ژی کو (بەیروت و شام و پاریس) بو ئەوێ فامیلیێ بخەباتا خـو یا گەرم گـەلەك خلمەتا مللـەتێ کورد کر ، ڕەخێ خاندن و نڤیسـین بەلاف کرنا ڕوژناما و گوڤار و هەر تشتەکێ قازانج تێدا با بو مللەتێ کورد د هاتە چاپکرن ، بەلاف کرن ببەرفرەهی ، هەر خەت و نڤیسین و تیپێد لاتینی حـەتا (قەواعد و دەرسێت شەریعەتی) . ڤێ فامیلیێ جهەکێ بلند یێ هـەی د دلێ هەمی کوردێت دل سوز دا ، و بچاڤەکێ گەلـەك ڤەنجی یێ تەماشەی وان دکەن ، خویبونێ دیار دکر کو بزاڤا وێ دگەهشتە هەمی پرتێد مللـەتێ کورد ، بەلێ چ بناغێت بەرفرەهە نـە بون ڤێ پارتێ ، چنکو ئەندامێت وێ باهرا پتر ژ وان بون ئەوید هاتینە دەرکرن ژ ناڤ مللەتێ خو (مشەخت) بون لجهێـد دوير و نەنیاس و هاتنو چون و خەباتا وان یا بەر چاف بو ، ئەوان شول دکر بەلێ ببەرزەی ڤە دبن ڕا ، کو شـولێ وان ئاشکرا نە ببا ، کوردێت تورکی ئاخفتن دگەل ڤێ کومەلێ هەبو حەتا سالێت (٢٠)ێ و (٣٠)ێ دڕێکا سوریێ دا ، بەلێ دەنگو باسێت ڤێ کومەلێ بەرزە بون پشتی تورکا بزاڤا مللەتێ کورد هەرشاندی دناڤ خودا . میر حاجی دناڤ باغچـێ (حاجی قادری) سلاڤێت پارتا هیوا یێ گەهاندنە (کومەلێ) و دگەل هندەك (نەسیحەتا) بو پێـك ئینانا پارتەکا سیاسی .

(یامای)

کوژیەکێ سەر بخو

ژین بو سەروکێ شورەشا کوردی بیت

من باوەرە کو نوکە سالوغابزاڤا وان کەڤنە پەرسـتا بوستاندنا گیانێ پاکێ بارزانی یا گەهشتی‌یە هەمی جهەکی ، بەلێ‌من دڤێت دڤێ گوتارێ‌دا ئـەزبیرو باوەرێت خو بوخوینـدە ڤانێت هێژا دەربرم .

هەچکو مـەگوتی دگـەلەگوتارو نڤیسینادا کو ئـەف‌کەڤنە پەرسـتەو خوین مێژیت مللەتی چـاف بکوردا نارابن ،ولبن سیبەرا هندە تشتا دێ خوڤەشێرن هەتاکو دەراڤێ خو دبینن ، هەرەسا پێدڤیە ژهەمی‌کوردەکی ڤێ‌چـەندێ بزانیت‌چنکو (یادیارە بسەرێ جەلی ڤـە) هەچکو مەتەلا کـوردی‌دبێژیت ، ئەف بزاڤە دێ هەرهەبن بو هـەرفاندنا بەیاننامـا (١١) ئادارا پیروز ، بـەلێ‌برەنگەکێ دی و دریکەکا دیڕاوەیە دوژمن‌گەلە یێ شەهرەزایە بەلێ دڤێ ئـەم شەهرەزاتروپێڤەهاتی تربین ، پێدڤی بو دەمێ‌گولە باران لشـورەش گێر ادریس بارزانی دارێتین مە ئەف‌هزرە کربا . چنکو مەتەلەکـاکوردی یاهەی دبێژیت (هەکـە عـەرد ببیتە بهوسـت دوژمن‌نابیتە دوست) هەچکو ئـەم‌دزانین چ جار نابیتە بهوسـت ، ژبەر ڤێ چەندێ پێدڤیە ئـەم‌ئێکودو بگرین‌و دەستێت خوژێك نەبەردەین .

ئـەف بزاڤێت دبن ژلایێ‌دوژمنێت مللەتی بو ڤەچوپراندنا‌شورەشا کوردی ئەم بکرامانجی دبێژینێ : خـەون روژك ،شورەشا کوردی دێ هەر مینیت‌ئالا کوردەواری یێ دێ هـەر هژێت هندی کوردەکێ دلسـوژمابیت چنکو هەر ژ روژهەلاتێ‌کوردستانێ و هەتا روژ ئاڤای چی‌یێ‌تو بگری وپسیار ژێ‌کەی: توگی بەرسـڤا تـە دێ دەت‌وبێژیت : ئەز بارزانی مە

ژین بو سەروکێ شورەشاکوردی بیت
سەرکەفتن بو مللەتێ کوردبیت
مرن بو ئیمپریالزمێ‌و یێ لبن‌سیبەرا وێ دژین .

عبدالرحمن نقشبندی

ئەم وخوینەرە ڤانێنە هیژا

هەوە گەلە جارا یادیتی مـە ناڤێ چەند سـەیداو زاناو هوزانڤانا یێ بەلاف کری کـو فەرمانا دای هاریکاری یا مـە بکەن ڤێجارێ ئێکێ دی ژوان زاناو شەهـەرەزایێ زاراڤێ کرمانجی‌و هوزانڤانەکێ بەرکەتێ هاتە ناف مەحەکا شـەرێ نڤیسینێ‌و بستویێ‌خوڤە یاگرتی کو هاری کاری یا مەبکەت ، ئەف هوزانڤانێ بسـەرکەفتی سەیدا (محمـد علی یونس بامرنی) یە هیڤی دارین ژوی وژهەمی خوینـدەڤانا پێ‌ڤوتێ لدویف نڤێسینا زاراڤێ کرمانجی بکەن وسوپاس .

●

بو ڤان هەڤـال و برادەرێت هێژا : سلیم اسعد خوشڤی ، سعید هاشم ، صالح رجب ، محمد محمود ، سعید رجب ، محمد حسن ، ژویتـرین دەم دێ روژناما هاوکاری گەهتە هەوە .

بو برادەر عبدالرحمـن مزوری :

●

هیڤی دارین نیشانا خو بومە ڤرێکەی دا ئەو هژمارێت تـە داخاز کرین بگەهنە تە .

گـاره

هوزانڤانێ کوچك و دیوان و شانەشێنا حەمکوری نەمر

صادق بهاء الدین

ـ٥ـ

حەمەکور هۆزانڤانەکێ مللی‌بو هوزان‌بزەری و پەری‌یابخورت‌و داوەتی‌یا ڤەدهاندن‌و دگۆتن ، ژبلی لاڤژا کو زەری‌و پـەری‌و ستی‌یا خولبـەـر دهژاند ناڤتەنگ‌و کێلـەك ، سینگ‌و بەرو مەمك دلەقاندن جەرگـو هنـاڤ‌و دلێ لاوێ تـۆلازو حەژخوکری‌و ئەڤیندـداریت کاسۆتی دکوزراندو دقرقچاندـ زێدەبار هەکە هوسـتایەکی ژبەرخو دەرکەفتی‌و دەسـت هاتی‌وەکی حـەمکێ کو سەرـ هوستایێ ئاواز سەلیقا ئاواز بو داتنان‌و بدەنگەکی وەکی دەنگێ حەمکێ خوشی‌و سازگار دگۆتن‌و دەستەکێت سـترابێژو لاڤژە بێژێت دەنگ خۆشی لێ ڤەدگێرا داوەتی‌یا گوڤەند دگێراو داوەت لبەر ئاوازێت لاڤژێ دکر . لدوی بلندبون‌و نزمبونا سـترابێژا هەدامێت لەشی داوەتکـەرا ژ کولوڤاندکا سەری هـەتا پێ‌یا نەمازە دەستو پێ ، سەرکێلەکو ناڤملو ستوو ناڤتـەنگ ، بلندکرن‌و دوتادکرن‌و دهژاندن‌و دلەقاندن . دهنـدە ئاوازێت خومالی دا ، گـەرێت دیلان‌و داوەتا وەکی درامەتی بوڕ بویی ئوگولدایی سەرسنخوین دبون بهەمی‌ڤە هەروەکی بایەکێ دژوار لڤەسیلەکـا درامەتی ددەت ، بەلێ هندە جارا هەکە هـەر گڤێریەکا بای بیت ، سـەرێت گولیا پتنێ دهژینیت‌و دلەرزـ ینیت‌و دلەڤینیت . ئەوگـەرا شەهیانەکـەرو داوەتکەرو گوڤەندگێرا وەسا بەژنو بالا ، ناف‌تەنکو سەرو کێلـەك لێ دلەڤیان‌و دهژیان . ڤەهاندیێت حەمەکوری ژستران‌و لاڤژا ، ژڤامۆسـی‌و ترانـا ، ژهـوزان ژهـەلبەستا گشك ئەڤین‌و ئەڤینـداری‌یا راستا لبەر چاف بو کـو نڤیسەڤان‌و تۆرڤان ڤێ گـاڤێ بناڤێ ریالیزمی ددەنە قەلەمی . ئەو ستران‌و لاڤژە ، ئەو هۆزان‌و ئەو هەلبەست ، بلاوینـی‌و لەوەندی ، ببەدەوی‌و بجوانی ، بتۆلازی‌و جحێلی ، بتـازەیی‌و بسپەهی‌و رندی‌و کەلەشـێ گوتی‌نە ، هەر وەسا ببویك ، بزاڤا ، بدولبەرا نو بدلدارا ، بنویگەهشتی‌و زڕ گـورا ، بدیمەن‌و بدیـداریت سپەهیێت کوردستانێ ڤەدهانـدن‌و دئی‌ـ خستنە بەرێك ئو ددارێتن . حەمکێ‌نەمر ، ئەو سـتران‌و لاڤژە ، ئەو هۆزانێت مللـی برێزو تەرتیف ، برەوشـت‌و تیتالێت جڤاکـی یێـت ژن ئینانێ ، ژ خازگینیێ بـگرە هەتا دگەهتە ڤەگوهازتنـێ ، بئاوازو سـەلیقەکا خۆش‌و دل‌ڤەکەر دگوتن .

حەمکێ نەمر کەسێ یەکـێ ـ ئێکەمین کەس ـ بویـە ، لاڤژە ئو ستران بهـەر ڤوناغەکێ ، بگاڤەکێ‌و دەمەکێ شەهیانا ژن ڤەگوهازتنـێ‌و ئینانێ گوتی‌نە . رەنگە بەری حەمکێ نەمرو پاشی‌و ژی گەلەك کەسێت دی ستران‌و لاڤژە ڤەهاندبن‌و دارێتبن‌و ئـاواز بودانابن‌و بدەنگ ژی هاتبنە گۆتن . بەلێ کەس وەکـی وی ناڤدار نەبویە بڤەهانـدن ولێك ئینان‌و دارێتنا لاڤژەو سترانا برێزو تەرتیـفو رەوشتو تیتالێت شەهیانا ئانکو بیراموبنێت داوەتو ژن ئینانێ ، ژبەر هندێ حەمکێ نەمـر سەروەرو سەرداری سەلیقێت کـوردی‌و ئاوازێت کەڤنێت فولکلوری‌یە کو بناڤێ کلاسیکی بناڤدکەن . هـەر وەسـا سەروکانی وسەرکێشـێ سترانبێژو لاڤژە بێـژو سەلیقەڤانایە دسەدێ یانزدێ کوچی ، هەڤبەری سـەدێ هەڤدێ زاینی لدەڤەرا بەهدیناو هەکاری‌و بۆتا ، ئەگەرچی ئەو ئاوازو سەلیقێت وی دانایـن لگەلەك لایێت کوردسـتانێ بەلاڤبوینە بەلێ لدەڤـەرا بەهدینا ، پاشی لدەڤـەرا هەکاری‌یاو بۆتا پێتـر ددلێ خوجهیادا چویی نەو چەسپی‌نە ، کوهەتا نهو ڤێ گاڤـێ ژی ، گەلەك لاڤژە ئو سترانێت وی بئـاواز ڤە لسـەر زارێ ئەختیارێت ناڤسالڤە چوییت کوردە . بەلێ مخـابن سەدمخـابن گـەلەك ژ شوینەواریت حەمەکوری بنەمانا

سترابێژێت ئاوازو سەلیقێت وی نەماینە . ستران‌و لاڤژە ئو هۆزانێت حەمکێ نەمـر ، یان کومیدی ، ئانکو ژبـو دلتەڕی‌و خەمرەڤاندن‌و خوش رابێرانێ بوینە ، چ دگوڤەندو دیلان‌و داوەتادا هاتبنە گوتن یان ژی دخرڤەبوین‌و جڤاتـا کومبونادا یان ژی تراجیدی بون ، کوزێماری‌و رونـدك بارین‌و وەراندن بوینـە ددل تەنگی‌و تەمار بسەر دلی ئینان بوینە ، دجڤاتـو خرڤەبوینێت شینی‌و تازیادا دهاتنە گوتن حەمکێ نەمرێ بدەست کەسێ نەدکەفت ژبەر روی خۆشی ، ڤاموسی ، ترانەکـەری‌و حەنەکزەنی ، پاشی بناڤسـال ڤەچویی ئو داکەفتی ، گـەلەك بێ روی‌و بێ‌جارە ببو لئامێدیێ زێدەبار پاشی خو جهـو خوندکارێت بەرێ یێـت ئامێدیێ نەماین‌و خوندکارێت نوی دەست بدەست درێژی ، زۆرداری ئو ستەمکاریێ کری ، وەکی بەرێ حەمکێ ژی ئـەو روی‌و نرخ نەما ، نەکەسـێ وەکی بەرێ ، گوهێ خـو ددایێ ، نەژی چاڤێ خو ددایێ‌و پویتە پێ دکر ، خاسـما خوندکارێت نوی نەهنـد رێ ددابێ کو خونێزیکی وان بکەت، یان بشێت دارخازەکـێ ژێ بکەت‌و بو بسـەرێك ڤەبینن . ببێژە دگەل گوهورینـا خوندکارا نەخوشمروڤی ،رویتی وژاری‌یا وان ، حەمکێ ژی چو جهێت خو لئامێدیێ نەمـان ، پاشی چاك هزرێت خو کرین بو دیاربو کو بوی رەنگـی تامسار وبێ رویمەت نەشێت روژێت مالی لوێرێ رابێریت . رابو رێکا خوگرت چو زێباری لگوندێ شەهێ . بەلێ هەتـا نهو ژی روهن نە بویە کا کـێ بر ، چەوا بر کی ژدەمێ سالێ بو ؟! پاشای لدوی دارخازا وی هنارت ، یان وی ئێك دگـەل خوبر وچو ؟! حەمك پاشـی چۆیە گوندێ شەهێ لوێـرێ فەرمانا یەزدانێ بێ هەڤـری‌و هەڤال بجهئینایە . بەلێ کێـز سالە ، کەس نوزانیت بدرستی هەر لگوندێ شەهێ میـری ئانکو لرەنیا شەهێ لزێباری هاتیە ڤەشارتن . دبێـژن حەمکێ نەمر دنەسـاخی‌یا دەستوێر خازیێ دا ، گۆتـە وان کەسێت چاررەخێت خو ، هەکو ئەز مرم من لسـەر رێکێ لرەنیێ ڤەشێرن ، داکو هەچێێ دبەرگوڕێ منرا بیت ، جهـێ وی دوزەخ بیت هەکە بەندەکا سترانا بومن نە بێژیت پاشی وەغەرا وی بخێرو شـاهی ، بلا ببوریت بچیت . هەکـە هاتو چو سـترانا نەزانیت بلادو جارا بێژیت :

حەمك هەی لێ‌لێ
حەمك هەی لولو .

ئەڤ هۆزانڤانێ هند بـدلێ مللەتی‌ڤە نویسیایی ، گـەلەك لا ژژین‌و ژیارا وی ئانـکو سەرگوزشتەیا وی بەرزە ئو نە هاتی زانیـن کـو نڤیسەڤان بچورەنگا نەشێت رویەکـێ روهن‌و دیار دانی‌تە بـەر چاڤێت خویندەڤانان . ژلایێت گرنگو بنـرخ بو نڤیسـەری بزانیت کوهەتا نهو ڤێ گاڤـێ دبەرزەنە ژ سەرگوزەشـتەیا ـ ژژین‌و ژیارا ـ حەمکێ نەمرو پێ تڤی لدوی چـون‌و لدوی گەریانێ نە ئەڤەنە . حەمکێ توڤی کێژ سالێ هاتیـە ئامێدیێ ؟ چەوا حەمك شـیا ببتە ڤەبوری‌یەك لشانەشـینا خوندکار ، میـرو پسمیرێت بەهدینا لئامێدیێ ؟ حەمـك خودان مال بو یان وەکـی ناڤدەستەکی لمالا پاشای بویە ؟ کی دوستی ئەلەهێ حەمکێ‌و هەڤال‌و هەڤگورێ وی بویـە ؟ کی بون یێت ستران‌و لاڤـژە بئاوازو سەلیقێت وان ڤـە ئێکسەر ژ زاردەڤێ وی ڤـە هوبیبوین ؟! دەستێ پاشـی وان کی بوینە ، هەتاکو هندەك ژێ هەتا نهو ژی ماینە ؟ ئـەو ستران‌و لاڤژێت لشەهیـاناو داوەتا . هەتا بەری دەهـ سالا ژی دهاتنە گوتن ، هەمی یێت حەمکێ نەمرن یان نە ؟

دویماهی هەیە .

فولکلورێ کوردی ٥

وەکی کرمێ ئارمیشی دێ مالا خو لسەر خو قائم کەت و دێ تێدا مریت ئێکێ دی دێ فایدەی ژ شولێ وی ببینیت ، هـەر وەسا کانیا ئاڤێ خەلك دێ ژێ ڤەخون و دێ بکـار ئینن بو گەلەك شولا بەلێ کانی بخو چ فایدە ی ژ ئاڤا خو نا بینیت ، یا چاك ئەو نینە مروف کێماتیا هەڤالێ خو ببێژیت پاشی ئەو ژی وەکو وی بکەت ، هندەك جارا هندەك تشت د بن نـە لسەر هزرێت مروڤی وەکی وی ئەوێ پێـدڤی یێ رویس یێ برسی ، نەچار بو خاستن کر ژ هەڤال ومروڤێت خو کەسێ چ نە دایێ ، شەڤ بسـەر بێ‌هیڤیاتیا وی دا هات ، دیت دزەکێ د مالا وی ڤە ، ئـەوی ژی گوتە دزی : چ د مالا من نینە دێ چ بخو بەی ؟ دز ما د مالێ گەڕیا ، دیت هندەك گەنم یت لینەکی لبنـێ مالێ ، دزی گوت : باش بو زەحمـەتا من بئاڤێ دا نە چوی ... دێ ڤی پیچا گەنمی بخو بـەم ... جەڕێ گەنمی یێ گران بو نـە شیا هەلگریت ، دزی گوت : ما من جەڕ بو چیە من گـەنم دڤێت ... هەر کراسێ خو ژ بەر خو کر و جەڕێ گـەنمی وەرگێرا سەر کراسـی ، دا هچککێت کراسـی گەهینیتە ئێـك ، خودانێ مالێ یێ تێ د فوکریت بخو گوت : ئەڤ دزە دێ من هێلیتە برسی ئەڤی گەنم بر . هـەر ڕابو دەست دا طوپزەکی و لدزی‌کرە قیری ، دز گەلەك ترسا ، چنکو هزرا شەڕی ژێ نەد کر، دزی کراسێ خو بگەنم ڤە هێلا و رەڤی خو خلاس کر ، .

ما هەکە مروف بزانیت ئەو ڕیا مروف لێد چێت یا خرابە ویا خەلەتە ، هندی لێ بچیت دێ هـەر بدویر کـەڤیت ژ دروست یێ ... وەکـی وی چاڤێ کول هەکو د هێتـە خوراندن ... مروڤێ عاقـل ئەوە باوەر بکەت کو ئەو شولا

پێدڤیە مروف یاریا بعەقلێ‌ژ خو بچیك تر نە کەت چنکودبیت بو هندەك شولا عاقلێ وی چێ تر تێ بچیت و هـزرا وی‌تیژ تر بیت ، ما هەکە دو مروف‌چونە رێ یەکی ئێکێ بچاف بیت و یێ دی یێ کـوره وهەردو کەتنە کورەکێ ماکێ ژهەردوکا یێ نە حەقە ؟ یێ باش ئەو نینە کو یا چاك بو هەڤالێ‌خو ببێژیت پاشی ئەو بخـوبکەڤیتە وێ خەلـەتیێ ..

بو هاتیە حەسکرنی دێ هـەر بسەری دا هێت ، و بخو چەند چاکی بڤێت پێ ویسـتە بو خەلکێ ژی ئەو بڤێت ، دڤێت بکەت دا بگەهیتـە یا خو و بزاڤێ لێ بکەت بەلێ نە لسەر خوسارەتیا هەڤالێ خو . بەلێ چاکی هەر یا باشە وەکی وی مروڤێ ئەوێ سێ کوڕ هەین ، دو گوڕێت وی مالێ خو پیچ کر دڕێکـا خراب یێ دا ، یێ بچیك هزرێت خو کـرن زانی برایێت وی چاوا مالێ خـو مەزاختەو چ ددەستێ وان دا نە ما ... رابو گازی هەردوکا کر و ئینانە نك خو و پێکڤـە ژین لسەر حالەکی دڤێت مروف چاك هزرا خو بدەتە سەر شولێ هەکە دێ وەکی ماصی‌گـری لروڤی هێت ،. شوك ڤانـەك هەبو هەرو دا تورا خو بەت و دا چیتە ماصیـا ، روژەکێ ماصیەکا مەزن کەتە تورا وی زڤری بەرێ خود دەتێ لبـەر لێڤا ئاڤێ تشتەکێ د طەبی‌سیت وی گوت دورە ماصیا خو بەردا د ئاڤێ دا و قەستا وی تشتی کر دیت بەرە حەتاڤێ یا لێدای ڕوژەکا دی ماصیەکا چاك گرت هەر وەسا زڤری دیت تشتەکێ لبەر چاڤا د چرسکیت ، گوهێ خو نە دایێ و پیتە پێ نە کر ، پاشی وی هندەك شـوك ڤان هاتن دیت کو دورە بەر نینە ..

پاشماوەی :کتیبی هاوکاری ..

کە هۆی بوونی گـەردوونن‌وەکو :ـ

- ● تاك‌و جووت ⊙ دیـارونادیار ⊙ کەم‌و زۆر
- ● چەپ‌و راست ⊙ نێـرومێ ⊙ خوارو ڕاست
- ● روناك‌و تاریك ⊙ خێروشەڕ ⊙ چوارگۆشەو لاکێش
- ● جوڵانەوەو وەستان .

ژمارە (١٠) ژمارەیەکـی‌پیرۆزە چونکە لەم ژمارانە پێك هاتووە (١ ، ٢ ، ٣ ، ٤) وە هەرژمارەیەك کە بێتـو لەدوای (دە)وە بێت ئـەوا دووبـارەبوونەوەی ئەم ژمارانەیە(٢) .

ژمارەش بە خاڵ ئەنوسـرێ‌ولەیەکەوە تاوەکو دە هەرەمێـك لەسـەر شێوە هەرمێـیەك‌پێك ئەهێنن . لەم روەشـەوە ژمێرەو ئەندازیاری بەیەکەوەئەبەستنەوە(٣) وەبەم جۆرە ١ نوختەیە ٢ هێڵە ٣ ڕوە ٤ شتی‌ڕەقو بێ‌گیانە ٥ صفـاتی سروشتی‌یە ٦ ژیان‌و گوزەران‌و گورج‌و گۆڵی‌و چالاکیـە ٧ ژیری‌و تەندروستی‌یەو حەز لەدانایی کردنە . ژمارە چواریش نیشانەی داد پەروەریـیـەچونکە لەدوو ژمارەی بەقەدەر یەك ٢ × ٢ پێك‌هاتووە ئـەم‌قسەیەش لـە یاسـاکـانی حامورابی‌یەوە نزیکە کە ئەڵـێ(العین بالعین ...) بـەم جۆرە فیساگۆریەکان گەیشتونەئەو رایەی کە جەوهەری بوون‌و گەردوون ژمارەیەو لە ژمارەوەهاتووە(٤) .

١ ـ یوسف کرم : تاریخ‌الفلسفه الیونانیه ص ٢٢ .
٢ ـ الدکتور کریم متی :الفلسفه الیونانیه في عصورهـا الاولی ص ٩١ .
٣ ـ الدکتور محمد علی‌ابوریان : تأریـخ الفـکر الفلسفی ص ٦٧ .
٤ ـ احمد امین‌وزکی نجیب‌محمود : قصة الفلسفه الیونانیه ص ٣٥ .

ماویەتی
حمید عزیز

بشکووژەك ژباخچێت کوردستانێ

محمد أمین ئاکرەی

بڤی ناڤی نێزیك دێ دیوانەك‌دەرکەڤیت چاپ کـرنا کارخانا دهوکێ ، ئەڤە ئێك ژوان هوزانایێت کو دناڤبەرا وێ دیوانێ‌دا :

(لسەرگورێت‌شەهیدا)

قەفتەکا گولا بدلێ برینـدارا
بو گورێ‌تە ئەی هەڤالێ ئەڤیندار
چیکەم ئەڤرو بەژنا منـا نازدار
وا مایە بێ خودان لباغێت دلـدار
نەوروزە کولیلکا خەملاندن بهـار
لخەلکی جەژنە لمن شینی وهەوارا
چەند سور گول ئەڤرو ماینە بێ یار
شەرێ بەد ویران کرن گوند وشار
ئاخ وکەسـەر وکوڤـان هزار
بو دلێ منـێ داوڤان وژار
تو گوری بوی دگەل‌کەسەرا پار
تـە نەدیت کورد ببیتن رزگـار

احمد مخلص

کتێبا دوێ ژ دیوانا (احمد مخلصی) یا هاتی یە بازاری ، ڤێ جارێ گەلە بسەرکەفتی یە دیارە برادەر خالد حسینی پیتە یا پێدای نەوەکی یا جارا دی کو گەلەك یا بسەرکـەفتی نەبو هیڤی دارین ژ خویندەڤانا ئاگەهداری ڤێ چەندێ بن .

پاشماوەی : لەسەر هەواڵێك لە

چەکی کاریگەری دەستیانە بۆ رماندنو ریسوا کردنی بەرەی ئیمپریالیزمی دوژمن .

گەلانی هیندۆ ـ چینی ئەمرۆ شان‌بەشانی یەك وە بە یارمەتی وپشتگیرنی گەلانی تری جیهان دریژە بە خەباتیان ئـەدەنو ئەوەتا هیزەکانی ئەمریکاو هیزە بەکرێ گیراوەکانی تریان پـەك خستوەو روژ نیە جەزرەبـەی مەرگ بەو دوژمنە دەسـت دریژی‌کەرانە نەگەیەنن .

سەرکەوتن هەر بۆ گـەلانی ڤیتنامو کامبودیـاو لاووسو سەرجەم گەلانی تری جیهانەو نابوت بوونو شـکاندن بۆ هیزە ئیمپریالیسـتو کۆنە ـ پەرستەکانە .

مامۆستا « أحمد هەردی »لە گۆڤاری برایەتی : ژمارە(١٠) ساڵی (١) خولی «٢»دا ، ووتارێكی بەهاداری بڵاوكردەوە دەربارەی « كێش لە شیعری كوردیدا » بەلای منەوە گرنگی وتارەكە لەوە دایە كە مامۆستای شاعیر عەرووززانێكی هوشیارو ئاگادارەو ئەوەی ووتوویە لەسەر بنەرەتێكی زانیاری و بەشێوەیەكی بابەتی (موضوعی) روونی كردۆتەوە ، جگەلەمەی كە بە جۆرێ خۆی لە ناوعەرووزا تواندۆتەوە كە هۆنراوەكانی تێكڕا لە جەرگەی كێش و ئاوازێكی دڵكێشی عەرووزی‌یەوە هەڵێنجاون ، بێ‌گومان جیاوازی گەلێ زۆرە لە نێوانی ئەو كەسەی كە تەنها دەستووری عەرووزی ئەزانێ و بەس لەگەڵ ئەوەی كەئەو دەستوورانە بەچەشنێ ئەزانێ و لەناو دڵ و دەروونی تواونەتەوە ، وەبە جۆرێ بەسەریانا زاڵ بووەو خستوونیەتە ژێر ركێفی ئارەزووی خۆیەوە كە بتوانێ وەكو شاعیرێكی سەرامەدی گەروو ناسك ئەو ئاوازە ناسكانە بدا بە هۆنراوەكانی . دیسان گرنگی ووتارەكە لەوەدایە كە پاش روون كردنەوەی هەندێ شتێ پێویست كە بنەی بنەڕەتی عەرووزین ، مامۆستا راستەوخۆ خۆی بە كۆشی عەرووزێكی عەرەبی تۆخەوە دانەداوە ، بەڵكو بایەخی هەرە زۆری بەسەر ئەو كێشانەدا كۆ كردۆتەوە كە بە زۆری لە كوردیدا چنگ ئەكەون ، دوا بە دوای ئەوە هاتوتە سەر كێشی خۆماڵی « سیلاب – پەنجە » و گەلێ جۆری لەم كێشە رەسەنانە بۆ نموونە باسی كردووە ! بە كورتی . مامۆستا هەردی توانیویەتی لە ووتارەكەیا بە چاویلكەی هۆنراوەی كوردی بروانێتە كێش ! هەر ئەمەشە وای لێ كردووە كە لە هەندێ سووچەوە كێشی عەرووزی‌عەرەبی لێ دەربكەوێ ، بەڵام وەكو چۆن لە هۆنراوەی كوردیدا هەیە ، نەك وەكو لە بنەڕەتا چۆنە ئاوا .!!

عزیز گەردی

كێش لە شیعری كوردیدا
لەگەڵ مامۆستایان ئەحمەد هەردی و رەئووف عوسمان دا

مامۆستا « رەوف شێخ‌عثمان » یش لە گۆڤاری برایەتی : ژمارە (١) ساڵی (٢)خولێ (٢) چەند سەرنجێكی دوربارەی ووتارەكەی مامۆستاخستە بەر چاوی خوێنەرانەوە .

جا ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە : چەند سەرنجێكی عەرووزی تۆمار بكەم و لەبەرڕۆشنایی ئەو سەرنجانە سەیری هەردوو ووتارەكە بكەم .

١ – هۆنراوەی كوردی و عەرووزی عەرەبی :

بێ‌گومان عەرووز زانیاری‌یەكە ، تایبەتی بە عەرەب . بەڵام لە ئەنجامی تێكەڵاو بوونی كوردو عەرەبو پەرەسەندنی ئایینی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی لە ناو كوردا پاڵی بە زاناكانەوە نا بۆ فێربوونی زمانی (ئایین) ئیتر ئەمەیان وای كرد كە كورد بۆ ماوەیێكی زۆر خزمەتی زمانی عەرەبی بكات و خەرمانی بیرو ژێری‌ی خۆی بخاتە سەر زمانی عەرەبی ، بەمەوە هەندێ مۆری ئەو دوو زمانە تێكەڵ بوون و هەندێ شتیان لە یەك وەرگرت ، عەرووزیش یەكێ بوو لەو شتانەی كە كورد لە عەرەبی وەرگرت و ماوەیەكی زۆر دەستەو دامێنی بوو بەری نەئەدا ، جا ئەمەیان راستەو راست لە زمانی عەرەبی‌یەوە وەرگیرابێ یا (لە رێی ئەدەبی فارسی‌یەوە) بووبێت . هەر چۆن بێت ئەو راستەقینە بەر چاو و دەروشاوە بە بێژەنگ ناگیری كە « بەشێكی زۆر لە شیعری هونەری كلاسیكی شێوەی كرمانجی سەروو و خواروو – سۆرانی و بادینی – كەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی عەرووزی عەرەب – كێش و قافیە لە شیعری كوردیدا ل ٦٥ معروف خەزنەدار .. » بۆیە خۆشمان بێ و ترشمان بێ لە كاتی لێ‌كۆڵینەوەدا لە كێشەكانی شیعری كوردی ئەبێ هەر باسی عەرووز بكەین ، ئەوە تا دونیا دونیابێ ئەو شیعرە كلاسیكی‌یە كوردی‌یانە هەر ئەمێنن كە لەسەر عەرووز ئەڕۆن « وەكو شیعرەكانی بابا تاهیری هەمەدانی – شێخ أحمد جەزیری – نالی – كوردی – محوی .. هتد » بۆیە هەتا باس‌كردنی عەرووز لە شیعری كلاسیكی كوردی دەرناچێ ، بۆیە كە مامۆستا رەوف ئەڵێ : « دیراسە كردنی هۆنراوەی كوردی لە ژێر ئاڵای – عروضی عربیدا شتێكی رەواو شیاو نی‌یە بگرە دەستكێشانێكی راستەو خۆیە بۆ سەر چوارچێوەی زمانی كوردی و بنەڕەتەكانی . » وا بزانم مامۆستا « دیراسە كردنی شیعری كلاسیكی كوردی لەسەر بنەڕەتی عەرووزی » كەشتێكی ئیستەرەمە لێك نەكردۆتەوە لەگەڵ داوا كردنی كێشی عەروز بۆ شیعری كوردی » كە داوایەكی پووچ و بەتاڵە . بێ‌گومان راستەقینەی رۆیشتنی شیعری كلاسیكیمان لەسەر عەرووزو ساغ كردنەوەو پێشاندانی ئەو رووەی شیعرەی كلاسیكیمان كە ئاوێنەی دەورێكی تایبەتی لە ئەدەب و پەیوەندی‌ی سەردەمێكی تایبەتی ئەگێڕێتەوە . بە هیچ كلۆجێك ئەوە ناگەیێنێ كە باس‌كردنی عەرووز داواكردنیەتی بۆ شیعری ئیمرۆو سەپاندنی بەسەریا . نەء و هەزار نەء .. چونكە عەرووز (دخیل)ەو تەنها سەردەمێك دەسەڵاتی خۆی كێشا بەسەر شیعری كوردیدا وە ئەو كاتەی كە رۆژی ژیاندنەوەی میرات و كەلەپووری كوردی خۆماڵی لێ‌هەڵات پاشەكشەی كردو كشایەوە كون ..!! كە ئەدەبی كوردی شیعرەكەی رشایەوە و عەرووزی فڕێ‌دایەوە سەر مێزی عەرەبی ئیشێكی پەسندو شیاو جێگای ریزو حورمەتێكی ئەبەدی‌یە ئەو كۆتەی شكاند كە بەزۆر لە دەرەوە بۆی هێنرابوو و كرابووە دەست و گەردنی .. بەڵام سەیر ئەوەیە عەرەبەكانیش هەستیان بەوە كرد كە ئەم عەرووزە تەسك و تریسكەو توانایان پەك ئەخات « خەلقی تا ئێستا بە هەڵە لە عەرووز گەیشتوون ، خەلیل كە عەرووزی داهێنا بۆ ئەوەی نەبوو ئەم عەرووزە بكا بە تۆقێك و بیخاتە گەردنی شاعیرانی دوا رۆژەوە ، بەڵكو نرخی ئەركی پیرۆزی خەلیل لەوەدایە كە بەم كردەوەیە كێش و ئاوازە باوەكانی ئەو سەردەمەی لە نەمان و لە بیرچوونەوە پاراست .. گۆڤاری – الاداب – ژمارە (٣) ساڵی (٩٦٦) (تجربتی الشعریە) – أدونیس –» ئەوەی راستبێ « بەستنەوەی كێشی شیعر بەو شازدە كێشە ناسراوە وەكو – رەقەكار ـەكان داوای ئەكەن هەر هیچ ماقوول نی‌یە ... معروف الرصافی – الادب الرفیع ل ٢٦ » جا كە شیعری عەرەبی ئەم هەموو كۆتە هەڵنەگرێ كە خانەزای خۆیەتی؟ شیعری كوردی لە كوێ ؟ ئەبێ ئەوەشمان هەر لەبەر چاو بێت كە شیعری كوردی عەرووز بە خۆیەوە هەڵ ناگرێ یا ئێستا لەبەر خۆی دارنیوە ئەو پشت لە عەرووز كردن و گوێ پێ‌نەدانەی نابێتە بەرهەڵست بۆ لێ‌كۆڵینەوەی شیعری كوردی – ئەوانەی لەسەر عەرووز ئەڕۆن – لەسەر بنەڕەتێكی عەرووزی ، ئەم جۆرە لێ‌كۆڵینەوەش نەك دەستكێشان نی‌یە بۆ سەر زمانەكەمان بگرە پێویستی‌یەكی ناچاری‌یە !

ماوێتی

ماركسیزم و زانستی زمان

لەگۆڕینی : محمود زامدار

لەم كونجەوە ، زانستی‌زمان ، لە ئەندازیاری ئەكات كە یاساكانی خۆی ، بۆ خۆی‌دائەنێ ، بێ ئەوەی گوێ بداتە شتە ریالیزمی‌یەكان ، ئەم‌شتەكان بە چەند جەستەیەكی نادیارو ناریالیزمی ئەزانێ ،كە دەست‌نیشانی پەیوەندی – یەكانی نێوانیان – جەستەكان‌ بەدەرئەخا ، ئەو پەیوەندی‌یانەی كە شتێكی هەست‌پێ‌كراو نیەلەمەیان شتە هەست پێ‌كراوەكاندا ، بەڵكو چەند پەیوەندی‌یەكی مەیان‌جەستەكانە – بەشێوەیەكی گشتی – ، چەند جەستەیەكی بێ‌بەش لەگشت خاسیەتێكی ریالیزمی وهەست‌پێ‌كراو . بەپێچەوانەی سەرخانەوەش كەراستەوخۆ بەبەرهەمەوە بەند نیە ، بەڵكو لەرێی ئابووری‌یەوە بەبەرهەمەوە بەندە ، زمان یەكسەر وبەراستەوخۆیی ، بەچوست‌وچالاكی بەرهەم هێنەری مرۆڤەوە بەندە ،هەروا بێ چەندوچۆن ، بەندیواری بەگشت چالاكی‌یەكی تری هەموو مەیدانەكانی كاری ئادەمیزادەوە هەیە . هەر بۆیەش فەرهەنگی زمان یەجگار هەستیارە بەرامبەر ئەو گۆڕانانەی كە رووئەدات ، هەمیشە لەگۆڕانێكی بەردەوامی بێ‌پچڕانەوەدایە . پێویستە لێرەدا ئەوەش بدركێنین كە ، زمان ، بە پێچەوانەی سەرخانەوە ، هیچ ناچاری چاوەڕوانی‌كردنی لاچوون ونەمانی ژێرخان نیە ، ئەم – زمان – دەس ئەكاتە گۆڕین وجێ‌گۆركێ كردنی فەرهەنگی خۆی بەر لەداڕمانی ژێرخان وبەشێوەیەكی سەربەخۆیش لەباری ژێرخانەوە . كەچی فەرهەنگی زمان ، وەك سەرخانەكە ، بەهۆی داڕمانی كۆن وهاتنی نوێوە ، ناگۆڕێ ، بەڵكو بەپێی تەواوكردن وتازەكردنەوەی ووشەكان ،بەو ووشە تازانەوە ئەگۆڕێ ، كە لەئەنجامی رووداوەكانی رێژیمی كۆمەڵایەتی‌یەوە پەیدا ئەبێ ، وەهەروا لە ئەنجامی گۆڕانی بەرهەم وڕۆشنبیری وزانستەوە، تاد ..لەپاڵ ئەوەش – بەپێی عادەت – كە ژمارەیەك لەووشە گەندەڵ وكۆنەكان ، لەفەرهەنگی زمان لائەچێ وەدەوری نامێنێ ، لەهەمان وەختا ، ژمارەیەكی زۆر لە ووشەی تازەبابەت ئەچێتە ناواخنی ئەم فەرهەنگەوە . كەچی ناوەرۆكی بنچینەیی فەرهەنگی زمان ، هەروەك خۆی ئەمێنێتەوە ، ووەك بنچینەیەكی فەرهەنگی زمان كارگوزار ئەبێت .

تێ‌گەیشتنی ، ئەم زاهیرەیە فرەئاسانە . چونكە لێرەدا، چ پێویستیەك لەگۆڕێ‌دا نیە بۆ روخاندنی ناوەرۆكی بنچینەیی فەرهەنگ ،مادامەكی بەكارامەیی ، ئەتوانین بۆ ماوەیەكی درێژی قۆناغەكی مێژوویی بەكاری بهێنین . ئەمەو جگە لەوەی كە روخاندنی ناوەرۆكی بنچینەیی فەرهەنگ كە لەنێوان چاخەكاندا كۆكراوەتەوە ، ئەبێتە مایەی ئیفلیجی وهەراوزەنا وئاژاوە نانەوەیەكی تەواو لە پەیوەندی یەكانی نێوان كۆمەڵ ، لەبەر مەحاڵ‌بوونی ، دورستكردنی ناوەرۆكێكی بنچینەیی تازە بۆ فەرهەنگ ، لەماوەیەكی كورت‌بڕدا . هەروا ،گۆڕانی رێژیمی گراماتیكی‌ی لەزماندا، زۆر كزولاوازترە لەگۆڕانی ناوەرۆكی بنچینەیی فەرهەنگ ئەو رێژیمە گراماتیكی یەی كە لەنێوان سەدەكاندا دورست‌بووەو ، بووە بە گۆشت‌و خوێنی زمان . گۆڕانەكەی لەگۆڕانی ناوەرۆكی بنچینەیی فەرهەنگ گەلێ سست‌ترە . ئەمە راستە كە بەپێی رووبەڕووهاتنی رۆژگارەوە رووئەكاتە گۆڕان وتەواوبوون، وگراماتیكەكەی جۆرەها رێكخستن و پوختی و لێكۆڵینەوەی بەخۆیەوە ئەبینێ ، بەڵام بنكەكانی ئەم رێژیمە گراماتیكی‌یە بۆ ماوەیەكی زۆر زۆر درێژ بەردەوام ئەبێت وئەمێنێتەوە . چونكە هەروەك ئەم زاهیرەیە لەمێژوودا خۆی چەسپاندوە ، لەباریا هەیە ، بەكارامەیی ، خزمەتی كۆمەڵ بكات بۆ قۆناغێكی درێژەكێشی چاخەكان . بەم شێوەیە ، بناغەی گراماتیكی زمان ، وناوەرۆكی بنچینەیی فەرهەنگ بەدووقۆڵی‌یەوە ، بنچینەی زمان پێك‌ئەهێنن وكرۆكی نیشانە هەرەدیار وتایبەتی‌یەكانی زمان ، دەس نیشان ئەكەن .

مێژووی ئادەمیزاد خۆتوند كردن وبوون‌ومانێكی مەزن ورووبەڕووبوونێكی قارەمانانەی بۆ زمان تۆمار كردوە دژی پەل خوردكردنی زۆرەملانەی زمان . هەندێ لەزانایانی مێژوو ، لە جیاتی لێكدانەوە وراقە كردنی ئەم زاهیرەیە ، بەسەرسامی‌یەوە لەبەردەمی دۆش‌داماوون . كەچی ئەم مەسەلەیە جێگەی چ واق‌وڕمانێك نی‌یە .

خۆجیگیركردنی زمان بەندە بەجێگیربوونی رێژیمی گراماتیك وناوەرۆكی بنەڕەتی فەرهەنگەكەی . شوڤینیست وپەل خوردەكانی تورك بۆ درێژایی چەند چەرخێك هەوڵ‌وكۆششی لەپەلوپۆ خستنی زمانەكانی گەلانی – بەلقان – وداڕماندن وقەڵاچۆكردنی ئەم زمانانەیان‌دا هەر لەم قۆناغانەشدا فەرهەنگی زمانەكانی بەلقان جۆرەها گۆڕینی زلزلی بەخۆیەوە بینی وزۆرەها ووشە ودەستەواژەی توركی جۆراوجۆری بەخۆیەوە گرت ، وگەلێ‌گونجاوی‌ی وشتی جیاجیا هاتەروو ، لە پاڵ ئەوەشدا ئەم زمانانە ، بەردەوام

بڕوانە : ل ٧

كتێبی هاوكاری

سەرەتایەك لە فەلسەفەو رێبازەكانی

حمید عزیز

فیساگۆراس بڕوایەكی پتەوی بە (تناسخ)ی گیان هەبووەو لەو باوەڕەدا بووە كە گیان چەند جارێك لە لاشە جیا ئەبێتەوەو ئەچێ بۆ دۆزەخ و پاك ئەبێتەوە ئەمجار ئەگەڕێتەوە جێگاكەی خۆی واتە لاشە . وەئەڵێن فیساگوراس بە دەست كاریەوە ئەم رایەی لە ئۆرفەی هندستانیەوە وەرگرتوە .

جالەم بارەیەوە چەند شتێكی سەیری لێ ئەگێڕنەوە ، گوایە خۆی وتویە كە ئاگادارەو لەبیریەتی پێنج جار روحی چووە بۆ دۆزەخ و لەوێ پاك بۆتەوەو هاتۆتەوە بەری .

جارێكیشیان بەلای كابرایەكدا تێپەڕیوەو كابرا داركاری سەگێكی كردوە ، جا لەكابرا پاڕاوەتەوە كە واز لە سەگەكە بهێنی چونكە بەدەنگیدا ناسیویەتیەوە كە گیانی ئەو سەگە لەكاتی خۆیدا گیانی برادەرێكی نزیكی بووەو بەمردنی چۆتە لاشەی ئەو سەگەوە .

لەو هەنگاوە گرنگانەی فیساگۆریەكان ناویانە ئەوەبوو كە سەلماندیان خۆر مەڵبەندی گەردوونە نەك زەوی ، جا هەرچەندە ئەو قسەیەش راست‌نیە بەڵام لەو سەردەمەدا زۆر ئازاو دلێرانە بووە ئەویش بەشكاندنی قاوغی باوەڕێك كە نەك هەر باوو بوە بەڵكو پیرۆزیش بوە . لەلایەكی كەشەوە وتویانە زەوی لە سەرشێوەی بازنەیەك وایە چونكە بازنە (دائرە) تەواوترین فۆرمەو هەموو لایەكی وەكویەك لە مەڵبەندەوە دوورە ، وە بە ئاشكرایی ئەو قسەیە لەلایەن ئەفلاتونی داناوە دووبارە ئەبێتەوەو ئەیكات بە بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی بوونی خوا .

رێبازی فیساگۆریزم لەوباوەڕە دایە كە ئەسڵ و سەرچاوەی بوون ، گەردوون لە ژمارەو ئاواز پێك‌هاتووە(١) ژمارە بەواتای (عدد) وەكو مەفهومێكی رووت (مجرد) نەك مادی :

ئەمەش بە سەرەتای دروست‌بوونی رێبازی ئایدیالیزم دائەنرێ كە بە پێچەوانەی ئەوانەی لەپێشیەوە شتێكی نامادی دابنێ بە ئەساسێك بۆ دروست‌بوون و پەیدا بوونی هەموو شتێك جا نائاسایی و سەیر نیەكە فیساگۆراس لە لایەن ئایدیالیزمیەكانەوە بەگشتی بەرابەرێكی مەزن دابنرێت .

بەلای فیساگۆراسەوە ژمارە ئەكرێت بە دوو بەشەوە ، تاك و جووت ، ئەمانەش بەخاڵ (نوختە) ئەنووسرێن . وەنزیكەی (دە) شتی دژ بەیەكتری دەست نیشان ئەكات

بڕوانە ل ٥

وەرامی رەخنەگر لەسەر فەرهەنگی خاڵ

شیخ محمدی خاڵ

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

٧ – رەخنەگر ئەڵێ: نووسەر رێگایەكی راستی گرتووە لە راڤەی ووشەكانیا بەم رەنگە راڤەی (ئامشۆ)ی كردووە بە (هاتوچۆ) و (ئالۆشدار) بە (ئالۆشاویی) و (ئازادخوا) بە (ئازادخواه) ئینجا لە شوێنی خۆیا راڤەی (هاتوچۆ)و (ئالۆشاویی) (ئازادخواه)ی كردووە بە تەواویی ، بەڵام هێندێ جار لائەدا ، بەم رەنگە لە راڤەی (ئاپرۆ)(١) و (ئارۆ) دا ئەڵێ (ئەمرۆ) ، لە راڤەی (ئەمرۆ)شا ئەڵێ (ئیمرۆ) لە راڤەی (ئیمرۆ) دا ئینجا بە درێژی راڤەی ئەكا ، كەواتە ئەگەر یەكسەرئەم‌ووشانەی‌هەموو راڤە بكردایە بەئیمرۆ لە پاشا ئیمرۆشی بە تەواویی راڤە بكردایە با شتر ئەبوو ، چونكە ئەوی ئەو كردوویەتی رێگاكە درێژ ئەكاتەوە .

بەڵێ وایە ، بەڵام مەبەس ئەوەیە كە خوێندەوار بە شوێن هەموو ووتەكانا بگەڕێ ، وە هەموویانی بەر چاو بكەوێ تا ئاگادار ببێ .

٨ – رەخنەگر ئەڵێ : لە راڤەی هێندێ ووشەدا ووتەی (شت) نوسراوە بە بێ‌هوودە، وەك لە راڤەی (ئاخرەمیین)دا نووسراوە (دواترین‌شت) وە لە راڤەی (باش) دا نوسراوە (شتی چاك) كە ئەبوو هەر بنووسرایە (دواترین) و (چاك) .

بەڵێ ئەمە ئەگەر وا بوترایە هەڵە نەئەبوو ، بەڵام بۆ زیادە روونكردنەوە ئەو شتەی لێ زیادكراوە .

لە پاشا رەخنەگر هەربەمەندە وازی نەهێناوە ، بەڵكو پێشی لێ هەڵبڕیوە ئەڵێ : باشتر وا بوو كە ووشەی شت نەبوایە ، چونكەسەر لە خوێندەوار تێك ئەدا ، چونكە (دواترین شت) وا نیشان ئەدا كە (دواترین)هەر بۆ (شت) ئەبێ كەچی (دواترین كەس)یش هەیە ، ئەوسا خوێندەوار تێ‌ئەگا كە (دواترین) تەنها بۆ (شت) ئەبێ و بەس . هەر وەها جگە لە (شتی‌چاك) خۆ (كەسی‌چاك)یش هەیە .

لەم قسانەوە وا دەرئەكەوێ كە رەخنەگر لای وایە (كەس) شت نی‌یە ، لە كاتێكا كە هەرچی ببێ لە بوونەوەرا هەمووشتن ، بەئادەمیی و گیان‌لەبەرو گژوگیاو دارو درەخت و كوچك و بەردەوە ، بەڵكو شتی‌پڕو پووچی وەك پەریی سەر كێوی قاف كە هەر بەناو هەیە، هیچی‌تر ، شتە ، وەك لە راڤەی ووتەی (شت)ەوە دەرئەكەوێ لەم فەرهەنگەدا .

٩ – رەخنەگر ، رەخنەی گرتووە لە راڤەی (ئاسمان) كە نوسراوە (لای هەرە ژووروی سەرت) رەخنەگر ئەڵێ : مانای ئاسمان بەم راڤەیە هیچ ئاشكرا نەبووە ، جگە لەوەش خۆ ئەگەر مەردوم لە ژوورا بێ ئەوە لای هەرە ژووروی سەری بن میچە .

بن میچ لای هەرە ژووروونی‌یە ، بەڵكو لای ژووروی سەرە، لای‌هەرە ژوورو هەوروڕۆژو مانگ و ئەستێرەن، لەفەرهەنگی علمی عەرەبی‌دا راڤەی‌ئاسمان ئەكا بەم جۆرە ئەڵێ . (كل ما علاك فهو سماء) .قورئانیش ناوی هەوری بردووە بە ئاسمان ئەفەرموێ : (وأنزلنامن السماء ماء طهورا) واتە ناردمانە خوارەوە لە ئاسمان‌ئاوی پاك و خاوێن .

لە كاتێكا كە لە ئایەتێكی‌تر ئەڵێ : دڵۆپی باران لە هەوور ئەكەوێتە خوارەوە ، ئەفەرموێ(ألم تر أن الله یزجی سحابا ، ثم یوألف بینە ، ثم یجعلە ركاما، فتری الودق یخرج من خلالە) واتە بۆ نابینیت كە خوا هەوور ئەنێری ، لە پاشا ئولفەت ئەخاتە ناوێوە (بەم رەنگە نێرومێیان لەیەك ئەدا ، وە ئەو پارچانەی كە كارەبای ایجابی‌یان تیایە لەگەڵ ئەو پارچانەی كە كارەبای سلبیان تیایە تێكەڵیان ئەكا ، لە دوایی‌دا ئەم هەورانە ئەیان‌خاتە سەر یەك نهۆم نهۆم ، ئەو حەلە ئینجا تۆ دڵۆپی بارانە كە ئەبینیت كە دەرئەچێ لە ناو هەورەكەوە .

وا لەم ئایەتەدا فەرمووی : باران لە هەورەوە دەرئەچێ ، لە ئایە تەكەی پێشوو فەرمووی (وأنزلنا من السماء ماء طهورا) دیارە مەبەس لەم ئاسمانە ئەو هەورەیە كە بە ژوور سەرتەوەیە .

١٠ – فەرهەنگی خاڵ لە راڤەی (ئیمرۆ) دا ئەڵێ : ئەو رۆژەیە كە تۆی تیایت . رەخنەگر ئەڵێ : جگە لەم مانایە بە مانا (ئەم دەمە . ئەم چەرخە)ش هاتووە . ئەم مانایە مجازی‌یە ، مانای بە راستی « حقیقی » هەر ئەوەیە كە فەرهەنگی خاڵ نووسیو یەتی. هیچ فەرهەنگێكی عەرەبی بە « لسان العرب » و « قاموسی محیطی فەیروز ئابادیی » و « صحاحی جوهری » و « بحر المحیط » و « قطر المحیط » و « منجد » ... وە مانای مجازی‌یان نە نووسیوە ، بۆیە « زمخشری» « اساس البلاغە»ی نووسیوە هەر بۆ راڤەی مانای مجازیی بۆ ووتەی عەرەبی .

جگە لەوە ، هەر وەك ئیمرۆ بەم مانا مجازی‌یە هاتووە ، رۆژیش هەروا هاتووە ، كەواتە ئەتوانیت مانای ووتەی (رۆژ) لە راڤەی ئیمرۆدا لێ‌بدەیتەوە بە مانای (دەم)و (چەرخ)یش .

١١ – فەرهەنگی خاڵ لە راڤەی (ئاوانتەچی)دا ئەڵێ : كەسێكە كە شتی مەردوم بخوا، یا ببیا بە ئاوانتە .

رەخنەگر ئەڵێ : ئەم راڤەیە زۆر تەواو نی‌یە ، چونكە ووشەی ئاوانتەی لەئاوانتەچی‌دا بەكار هێناوە ، ئەگەر یەكێك لە (ئاوانتەچی) نەگا ، لە ئاوانتەش ناگا ، كەواتە باشتر وابوو لە باتی (ئاوانتە) خۆڕرایی بەكار بێنایە .

فەرهەنگی خاڵ لە پێشی پێشەوە راڤەی (ئاوانتە)ی كردووە بەو جۆرەی كە رەخنەگر ئەیەوێ ، واتە لە راڤەی (ئاوانتە)دا ئەڵێ : خواردن یا بردنی ماڵی مەردوم بە خۆڕرایی ، ئیتر ئەگەر لە راڤەی (ئاوانتەچی)دا (ئاوانتە) بووتری تعریف بە معلومە نەك بە مجهول . وەك لە پێشەوە ووتمان ئەمە شێوەیەكی تایبەتی‌یە لە هەموو جۆرە فەرهەنگێكا ، واتە لە راڤەی

بڕوانە : ل ٧

شارەكەم و بەڵگەو ئاگر

ناونیشانێكە بۆ نەمری ...
كڵپەیەكە قەت ناكوژێتەوە
دەریای تاریكی روون ئەكاتەوە
بەڵگەیەكە ، وەك گزنگی بەیان
شەوە زەنگ لە بەردەمیا .
سەر شۆڕ ئەكات و ئەڕەوێتەوە
لەشكری رووناكی‌یە
بڵێسەیەكی هەمیشەیی‌یە
لە ناو جەرگەی مێژووەوە
هەڵئەقوڵێ
بەڵكو خۆی مێژووە
لە بەر كرێوەی بەفرا ..
لە ژێر لێزمەی بارانا
لە سەرماو سۆڵەی چڵلەی
زستانا
هەزاران ساڵە
لەو وەختەوە كورد پەیدا بووە
ئەسووتێ و ئەسووتێ ...
نا كوژێتەوە ...

●

ئەی شارەكەی بابە گوڕگوڕ
كوورە ئاگرە نەمرەكەی
زەرادەشت !

●

ئەی ئەو زەمینەی
لە بەرە بەیانی ژیانەوە
لە رۆژانی ئیجگار دوورەوە
تا ئێستاش
تا وەكو خۆر لە رۆژ هەڵاتەوە
دەركەوێ
تا یەكێكمان لێ بمێنێ
گوڵزاری هیوامانێ
هەوارگەی دێرینمانی
لە لوتكەی چیای‌بەرزا
ئاڵای شەكاوەی
لە ئاهەنگی نەورۆزا
مەشخەڵێ نەكوژاوەی

●

باهەوری رەش بگرمێنێ
ناحەز لە باتی‌ی یەك
هەزارانمان لێ بمرێنێ
با بە هەرەشەو گوڕەشە
هەرچی لە دڵایە دەری‌بێنێ
ئەمانە هەرگیز تۆمان
لە بیرناكەن
سەرفرازی‌ی تۆمان
لە دڵ دەرناكەن
بەڵام ...
كەی ئاگرەكەت كوژایەوە
كەی بڵێسە هەمیشەیی‌یەكەت
دامركایەوە
ئەو وەختە
تەنها ئەو وەختە
زمانی بەرگری تا ڕادەیەك لاڵ
ئەبێ
بەڵام ...
هەموو پەردەیەك
راستی بشارێتەوە ...
هەموو بێژنگێك
بیەوێ‌خۆر داپۆشێ
چرنۆكی
مرۆڤی شەیدای رووناكی
دای ئەدرێ

●

چاومان بڕیوەتە ئاگرەكەت
خوێناومانە زێری رەشت
هی هەموو كورد
ووردو درشت
ئەی شارەكەی زەرادەشت

عبدالوهاب تاڵەبانی

institutkurde paris

پاشماوەی : یادداشتەکەی مامۆستایان ...

سەیری کردو لێت پرسی کیژ واتای چییە ؟ یەکسەر ئەڵێ (فلاحە) ناهەقیشی نییە چونکە گەر نووسینەکە نە بوایە ئێمەش هەر وامان ئەووت . هەروەها بۆ ووشەی کوڕ لاپەڕە (١١) کوڕێك دروست کراوە وبێڵێکی بەدەستەوە ، توێشە بەرەیەکی بەدەستی ڕاستی هەڵگرتووە ، هەر لە جووتیار ئەکات نەك کوڕ ئەگەر وێنەکان تەنیا وێنەی کوڕ یا کچێکی کورد بوونایە باشتر نەبوو لەوەی بێڵو توێشە بەرەو بۆیەکەم و داسی بۆ دووەم ساز بکرێت ؟.

٢ - لە وانەی شەشەمدا بە باسی (گوڵو عەبدوڵلا) کە عەبدوڵلا ئێوارە لە سەیران دێتەوە لە ڕێگا چەپکێك گوڵ ئەکاتەوە لە گوڵی (زەرد ، سوور ، سپی ، ئاڵ ، مۆر وەنەوشەیی‌و پەمەیی) بۆ هۆی ڕوون کردنەوە . بۆ ئەم گوڵو ڕەنگانە ، وێنەی کوڕێك کراوە کە لە ژێر درەختێکدا ڕاوەستاوە لە مێو ئەچێو لە دارێکی ترەوە ئاڵاوە، عەبدوڵلا هەر دوو دەستی درێژ کردووە بۆ ئەم هێشووە گولانەی بە دەرەختەکانەوە شۆڕ بوونەتەوە کە لە هێشووی ترێ ئەچن . ئیتر نازانین ئایا نەئەتوانرا لە جیاتی ئەم هێشووە ترێیانە وێنەی گوڵ دروست بکرێت یا کەمتەر خەمی دەوری خۆی لێرەدا بینیوە ؟.

٦ - بەکارهێنانی زۆر شێوەی زمانی کوردی :-

بۆ نووسینی بەرهەمێکی وێرەیی ، یا پەرتووکێکی قوتابخانە کە لە کوردستاندا ئەخوێنرێ قەی ناکات ئەگەر چەند ووشەیەك بەکاربهێنرێت کە لە شێوەکانی تردا باون بۆ ئەوەی خەڵك پێیان ئاشنابن بە تایبەتی قوتابی یان ببنە هۆی یەك خستنەوەی زمانەکە بۆدوا ڕۆژ (جگە لە هەندێك هۆی تر کە ئەبنە هۆی یەك خستنەوەی زمان) بەڵام بۆ پەرتووکێکی وا کە بۆ قوتابیی بێگانە دانرابێت نابێ ئێمە ووشەی زۆری جۆربەجۆر بەکار بێنین ، بەتایبەتی ئەو ووشانەی کە لە یەکێك لە شێوەکاندا گۆڕانیان بەسەردا دێت چونکە بەم شێوەیە سەر لە تازە فێربوو تێك ئەدەن .

بۆ نموونە کە دانەرە بەڕێزەکان ژمارەیان بەکارهێناوە ئەڵێن (یانزدە ، دوانزدە ، چواردە ، پانزدە) بەتایبەتی لەسەرەوەی وانەکان نووسیویانە (یانزدەهەم ، دوانزدەهەم ... هتد) بەڵام لە مەشقی (١١٥) داوا لە قوتابی ئەکەن وە ئەڵێن ئەم ژمارانە بە نووسین بنووسە (١١ - یازدە واتا قوتابی یش بنووسی دوازدە ، سیازدە ... هتد) ئەم جیاوازییە بۆ ؟ دوای ئەمە خەڵکی سلێمانی پیتی (د) نابێژن بە (بەغدا) ئەڵێن (بەغا) بەڵام بۆ نووسین نابێ کە (د)ەکە فڕێبدرێ وەکو (سندووق) کە نووسیویانە (سنووق) . جارێك بە (د)ەکەوە جارێکیش بێ (د) جگە لەوەی کە لە باری ڕێنووسی یەوە هەڵەیان کردووەو بە یەك (و) نووسیویانە .

نیشانەی کرداری ڕانەبوردوو (دە)یە هەر چەندە خەڵکی سلێمانی (ئە) بەکارئەهێنن ، بۆ ئەوەی زمانەکە ئەوەندە لکەی لێ نەبێتەوە نە ئەبوایە دانەرە بەڕێزەکان بۆنیشانەی ڕانەبوردوو هەردووکیان بەکاربهێنایە بەڵکە ئەبوایە تەنیا (دە)یان بەکار بهێنایە .

هەندێك ئامرازی پەیوەندی هەن وەك (بە ، دە) کە ناوێك لە دوایانەوە دێت وە پاشگری (دا) کە ئەگەرێتەوە بۆ ئامرازەکە لە دوای ناوەکەوە دێت وەکو (بە ئاسماندا ، لە ئاسماندا) وە دانەرەکان ئەمەیان بە ڕاستییەکەی وەکو سەرەوە بەکارهێناوە بەڵام لە هەندێ شوێندا (د)ی پاشگرەکەیان واز لێ هێناوەو هەر ئەلفەکەیان بەکار هێناوە وەك (بە ئاسمانا ، لە ئاسمانا) کە ئەمیش هەڵەیەو ڕاست نییە .

ناونیشانی وانەی دوانزەهەم کە (دزو منداڵ)ە ڕاست نییە هەر چەند کە لە وانەکەدا (منداڵ)یان نووسیوە ڕاستە تەنیا ناوونیشانەکە نەبێ کە (مناڵ) یان بەکار هێناوەو (د)ەکەیان لابردووە .

٧ - هەندێك هەڵەی ئاسان:

بێجگە لەو هەڵەو کەموکورییە گشتییانەی کە باسمان کردن ، هەڵەو ناتەواوی تریشی زۆر تێدایە با جارێ چاوێك بە بەرگی پەرتووکەکەدا بخشێنین ئەبینین ناوونیشانی پەرتووکە کە نوسراوە (سەرەتای خوێندنی کوردی نوێ) ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ووشەی (خوێندن)ە کە بە عەرەبی واتای (تدریس ، دراسە) ئەگرێتەوە ، بەڵام تا ئێستا چەند نووسراوێك دەربارەی ئەم پەرتووکە بە عەرەبی هاتووە کە ئەڵێ (مبادیء القراءة) کە (سەرەتای خوێندنەوە) ئەگرێتەوە بە کوردی ، واتا جیاوازی هەیە لە نێوان (خوێندن‌و خوێندنەوە دا ، ئەمە بێجگە لە ئامرازی پەیوەندی (ی) کە ئەبوایە لە نێوان (کوردی‌و نوێ)دا بنووسرایە واتا بەم جۆرە بنووسرایە (کوردیی نوێ) . چونکە لە باری یەکەم ئەم واتایە ئەگەیەنی (مبادیء دراسة الکرد الحدیث) وە لە باری دووەم کە بەڕاستی بنووسرێت ئەبێتە (سەرەتای خوێندنەوەی کوردیی نوێ) (مبادیء القراءة الکردیة الحدیثة) . لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە تەنیا لە ناوونیشانی پەرتووکەکە دوو هەڵەی تێدایە .

لە خوارەوەی بەرگەکەیدا بە ڕواری کۆچی‌و زایینی یان نووسیوە بەم جۆرە (١٩٣٠ك - ١٩٧٠ ز) کە هەردووکیان هەڵەن‌و لەهەڵە چاپییەکانیشدا چاکییان نەکردۆتەوە . ڕاستییەکەیان (١٣٩٠ك - ١٩٧٠ز) کە کورتەی زایینی ئەنووسرێت هەر پیتی یەکەمی ئەنووسرێ (ز نەك زە) .

هەڵەیەکی تریان کردووە کە جێی سەر سووڕمانە ئەویش ئەوەیە : سێ چوار وانەیان تەرخان کردووە بۆ ئەو پیتە عەرەبییانەی کە لە کوردیدا نین وەك (ص ، ث ، ط ... هتد) وە پەرتووکەکەیان بڕ کردۆتەوە بە ووشەی عەرەبی بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئەو پیتانە لە نووسین‌و زمانی کوردیدا بەکار ئەهێنرێن ، بەڵام کە ناوی خۆیان لەسەر بەرگی پەرتووکەکە نووسیوە ئەمانەیان هەموو لە بیرچووەتەوە وە یەکسەر ناوی خۆیان بە عەرەبی نووسیوە .

لە کوتایی هەموو وانەیەکدا واتای ووشەکانیان بە عەرەبی نووسیوە ، بەڵام لە هەندێ وانەدا ووشەیان بیر چووەو واتاکەیان لێك نەداوەتەوە کە چی چوونە لە وانەیەکی تری دوای ئەو وانەیەدا نووسیویانە کە پەیوەندی بە وانە تازەکەوە نییە ، وەکو ووشەی (پێخۆر) کە لە وانەی چوارەم دایە وە لە وانەی پێنجەم نووسیویانە . یا هەندێ ووشەیان زۆر دووبارە کردۆتەوە، وەکو واتای ووشەی (مەشق) کە لە وانەی یەکەمدا واتاکەیان نووسیوەو لە لاپەڕە (٢١ ، ٥٩) دوو جاری تر نووسیویانەتەوە .

لە کۆتاییی وانەی حەوتەمدا نووسیویانە (دەرس دەست پێ ئەکات) وە لە ووشەو واتادا نووسیویانە (دەرز - دەرس) وایان زانیوەکە لە پەخشانەکەدا ووشەی (دەرز)یان بەکار هێناوە نەك (دەرس) کە لە پەخشانەکەدا ووشەی (دەرز)ی هەر تێدا نییە .

لە وانەی حەفدەمدا نووسیویانە نەوزاد لە دانشگای زمانی کوردی دەر ئەچێت . ئەگەر مەبەستیان لە دانشگا (کلیە) بێت ئەمە تا ئێستا دانشگا واتای (جامعە) یەوە دانشگا واتای (جامعە)یە وە خۆشیان لە لاپەڕە (٤٢) بەکاریان هێناوە بۆ (جامعە) ووشەی (دانشگا) فارسییە نەك کوردی پێکهاتووە لە (دانش) واتا (زانست) وە گا واتە (شوێن) بە هەردوکیان واتای (شوێنی زانست) ئەدەن بەدەستەوە یان (زانستگا) کە ئێمە بۆ (کلیە) بەکاری ئەهێنین .

لە کۆتاییدا، ئێمە مەبەستمان لەم چەند سەرنجەدا تەنیا ڕاژەی زمانەکەیەو ئەمانەوێ شتی پوختە و تەواو بێتە کایەوە تا سەرمانی پێ بەرزبێتەوە ، وە نامانەوێ کەس وا تێ بگات کە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە لە نرخی خەڵکی کەم بکەینەوە . وە گەر دڵسوزی نەبوایە ئێمە خۆمان بە لێپرسراوی نەئەزانی ئەم کەم‌و کوڕییانە بخەینە ڕو .

لە دوایيدا چەند پێشنیارێك:

١ - پێویستە ژمارەی وانەکان بکرێت بە (٤) وانە لە جیاتی (٢) وانە چونکە دوو وانە کەمە .

٢ - بۆ ئەوەی زمانی کوردی سوود بەخش تر بێت بۆ برا عەرەبەکان پێویستە لە پۆلی چوارەمی ئامادەییەوە بخوێنرێت وە داخیلی تاقی کردنەوەی بەکەلۆری بکرێت .

٣ - پێویستە لیژنەی گۆڕین‌و وەرگێران لە کەسانێك پێکبێت کە زۆر شارەزای زمانی عەرەبی‌و کوردی بن خۆ ئەگەر شارەزایی یان لە زمانی فارسی‌و ئینگلیزیش هەبێت ئەوا باشتر ، نەك دۆستایەتی‌و (عاتیفە) کاربکاتە سەر هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنە .

پاشماوەی : شەڕی سیاو ..

تەواو لەم کاتەدا بوو کە ئەشرەفی خوشکی شای ئێران چووە لای براکەی وەدەستی کرد بە لۆمەکردنی ئەو و پێی گوت ناتوانی بڕیارێك بدات وە دوای ئەم کێشەیە ئەشرەف سواری فڕۆکە بوو چوو سویس و کوتوپڕ ژەنراڵ (شوارتسکیف) لەئێران پەیدا بووە ئەم کابرایە لەمەیدانی جیهانیدا ناسراو بو ، لە ساڵەکانی ١٩٤٢ تا ١٩٤٨ خەریکی تازە کردنەوەی دەزگای پولیسی ئێران بوو ، شوار تسکیف لەو ماوەیەدا لەگەڵ سەر لەشکر زاهیدی کە لەشهرەبانی‌دا کاری دەکرد بوە دۆست ، سەبارەت بەمە لە ساڵی ١٩٥٣دا ژەنراڵ شوار تسکیف کە دووبارە هاتەوە تاران بو ئەوە کە هاتنەکەی سەرنجی خەڵك ڕانەکێشێ ڕای گەیاند بۆ دیدەنی دۆستە قدیمەکانی هاتوەتە تاران .

(ئەندری تالی) دەنووسی : سوڤیەتەکان لە هاتنی ئەو بۆ ئێران بەتوندی ڕەخنەیان گرت بەڵام شوار تسکیف هەر خەریکی کاری خۆی بوو تەواوی

پاش نیوەڕۆی ڕۆژێك بە نهێنی لەگەڵ شا قسەی کرد ، سبەینێی ئەو ڕۆژە چوە لای سەر لەشکر زاهیدی و بەم جورە دەستی کرد بە دبینینی دۆستە قدیمەکانی کە لە شهرەبانی‌و قشون دا کاریان دە کرد .

ئەندری تالی دەنووسی : لێرەدایە کە شا (کوتوپڕ) تێ دەگا کە هێشتا پادشایە ،ڕۆژی ١٣ی ئاوت شا فەرمانی دەرکرد کە بۆنی شوورا تسکیف‌و زاهیدی لێ دەهات .

ئەندری تالی دەنووسی .

باسکردنی گیرانی فەرمانەی گاردی پادشایەتی لەشەوی ٢٤ی گەلاویژ وە ڕاکردنی شاو ثریا بۆ ڕۆم دەنووسی : لەم کاتەدا شوار تسکیف بەنهێنی خەریکی بەش کردنی پول بوو ، لەناو مخالفەکانی مصدقدا چەند کەسێك لەئێران کوتوپڕ دەوڵەمەندبوون لەپاشانی دەرکەوت کە شوار تسکیف ئەو وەختە لەماوەی دوو سێ ڕۆژ دا بەپێی نەخشەیەك کە لەپێشدا کێشرابوو پتر لە ١٠ ملیۆن دۆلاری بەسەر چەند کەسێدا بەش کرد بوو ، وە تەواوی ئەو پۆلە لە صندوقی بەیبت‌و بەرەکەتی دایرەی جاسوسی ئەمریکا درا بو .

(سیا چیە ؟) ئەمە ناوی کتێبێکەی (لیڤکوف)ی یوگوسلاڤیە کە دوکتورای هەیە لە حقوق دا، لەمەر هەڵسوڕانی تێك دەرانەی دایرەی ناوندی جاسوسی ئەمریکا - سیا - نوسیویەتی وەساڵی ١٩٦٧ لە بەلگراد چاپ‌و بڵاو کراوەتەوە لەم نووسراوەدا لەمەر کودەتای ٢٨ی گەلاویژ نووسراوە : (هیچ شك‌و گومانی تێدا نیە کە سیا لەڕوخاندنی مصدقدا ڕۆلێکی گەورەی ڕای کردوە) .

٦ی نوڤمبری ساڵی ١٩٦٧ گۆڤاری ئەمریکای (نیوزویك) ووتارێکی‌دریژی لەمەر ئێران‌بڵاو کردەوە کە لەوێ دانووسراوە : بەیارمەتی دایرەی ناوندی جاسوسی ئەمریکا بوو کە حکومەتی مصدق سەرەو نخون کرا ، وەشای لایەنگیری ڕۆژ ئاوا گەڕاوە سەر تەخت ، ئاخرەکەی حکایەتی کودەتای ٢٨ی گەلاویژ بەقسەکانی (کایلر یانگ) مامۆستای زمانی فارسی لە زانستگای (برنستون) دەبڕێنینەوە کە لە نطقی خوی‌دا لەزانستگای (هارەوارد) مانگی ئوریلی ساڵی ١٩٦٥ گوتی (ساڵەکانی ١٩٥١ - ١٩٥٣ ئەمریکا هوی ڕوخاندنی مصدقی پێك هێنا ، وە ئەمە ئەلبەتە دەبوو هوی‌قین‌و تورەی ، ڕاستە ئێرانیەکان میلی کردنی نەوتیان بەکاریکی ژوورەوەی ووڵات ، وە لەمەر حقی حاکمیەتی ئێران دەزانی ، بەڵام ئەوروپایەکان‌و ئەمریکایەکان بەتایبەتی ئنگلیزەکان لەم بڕوایەدا بوون کە ئەمە مەسەلەیەکی جیهانیە ئەمان دەترسان نەکوو کودەتایەك ڕوو بدات وەئێران بکاتە یەکی لەمانگەکانی کمۆنیزمی جیهانی بەڕاستی ئەگەر ساڵەکانی ٥١ - ١٩٥٣ مەترسی ئەمە بوو کەئێران ڕەگەڵ بلوکی کمونیزم بکەوێ وە ئەمریکا لەسوودو قازانجەکانی مادی‌و ستراتیژی خوی بێبەش بکا ، چی‌ڕوی دەدا) .

کایلر یانگ دەڵێ (چ پیوێست بو کە کەسێکی تایبەتی یا چەشنێکی تایبەتی حکومەت بەسەر ئێراندا بسەپێنرێ ؟) ..

ئەم جۆرە چاکردنەی ئێران شێوەیەکی ئیمپریالستی بوو دوای هەموو ئێرانیەکان تصدیقیان کرد کە وەزع لە وزە بەدەرە ، بەداسەپاندنی کەسێکی تایبەتی‌و چەشنێکی تایبەتی حکومەت بەسەر ئێران دا بو کە بێ بڕوایی بەئەمریکا بەلانی کەمەوە دەست پێ کرا .

پاشماوەی : دهۆك ...

(دەفتەری نفووس وخدمەی عەسکەری) ئەم کارو ئەرکە پیرۆزەی زۆر دواخست . تا ئەمرۆ تەنیاو بەس (دە) لە خێزانی شەهیدان مووچەی تەقاویتیان بەرکەوتوە ، لەگەڵ ئەوەش کە پتر لەساڵ‌ونیوێك بەسەر ڕێکەوتنی ١١ ئادارا ڕەتبووە . کەچی دوچاری گیروگرفتێکی زۆر هاتوین لەبەر ئەم مەسەلە گرنگە . بەڵام هێشتا هەر ئومێدەوارین وچاوەنۆری هەوڵی بەجەرگی ترین . لەپاشا مامۆستای تێکۆشەر سوپاسێکی گەرمی پیاوانی شۆڕشی کردو بەتایبەتی سەرکۆمار احمد حسن البکر لەڕووی چاوەدێری کردنیان بۆ ئەم شارە ساوایە .

ئینجا نێراوی ڕۆژنامەکەمان بۆ کوردستان ، گفتوگۆیەکی تری لەگەڵ ڕێبەری چاکردنی کشتوکاڵی شاری دهۆك مامۆستا هاشم محمد حسین‌دا کرد لەبارەی چاکردنی کشتوکاڵی ئەم هەرێمەوە ووتی : ڕاهێنانی چاکردنی کشتوکاڵ لەشاری دهۆکدا ، بەرێکە لە بەرەکانی ١١ ئاداری مێژوویی ئەو دەسکەوتە مەزنەی کە شۆڕشی بەعس لەعیراقا دەستی‌خست بەپێی لێکدانەوەیەکی زانستییانەی مەسەلەی نەتەوایەتی وبەپیرەوە هاتنی مەردانەی پارتی دیموکراتی کوردستان . ئەوەی کەمایەی خۆشبینی‌مانە ئەوەیە کە جەماوەری جوتیاران زۆر بەتەنگمانەوە دێن وڕۆژ لەپاش ڕۆژ دەرك بەوە ئەکەن کە گۆڕانێکی بنەرەتی لەباری کۆمەڵایەتی وگوزەرانیان لەکایەدایە . هەروا ووتی : هەرچەندیش شارەکەمان لەنێوان ئەو شارانەیە کەسەر بەبەرنامەی دووەمی تەواوکردنی عەمەلیەی دەس‌بەسەراگرتن ودابەشکردنە ، بەڵام ئەو بایەخەی کە وەزارەتی ئێمە ئەیدات بۆ دابین‌کردنی پێداویستەکانی ئەم کارە ، زۆر تین‌وتاومان پێ ئەبەخشێ بۆ تەواوکردنی ئەم ئەرکانە بەزوترین کات . جگە لەوەش ڕاهێنانی یاسای کشتوکاڵ لەم هەرێمەدا جوتیارەکانی خستە سەر ئەوە کە بە ئیلحاحەوە خۆیان داوای دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵ ودابەشکردنی زەوی‌وزار بکەن. وەئێستا چوار لیژنەی دەسبەسەراگرتن پێك‌هاتوە ، جگە لەپێك‌هاتنی سێ لیژنەی تر بۆ بەڕێوەبردنی زەوی‌وزارو عەقدگرتن بۆ بەکرێدانی ئەو زەوییانەی کە دەستیان بەسەردا گیراوە . هەروا بۆ یەکەم جاریشە ئەم هەرێمە مەسەلەی باس ودابەشکردنی زەوی بەخۆیەوە ئەبینێ . وە دوو باسمان بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکردوە بۆ دامەزراندنی دوو کۆمەڵەی هەرەوەزی تر وبەردەوامیشین لەپێك هێنانی زۆرەها کۆمەڵەی لەم بابەتە .

لەپاشا نێراوەکەمان ، گفتوگۆیەکی لەگەڵ مامۆستا علاء الدین سعید ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتی نووسەرانی کورد - لقی دهۆك - وڕێبەری تەحریری شاردا کرد ، کە ووتی : یەکیەتی نووسەرانی کورد ، لەمەش لقی دهۆکمان ، وەك هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستان ، بەرێکە لە بەروبوومەکانی ڕێکەوتنەکەی ١١ ئاداری مێژوویی ، ئەم یەکیەتی‌یەش خەونێك بوو کە ساڵەهای ساڵە لەنێو دڵ ومێشکی نووسەرانی کورددا ئەخولایەوە ،بەڵام حکومەتەکانی پێشوو ماوەی ئەم جۆرە ڕێکخراوانەی نەئەدا تاچاو بکەنەوە وبێنەکایەوە ، لەتەك ئەمەش ڕۆشنبیرانی کورد کەمتەرخەمیان نەکردوە لەدەرکردن وچاپکردنی نووسین وئەدەبیات بۆ گەلی کوردی قارەمان ، بەڵام دوای ١١ ئادار ئەم ڕێکخراوانە هاتنەمەیدان وبەپێی یاسا ماوەیان پێدرا ، لەمانەش یەکیەتی نووسەرانی کورد ، بۆیە بەپەلە کۆبونەوەی یەکەمی لقەکەمان لەدهۆکدا گیراو دەستەیەکی بەڕێوەبەری هەڵبژارد .ئەمڕۆش بەردەوامین بۆ دورستکردنی بارەگایەك بۆ یەکیەتی‌مان لە ناوشاردا ، وهەوڵێکی بێ‌شومار ئەدەین بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی مانگانە بەناوی (ڕەوشەن) تا ببێت بەدەنگی زوڵاڵی ئەدەبیاتی کوردیمان لە هەرێمی بادینان‌دا ، ئەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە مامۆستا هاشم عەقراوی دەورێکی زۆرباشی هەبوو لەپێك هێنانی ئەم یەکیەتی‌یەو هاندانی ئەدیبانی کورد وبەخشینی (١٠٠) دینار بەیەکیەتی‌یەکەمان ئێمە زۆر هیوادارین کەلقەکەمان لەم ساڵەی تەمەنی‌دا بتوانێ زۆر ئەرکی مەزن جێبەجێ‌بکات ، دوای ئەوەی توانی هەندێ لەتەنگ‌و چەڵەمەکانی چارەسەر کات ، تا شایانی ئەوە بێت ئەرکە پیرۆزەکانی خۆی بخاتە ئەستۆ لەپێناو بوژاندنەوەی کەلەپوورو ئەدەبیاتی میللەتی کوردی سەرفیراز ودەرخستنی ڕووی گەشی شارستانیەتی گەلەکەمان لەگشت لقەکانی ئەدەبیات‌دا ، بەچیرۆك‌و شیعرو شانۆگەری‌و فۆلکلۆرەوە کەمایەی شانازی میللەتی ئێمەی کوردە لەبەردەم بێگانەکان‌دا .

پاشماوەی : مارکسیزمو ..

کەوتنە بەرگری کردن وخۆپارازتن ، باشە ، چۆن‌و بۆچی ؟

چونکە ڕیژێمی گراماتیکی زمان وناوەڕۆکی بنەڕەتی‌ی فەرهەنگی ئەم زمانانە ، بەجووتە ، گشت ڕواڵەت ورەنگێکی خۆیانیان پاراست . لەمەوە ئاشکرا ئەبێ ، کە زمان وبناغەکەی ، بەرهەمی تاکەیەك قۆناغ نییە ، نا بەڵکو بەپێچەوانەوە ، بناغەی زمان وڕیژێمی گراماتیك وناوەڕۆکە بنەڕەتی‌یەکەی فەرهەنگی ، بەروبومی چەندەها قۆناغێکن ، ئەلوێ ئەوەش بووتری کە ، کەرەستەکانی زمانی نوێ لە چاخە کۆنینەکانەوە ڕسکاوە ، وبەر لەچاخی بەندایەتی‌یش لەو ڕۆژگارەدا ، زمانێکی بێ‌گرێ‌و گۆڵ‌و زۆر ڕەوان وخاوەن فەرهەنگێکی کزونەدار بووە ، بەڵام ڕیژێمێکی گراماتیکی تایبەتی خۆی هەر هەبووە - بەشێوەیەکی سادە وسەرەتایی - .

لەپاشا ، گۆڕانی بەرهەم وپەیدابوونی چینەکان وهاتنەکایەی زمانی نووسین ودورست بوونی دەوڵەت - کەپێویستی بە نووسین ونووسین‌کاریەکی ڕێك وپوخت هەیە لەکاروباری بەڕێوەبردن‌دا - . هەروا بۆ پێشەوەچوونی بازرگانی - کە پێویستی‌یەکی فرەی بە نووسین کاریەکی زل‌وپوختر هەیە . لەپاشا ، دەرکەوتنی ئامرازەکانی چاپ ونەشونماکردنی ئەدەبیات ... سەرتاپای ئەم ڕووداوانە ، بوو بەمایەی گۆڕانێکی فرەوان ، بەدەس پێشکەری دەسەڵاتداریەتی حوکمران وهاریکاری کۆمەڵانی خەڵك ،... لەزماندا . لەم ماوەیەشدا ، هۆز وتیرە ومیللەتەکان لەیەك دابڕ وبەش بەش ئەبوون وئینجا یەکیان ئەگرتەوە وتێك‌ئەچڕژان . لە پاشا ، زمانەکانی نیشتمانی وحوکومەتی نیشتمانی پەیدابوو وجۆرەها کودەتای‌شۆڕشگێرانە ڕوویدا وسیستەمە کۆنەکانی ژیانی‌کۆمەڵایەتی بەسیستەمێکی تازە گۆڕدران .

بەم ڕەنگە ... سەرجەمی ئەم ڕوداوانە ، گەلێ گۆڕانی گەورەی بەسەر زمان وپێش‌کەوتنی زمان داهێنا .

پاشماوەی : ئاهەنگی یەکێتی ..

کوتایی هات .

لەپاشا کاك جواد شێروانی ئەندامی باڵای یەکیەتی - ووتارێکی خوێندەوە، دەربارەی ئەم ئاهەنگە بایەخدارە وتیایدا ووتی :

(گەلان هەر تەنیا لەڕێی خوێندەواری وزانینەوە توانیویانە هەنگاوی گەورە بنێن ، بەرە وپیشکەوتن‌و سەر فیرازی وبەختیاری ..) لەپاشا دەوری یەکیەتی قوتابیانی کوردستانی ڕوون کردەوە ، ووتی : (یەکیەتی‌یەکەمان لەڕۆژی دامەزراندنی‌یەوە ، وەك ڕێکخراوێکی مێژوویی پێویست بەقوولی ڕەگی لەناو کۆمەڵانی قوتابیاندا داکوتاوە وبەوپەڕی شانازی‌یەوە مەشخەڵی پێشڕەوایەتی خەباتی قوتابیانی کوردستانی هەڵگرت وخواست وئامانجی قوتابی کوردی هەمیشە دەربڕیوە ،بەتایبەتی لەشۆڕشی ڕزگاری بەخشی ئەم دەساڵەماندا کە چەندین ڕۆڵەی دڵسۆزی ناردە ناو سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان لەگەڵ ڕۆڵەکانی تری نەتەوەکەمان بەرگی شەرەفی پێشمەرگەیی‌یان کردە بەر وگەلێکیان لەسەنگەرە هەرە لەپێشەوەکانی شەڕدا وەك (شەهید مأمون دباغ وسعدالدین ابراهیم وکاکە مناف .. تاد) گیانیان بەکوردو کوردستان سپارد .

ئەی قوتابیانی کوردستان :

وەکوو ئەبینن خەباتی نەتەوایەتی گەلەکەمان ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو سەرکەوتن ئەڕوات ، بەرابەری پارتی دیموکراتی کوردستان وسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی .

سەرکەوتووبێ خەباتی شۆڕشگێری گەلی کوردی تێکۆشەر نەمری وسەروەری بۆ شەهیدانی کورد وکوردستان بژی بزوتنەوەی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان .

پاشماوەی : مەرجەکانی ...

بەربەرەکانیشی نەکرد لەسەر مستوای‌دنیادا ئەوا خۆی ئەبێتە حزبێکی تەحریفی ، حزبی تەحریفیش مانای حزبی بورژوازی‌یەتە ، ئەگەر حزبێك بوو بە تەحریفی ، پرولیتار نابێت وە دەولەتێکیش تەحریفی‌یەت حوکمی بکات دەولەتێکی سوشیالیست نابێت .

ئەمانە زۆر بەکورتی ئەو مەرجانەن کە ئەبێت حزبی پرولیتاریا هەی بێت .

ئەم مەرجانە هەموویان بەیەکەوە گرێدراون وە هەموویان بەیەکەوە مەرجی پرولیتاری بوونی حزب دیاری ئەکەن .

پاشماوەی : وەرامی فەرهەنگی خاڵ

وتانا هەموو بەیەکەوە ئەبەستریتەوە بۆئەوەی مەردوم ناچار بکا بە تەماشا کردنی گەلێ ووشەی تر .

١٢ - فەرهەنگی خاڵ ڕاڤەی (ئاسان) ئەکا بە کاری سووکی بێ گیروگرفت .

ڕەخنەگر ئەڵێ : هیچ مەرج نییە کە کاری ئاسان‌و سووك بێ گیروگرفت بێ ، زۆر جار ڕێ ئەکەوێ کە کارێك سووکە، بەڵام گیروگرفتی زۆرە .

هەر کارێ کە گیروگرفتی زۆر بێ پێی ناڵێن : (ئاسان) با ئاو خواردنەوەش بێ ،یەکێك کە ئاوی بۆ قووت نەچوو - سا لە بەر هەر شتێك بێ - وە بە زۆر چەند دڵۆپێکی بۆ بچێتە خوارەوە، بەو ئاو خواردنەوەیە ناڵێن : ئاسان .

١٣ - فەرهەنگی خاڵ لە ڕاڤەی (ئاوەڵزاوا) دا ئەڵێ : مێردی خوشکی ژن .

ڕەخنەگر ئەڵێ : ئەگەر یەکێك خۆی مانای ئەم ووشەیە نەزانێ ، بە ڕاڤەکەیدا هیچی بۆ ڕوون نابێتەوە .

ئەمە بۆ کەسێك وایە کە کوردی نەزانێ ، یا شارەزای ئاهەنگی کوردی نەبێ ، ئەگینا یەکێك لە کوردی بگات چۆن لەم ڕاڤەیە ناگات ، بەڵکو من پێم وایە ئەم ڕاڤەیە ئەگەر تەرجەمە بکرێ بە هەر زبانێك کە تۆ ئەڵێیت ، خاوەنی ئەو زبانە کە لەگەڵ خوێندی‌یەوە ، خێرا ئەزانێ ئەوە چی‌یە ، وە فەرهەنگی خاڵ لە ڕاڤەی هەموو ووشەیەکا تێبینی ئەمەی کردووە .

فەرهەنگی خاڵ لە ڕاڤەی گیانداریکا کە من لێرەدا ناوی نابەم شتێکی نووسیوە وا ئەو ڕاڤەیە ئەنووسین بزانین خوێندەوار هەیە نەزانی ئەوە چی‌یە .

(...) وولاخێکە چوار پەل قەوی‌و بارەبەر ، دایکی ماینەو باوکی کەر .

کێ هەیە لە جیهانا نەزانێ ئەم گیانداره چی‌یە .

١٤ - فەرهەنگی خاڵ وەك لە سەرەتاوە باسی کردووە ، کەمانا یەك تەواو بوو خاڵێك دائەنێ ، واتە کە خاڵ دانرا مانای پێشوو تەواو ، ئینجا نۆرەی مانای دووهەمە ، وەك ئەم هەموو قامووسە عەرەبی‌و فارسییانەی کە بە دەستمانەوەیە .

ڕەخنەگر ئەڵێ چاك وابو ژمارە دابنێ ، ئەمەی کە ڕەخنەگر ئەیڵێ باو نییە، دووهەم جێگا زۆر ئەگرێ .

ئیتر زۆر سوپاسی کاك ئەورەحمان ئەکەم بۆ ئەم وورد بوونەوەیەی ئەگەر بیری منیش نەگۆڕرێ بیرێکی پاك‌و تەمیزی دامێ دەربارەی خۆی ، کەوا خوا ڕەوای بینێ لاوێکی خوێندەوارمان بە ڕێگاوە بێتەوە بۆ وولاتە دواکەوتۆکەی بە چرای زانین‌و زانیارییەوە ، خوا وێنەیان زۆرکا .

پاشماوەی : ئاگری جیایی ..

وەك چۆن من هەنگاوەکانم لەم زەمینەدا ،
ئەسوورێنەوە ..!
چونکە قاچەکانم ..
نیوەی زەمینیان بزرکردووە ..
چەند لە ئێواران ..
هە ستم کردووە کەوادڵم ئەڕووخێ ..
چونکە نیوەکەی تری- خواروو -
بزرە !!..

ژمارە (٣٦)
(٩)ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١

بەرهەم ... بارزانی ... هەڵوێستی

کاسەلێس و دوژمنان .. ئەمجارە جیاوازتر لە جارانیان .. بە پەرۆشترو بە پەلە ـ وەك ویستبێتیان دووایی بە هەموو شتێك بهێنن ـ ، (گیان فیداکارانە !!) لە پێناوی بەجێ هێنانی ئامانجێکی (ئێجگار مەزندا !!) و لەژێر پەردەی (ئایین‌دا !!) و .. بە پەڕاوی ئایینی (بارووتاوی‌یەوە !!)و .. بە بۆمباو ساروخ و بێ‌تەلەوە .. هتد ، کەوتنە رێی (هات‌و نەهات) بۆرماندنی (قەڵا) و دروستکردنی (نەمری !!) بۆ خۆیان‌و ئاغاکانیان .

ویستیان ـ بارزانی ـ یەك‌لەناو بەرن کە هەر ساتێکی ژیانی هەزاران چقلی چاویانە .

ویستیان دەنگێك خەفە بکەن‌کە هەر وتەیەکی هەزاران گوللەی پڕ لە ژانە ..

ویستیان دڵێك لە کار بخەن‌کە هەر چرکەیەکی تەقینەوەی هەزاران بۆمبای سووتینەرە بەروویانا .. بە چاویانا .. بە ناویانا .

ویستیان لەگەڵ ویردو دۆعاو قسەو پیاهەڵدانی شیرینیانا !! وەك دیاری‌یەك (پەڕاوی مەرگ)ی پێشکەش بکەن .

ویستیان بە لەناوبردنی ئەو .. سێلاوی خوێن‌و فرمێسك لە هەموو بستێکی نیشتمانا هەڵبەستن ، جارێکی‌تر شارەکانمان .. چاوی منالانمان بکەن بە گۆڕستانی خۆلەمێش‌و .. پشکۆی حوزەیرانێکی‌تر بچزێنن بە دڵی هەموو دایك‌و خوشکێکی تردا . ویستیان گڕو بڵێسەی چاوی پێشمەرگە قارەمانەکانمان بکوژێننەوە .. دەنگی سەنگەر کپ بکەن .. دەنگی رابەر کپ بکەن ..

لە دووڕیانی ـ هات‌و نەهات‌ـی خواست‌و مەبەستیانا ... رێی ـ نەهات ـ هەڵی‌لووشین‌و لەگەڵ لەعنەتی گەلاو لەگەڵ گوللەی تۆڵەدا بە ناخی ئەرزی خیانەتکاریا چوونە خوارێ . (ئەمە بوو ئەنجام).

بەڵام ئەنجامی هەرە گەورەو مەزن .. (لە دڵی هەموو یەکێکمانایە) .

ـ ماری حەوت سەر هەرفیشکەی دێ .
ـ دوژمن هەر زیتەی چاوی دێ .
(ئەی ئێمە ..؟)
ـ بارزانی .
ـ شۆڕش .
ـ هەموو پێشمەرگەیەکی نەبەزو مەرد .
واین بەسەر پێوە .. واین بە رێوە .

وشیارو ئاگادارین ، چاوی شەهیدانمان هەموو جووڵەیەك ئەبینێ ..

گوللەی خەباتمان هەموو دوژمنێك ئەپێکێ .
(چی تر ؟؟ ..)

ـ زۆری تر .. بەڵام لەدوارۆژا ئەبیسترێ ، لە دڵمانا لە لاپەڕەی تەمەنی ئەمڕۆێ هێشتا نەنووسراومانا ئەنووسرێ .
(ئەوەی ئێستا مەبەست بێ) .

پاش ئەم ئەنجامە .. بەرەو ئەنجامی گەورەو مەزنتر بڕوێن ..

بیرمان ،.. گیانمان .. لەشۆڕشدا تێکەڵ ببێ .. شۆڕش .. سروودمان بێ ..
کوردستانمان بێ .

هەر یەکەمان وەك هەموو دڵسۆزێکی گۆرانی‌ی ناو سەنگەرەکان ..

وەك پەڵەی خوێنی هێشتا تەڕی ناوچەوانی شەهیدەکانمان
لەگەڵ شۆڕشا بین ..
لەگەڵ بارزانی‌دا بین .

جلال میرزا کریم

بائەمساڵمان ساڵی یەکێتی و سەرکەوتن بێت

ئەی جەماوەری قوتابیانی تێکۆشەر .

لەگەڵ دەست پێ‌کردنی ساڵی نوێی خوێندن چەپکێك لە سڵاوی ئاگرینتان پێش‌کەش ئەکەین وە پڕ بەدڵ ئەو ئاواتە ئەخوازین کە ئەم ساڵمان بەخۆشی وسەرکەوتوویی بەرینەسەر لە سێبەری ئاشتی‌وزانستی‌و برایەتیدا .

خوشك‌و برایانی قوتابی : وەك یەکێتیمان بەشێکی خۆری کوردستان دەردەکەوێ کە قوتابیان لە رێکخراوێکی وەك یەکێتیمان بەشێکی جیا نەکراوەو کاری گەرە لە قۆناغە مێژوویی یەکانی تێکوشانی گەلی کوردی چەوساوەمان وە هەردەم قوتابیان لە ڕیزەکانی پێشەوەی شورش گێڕان بووینە لە پێناو گوزەرانێکی دوور لە چەوساندنەوەی نەتەواویەتی‌و چینایەتی وە (حکمی زاتی بۆ کوردستان لە عیراقێکی دیموکراتی شورشگێردا) هەروەك سەرۆك بارزانی ئەڵێ : ـ

« قوتابی سەری ڕمە بۆ هەموو بزوتنەوەیەکی نیشتمانی لە سەر رووی گێتی دا .. »

بۆ ناسین دۆست‌و دوژمن‌و لابردنی گەردو تەمی دووا کەوتن لە رووی سروشتی نەتەوەو نیشتمانەکەمان لە باری رامیاری‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە .

مێژو بە شانازیەوە ئەلقەی تێکوشانی ئەمساڵیش بە زنجیرەی قوربانیەکانی ساڵانی رابووردوو گرێ داو خۆری ساڵێکی نوێ لە ئاسۆی ریزەکانی کورد هەلهات .. بەخامەی دڵسۆزی‌و بەگیانی لە خۆ بووردن‌و بە بڕوایەکی پتەو بەرپەچی نەخوێندەواری‌و نەزانی‌و دواکەوتن بدەینەوە .

ئەی قوتابی دڵسۆز :

دووبارە وەبیرتان دەخەینەوە کە پێویستە وەك بەشێکی رۆشنبیری میللەتەکەمان خۆتان‌و دۆست‌و دوژمنەکانتان بناسن‌و ئەرك وپێویستەکانی سەرشانتان لە بیرنەچێ . ئەوەش لە خەباتێکی دوولکانە خۆی دەنوێنێ :ـ تێکۆشانی خوێندنی قوتابخانەو ئەنجامدانی ئەرکەکانی رۆژانە، بەشێکی پێویستە بۆ تێکوشانی پیشەیی‌و نیشتمانی یەکێتیمانەوە .

بۆیە لەم رۆەوە بە بۆنەی ساڵی خوێندنی نوێوە ، بانگی هەموو قوتابیەکی دڵسۆزو تێکوشەر ئەکەین تا بەپەرۆشەوە گوێ رایەڵ بن‌و گرنگی بە فەرمانەکانی قوتابخانەو ئاراستەکانی ماموستایان و جێ بەجێ کردنی ئەرکی رۆژانەی ئەمساڵیان بدەن ، چونکە زیرەکی وباڵا بووین هەرقوتابیەك بە بەرهەمی خەبات‌و خزمەتی گەلە چەوساوەکەمان ئەزانین . واتە نموونەی خۆ ورەوشت‌و ووریای بن .

هەمو قوتابیەکی هاونیشتمانی کورد بزووتنەوەی (کوردایەتی) شورشگێرانە بە کارێکی پیرۆزی سەرشانی خۆیان ئەزانن . وە لە سایەی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و لە ریزی (یەکیتی قوتابیانی کوردستان) تێدەکۆشن بە پەیڕەوی پروگرامی نەخشە کێشراو سەرەتاکانی رێکخستن‌و یەکێتی بیروڕای قوتابیان دەستەبەری رێکخستن‌و سەرکەوتنە لە خەباتی بێ ووچانا .

ئێوەن رۆڵەی دوا رۆژو مەشخەل هەلگری مللەتە چەوساوەکەمان لە دوا رۆژ بۆ دروست‌کردنی ژیانێکی سەربەست‌و پڕ لە کامەرانی .

دەسا با بەخامەیەکی ژیرانەو روشنبیریەکی پیشکەو تووانە جەرگی تاریکی نەخویندەواری لە کوردستان هەڵ درین .

ئیتر بۆ پێشەوە لە ژێر ئاڵای یەکێتیەکەمان ، یەکێتی قوتابیانی کوردستان تاکە پێشڕەوی جەماوەری قوتابیانی کوردستان .

یەکێتی قوتابیانی کوردستان
لقی هەولێر
عیراق
١٨ـ٩ـ١٩٧١

خاوەنی ئەم ئو تۆمبیلەی کەلە یەکێك لە پایتەختە ئەوروپای‌یە رۆژئاوایەکاندا بینراوە ، ئەم مۆدەیەی‌داهێناوە ، ئەمە دوور نی‌یەببێت بە سەردەمێکی نوێ لە بۆیەکردنی ئۆتۆمبیلدا بەوەی‌وێنەی کاریکاتۆری لەسەردروست بکرێت .. وێنەی‌وا کە لەگەڵ جل‌و بەرگەسەیرەکانی ئەولاوانەدا رێك‌بکەوێت .. لاوانی ئەوروپا لە دنیایەکی شیتی‌دا ئەژین .. ئەو رێکایە بەرەو کوێیان‌دەبات ؟!!

ڕارایی وای لە لاوانی ئەوروپا کردوە کە لەهەمووشتێکی ئاسایی رابکەن‌و دوای شتی سەیربکەون ، هەتا ئەوڕادەیەی کە دوایی خۆشیان‌دەستەو ئەژنۆ بەرامبەر ئەو شتە دابنیشن‌و نەزانن چیان‌ئەوێت .

مۆدەیەکی نوێی ئۆتۆمبیلی لاوان

پادداشت : ٢٥٠٠ دۆلار .
پەهلەوی (لەقەبەکەی شاهەنشا
ئیش : شا .
تەمەن : ٥١ ساڵ .
خەڵکی ئێرانە .

ئاگاداربن : چەکی پێیە .
ئەم تاوانبارەی بە دوایائەگەرێین ، سەرەکی دەستەیەك چەتەیە کە (١٨) ساڵە لە لادێ‌وشارەکانی ئێراندا خەریکی دزی‌و جەردەیی‌و کوشتنی خەڵکی‌یە .
وە بۆ زانین بەم نزیکانەلەگەڵ دۆستەکانیا لە (تەختی جەمشید) دەر ئەکرێت .

WANTED !
BEL. 2500 $
Pahlewi SPITZNAME :(KÖNIG der KÖI

BERUF : KAISER
ALTER : 51
PERSER

● بە بۆنەی ئاهەنگ گێرانی تێپەڕبوونی ـ ٢٥٠٠ ـ ساڵ بەسەر حوکمی شاهەنشاهیدا لە ئێران لە شاری (تەختی جەمشید) . کۆنفدراسیونی جیهانی قوتابیانی ئێران ئەم وێنەیەی بڵاو کردۆتەوە کە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە .

vorsicht! bewaffnet

Der GESUCHTE ist der CHEF einer Bande, die seit 18 Jar in Persischen Städten U. Dörfern MORDET U. PLÜNDERT Er wird sich vermutlich in nächster Zeit mit seinen HINTERN MÄNNERN in PerspoliC treffen .

هاوکاری و خوێنەران

● برایان (عبدالله زەنگەنە عبدالخالق سەرسام ، بەکر گەردی لە هەولێرەوە ، ستار شیخ عبدالله بەرزنجی،مەهدی ئومێد گەرمیانی ، لەطیف چالاك لە سلێمانی‌وە ، جەودەت حەسەن ساڵەیی ـ لە کەرکووکەوە) هیوادارین بەرهەمی داهاتووتان سەرکەوتووتر بێت .

● کاك محمد حمەباقی لە سلێمانی‌یەوە :
خەو بە جیهانێکەوە ئەبێنم لە ژمارەی چواری ساڵی یەکەمی ـ هاوکاری ـ دا بڵاوکراوەتەوە لە گۆرینی کاك عبدالله عباس ، ببورە (١١ی ئەیلول)یش درەنگ گەیشت .

● کاك وریا بڵباس لە هەولێرەوە :
(هۆشەنگ‌و قوتابخانە) لەرووی دارشتنەوە سەرکەوتوو نەبوو .

● کاك جەلال خۆشناو لە شەقڵاوەوە :
هیوادارین هاوکاری بێ‌بەش نەبێ لە بەرهەمی داهاتووتان

● کاك قۆباد بێ‌خەم لە کۆیێ :
سوپاسی هەستی بەرزت ئەکەین هیوادارین هەمیشە یارمەتیمان بدەن ، (کونەپەرست) لەرووی دارشتنەوە سەرکەوتوو نەبوو، بریا لە بۆتەی پەخشانێکا بتنووسیبا .

● کاك عبدالله عبداللطیف لە چەم‌چەماڵەوە :
هیوادارین بەشێوەیێکی فراوانترو لەسەر پەرەیێکی سپی‌و خاوێن بەدەست خەتێکی خۆش دەربارەی بزوتنەوەی ئەدەبی‌و هونەری لە چەمچماڵەوە بۆمان بنووسی .

● کاك عباس عبدالله یوسف لە هەولێرەوە :
کاکی برا ئێمە نووسینی کەس بە (واسطە بڵاوناکەینەوە ، بۆ نموونە نووسینەکەی تۆ (هەڵوێستێکی خراپ لە کۆشکی شاهی شاهانا) کە .. ببورە !!

● کاك صبحی غفور ساڵەیی :
بەراوردکردنی ئەو شخصیاتانە بۆ پارچە نووسینێکی سیاسی ئەبێت نەك بۆ پەخشانێکی ناسك ، یا شیعرێکی بە سۆز !! (دژایەتیت ئەکەم ...) سەرکەوتوو نەبوو .

● کاك جەوهەر کرمانج لە هەولێرەوە :
برام بروابکە مەسەلەکە وایە وەکو لەمەوبەر پێمان ووتی ، شتەکان گەلێ لاوازن ، هیوادارین لە داهاتوودا چاکتربن .

● کاك مەعروف عمر بەرزنجی لە کەرکوکەوە :
سوپاست ئەکەین ، بەڵام ئەگەر شتمان بۆ بنووسی چاکترە لەوەی کە بۆ ئێمەت ناردبوو .

کاك حەسەن عەوڵانی :
هەڵبەستەکەت (بەشەمال دا) لەرووی دارشتنەوە سەرکەوتوو نەبوو ، چاوەرێی بەرهەمی باشترین .

سکاڵای خێزانێکی شەهیدو نەخۆشخانەی سلێمانی

(ئەمە سکاڵای خێزانی یەکێکە لەو شەهیدانەی کە ژیانی خۆی بەخشیوە بە خاکی کوردستان ، خاوەنی ئەو سکاڵایە ئەڵێت : من ئافرەتێکم شەش منداڵم بەسەردا کەو تووە .. باوکی ئەو منداڵانە لە پێناوی کوردستان‌دا شەهیدکراوە ..)

ماوەیەکی زۆرە تووشی نەخۆشی‌یەك بووم هەرچیم بەدەستەوە بوو سەرفم کرد ، هەتا هیچم بەدەستەوە نەما ، ئەوسا پەنام بردە بەر یەکێتی‌ی ئافرەتانی کوردستان‌خوشکی لێ‌پرسراوی ئافرەتان دڵسۆزانە ئەوەندەی لە توانایداهەبوو یارمەتی دام .. بە قسەی دکتۆرەکان زانینی نەخۆشێکەم پێویستی بە « ئەشیعەی رەنگاورەنگ » هەیە بەڵام ئەشیعەی رەنگاو رەنگ چۆتە کۆڵی شێروچنگ ناکەوێت ، چونکە نرخی گرتنی ئەو ئەشیعەیە لەدەرەوە ٣٫٥٠٠ دینارە کە ئەو پارەیەش ئێگجار زۆرە بۆهەژارێکی بێ دەرەتانی وەك من .. وە لە نەخۆشخانەش ئەڵێن : مەکینە کە شکاوە !! زیاتر لە هەفتەیەکە بە نەخۆشی‌هاتووچۆی نەخۆشخانە ئەکەم کەچی ، مەکینە هێشتا هەرشکاوە !! « هەروەك بڵێن بڕۆ لە عیادەیەکی دەرەوەئەشیعە وەرگرە » .

سەرەڕای ئەوەش ، شەپۆلی نەخۆش لەبەر ژووری دکتۆرەکاندا پەنگی‌خۆاردۆتەوە کەچی ئەو دکتۆرانە وەك بەزەیی‌ودڵسۆزیان لە دڵدا نەمابی خەریکی قسەو گاڵتەی بەینی‌خۆیانن‌و .. ئازاروو کوێرەوەری ئەو خەڵکەلێ‌قەوماوانە بەدەست خەستەخانەی سلیمانی‌یەوەئەخەینە بەر چاوی دڵسۆزان‌و کورد پەروەران هەتا ئەوان‌چارێکی بۆ بدۆزنەوەو بەزەی‌یەکیان بەو خەڵکە بێ‌دەرەتان‌و رەش‌و رووتەدا بێتەوە .

کافیە رحیم
گەرەکی خەبات
سلیمانی

لەم گۆشەیەوە

ئەو نۆکەرە ئەڵقە لە گوێ‌یانەی کە بە ناپاکی گۆش‌کراون ئەبێ هەتا دوا پشوویان هەر ناپاکی‌و پیلانی گڵاو پەق بدەنەوە ، ئەو تاقمە تەنیا لەبەر خاتری بەرژەوەندی ناڕەوای خۆیان ئەوەیان هیچ بەلاوە مەبەست نی‌یە ئەگەر وڵات لە گۆمی خوێندا نوقم ببێت‌و سەراپا ژێرەو زەبەریش بێت ..

ئەم مەبەستە چەپەڵەیان هەستێکی وای پێ پەیدا کردوون کە بتوانن خۆیان لەناو کۆڕدا وون‌کەن‌و لەژێر پەردەی دڵسۆزی‌و بەرژەوەندی گشتی‌دا خۆیان حەشاردەن‌و خۆ هەر ئەگەر هات‌و مەسڵەحەتیان کەوتەمە ترسی‌یەوە دوای نەخشە کێشانێکی ورد وەك مار سەر لە کون دەهێننە دەرەوە بۆ پێوەدان .

دوا دەست وەشاندنی ئەو تاقمە نەفرەت لێکراوانە ئەو هەوڵە بێ ئابڕویانەیان بوو کە لە رۆژی ٢٩ی مانگی ئەیلولدا دایان بۆ لەناو بردنی سەرکردەو پێشەوای بزووتنەوەی نەتەوایەتی میللەتەکەمان « بارزانی » مەزن ..

ئەو دەستە چەپەڵە ، بەو پیلانە گڵاوە دوور لە کرداری پیاوەتی‌یەوە ئەیان ویست بە « بەردێك دوو نیشان بشکێنن» ئەویش لەلایەکەوە رێکەوتنی ١١ی ئادار بروخێت‌و دووبارە برا کوژی لە کوردستاندا هەڵگیرسینرێتەوە ، وە لە لایەکی تریشەوە بە هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەسەڵاتی نیشتمانی بێ هێز بکرێت ئەمەش وەك رێگا خۆش کردن بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بۆ عیراق .

جارێکی تریش بەو پیلان گێڕانە نیشان درایەوە کە میللەتەکەمان لە نەخشەو پیلانەکانی ئەوان زۆر بەهێزەترە ، وەك ئەمجارە بۆی ئیسپات کردن زۆر جاری تریش بۆیان ئیسپات دەکاتەوە کە پێشەواکەی زۆر لەوە گەورەترە کە چەند چەپەلێکی بەکرێ گیراوی ئەڵقەلەگوێ بتوانن لە ناوی بەرن چونکە زاتی ئەو نیشانەی سەربەستی نەتەوەکەمانەو نەتەوەکەشمان هەمیشە ئامادەیە ژیانی خۆی بەخت بکات لە پیناوی سەربەستی . نەمری بۆ نەتەوەکەمان‌و تەمەنی درێژ بۆ پێشەوا مستەفا بارزانی .. مردن بۆ هەموو پیلان گێڕان‌و ژێر کەوتن بۆ پیلانەکانیان .

نوری حەیران

institut kurde de paris